# ئێتیك و یاسا
# له میدیای كوردیدا

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە (٦٦٠)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

**www.serdem.net**

**kteb@serdem.net**

# ئێتیك و یاسا
# لە میدیای کوردیدا

**"چەند توێژینەوە و وتارێك، دەربارەی میدیا و میدیای کوردی"**

**د. هێرش ڕەسوڵ**

**سلێمانی ٢٠١٣**

ناوی کتێب: ئێتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا

نووسینی: د. هێرش ڕەسوڵ

بابەت: ڕۆژنامەوانی

دیزاینی ناوەوە: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٣

کوردستان _ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٨٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێ دراوە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

ڕەچاونەکردن و پەیڕەونەکردنی ئێتیك و یاسا، وەك دوو گرفت و ئاستەنگی گەورەی میدیای کوردی، لە هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتیی پیشەیی لە لایەن میدیاکارانی هەرێمی کوردستان و نەبوونی پەیوەندییەکی هاوبەرپرسیاریەتی لە نێوان میدیا و دەسەڵاتدا، سەرچاوەدەگرێت.

**ئەم کۆمەڵە توێژینەوە و وتارە**

**پێشکەشە بە ڕۆحی هەریەك لە :**

**سۆرانی مامە حەمە..**

**سەردەشت عوسمان..**

**هێرش**

# پێرست


| | |
|---|---|
| وتەیەك | ١١ |
| ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی(دەسەڵاتی چوارەم) لە هەرێمی کوردستاندا | ١٣ |
| یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا لە نێوان ئێتیك و ئازادیدا | ٧٩ |
| ڕۆژنامەنووسیی کوردی.. دەسەڵاتێکی بێدەسەڵات و ناچاودێر | ٩١ |
| غیابی ئێتیك لە میدیای کوردیدا | ١٠٧ |
| پرۆژەیەك بۆ گەڵاڵەکردنی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان | ١٢٧ |
| ڕێکلام لە نێوان ئێتیك و یاسای ڕاگەیاندندا | ١٣٥ |
| پرۆژە دەستووری هەرێم، ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی سنورداردەکات | ١٤٣ |
| واقیعی هەرێم و ئەنجوومەنی ڕاگەیاندن | ١٥١ |
| با تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان نەبێتە کولتوور | ١٥٧ |
| ڕۆژنامەی ئازاد و فشاری مەدەنی لە نێو گەمەکانی حزبدا | ١٦٣ |
| میدیای بینراو و ئێتیکی پیشە | ١٧١ |
| ڕۆژنامەنووسیی زەرد و میدیای کوردی | ١٧٧ |
| کەمپینی هەڵبژاردنەکان و ئێتیکی میدیاکان | ١٨١ |

| | |
|---|---|
| زمانی ڕاگەیاندنی بیستراوی کوردی | ١٨٥ |
| ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی و "پێم وایە"! | ١٨٩ |
| ڕۆژنامەنووسی ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووسی ئارەزوومەند | ١٩٣ |
| ئایا میدیای کوردی داهێنەری هەیە؟ | ١٩٧ |
| میدیای ئەلیکترۆنی | ٢٠١ |
| ئازادیی ڕادەربڕین و گەشەپێدانی سیاسی | ٢٠٥ |
| فۆتۆ جۆرنالیزم | ٢١٣ |
| ڕۆژنامە و پشوو | ٢١٧ |
| ڕاگەیاندنی تایبەتمەند | ٢٢١ |
| ترس لە ڕەخنە.. ترس لە ڕاستی وتن | ٢٢٥ |
| ڕۆژنامە و نەریتی خوێندنەوە لای ئێمە | ٢٢٩ |
| پەیامنێر و کاری پەیامنێری | ٢٣٣ |
| دەربارەی گۆشەی تایبەتمەند | ٢٣٧ |
| مافی زانین بۆ میدیاکاران | ٢٤١ |

# وتەیەك

## میدیای کوردی..
## ئاست، ئاراستە، ئاستەنگ و ئاسۆکانی

ئەوەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا دەبینرێت، کۆمەڵێ توێژینەوە و وتارە دەربارەی میدیا بە گشتی و ئاست، ئاراستە، ئاستەنگ و ئاسۆکانی میدیای کوردی بەتایبەتی. لەوەش تایبەتتر ئێتیکی پیشە و یاسای کار لەو میدیایەدا پتر بووەتە جێگەی مشتومڕ و قسەلەسەرکردن.

ئەمەش لە درککردن بەو ڕاستییە تاڵەوە سەرچاوەی گرتووە، کە واقیعی ئەمڕۆی میدیای کوردی، وێڕای گرفت و ئاستەنگەکانی تری، بە دەست نەبوونی یاسایەکی تەندروست و ڕەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشەوە دەناڵێنێت.

رەچاونەکردن و پەیڕەونەکردنی ئێتیك و یاسا، وەك دوو گرفت و ئاستەنگی گەورەی میدیای کوردی، لە هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتیی پیشەیی لە لایەن میدیاکارانی هەرێمی کوردستان و نەبوونی پەیوەندییەکی هاوبەرپرسیاریەتی لە نێوان میدیا و دەسەڵاتدا، دێتەکایەوە.

وادەی نووسینی زۆربەی توێژینەوە و وتارەکانی نێو ئەم کتێبە، بۆ شەش ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بۆیە لە دووبارە چاپکراوەیاندا هەوڵم داوە دەستکاریی ناوەرۆکەکانیان نەکەم (ئەگەر لە هەندێ شوێنیشدا ئێستا لەگەڵی نەبم)، بەڵکو تەنها هەندێ دەستکاریی بچووکی زمانەوانی و ڕێنووسم کردووە.

توێژینەوە و وتار-ەکان پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکاندا بڵاوکراونەتەوە، یان لە فێستیڤاڵی ڕۆشنبیری و وۆرکشۆپدا پێشکەشکراون. لە نێویشیاندا پێویستە هێما بۆ ئەوە بکەم، ماوەی پتر لە ساڵێك گۆشەیەکی تایبەتم لە گۆڤاری (زنار)دا دەنووسی بە ناوی (گوزارشت)، کە هەرجارەی پرس و بابەتێکی میدیاییم تێدا شرۆڤەدەکرد. بە پێی زانیارییەکانیشم، ئەوە یەکەمین گۆشەی تایبەتمەندی میدیایی بوو لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا.

دیارە بابەتی تریشم هەر تایبەتمەند بە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی هەبوو، بەڵام دووبارە چاپکردنەوەی تەنها ئەمانەم لێرەدا بە پێویست زانی. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێ دیدار و دیالۆگیشم هەیە، کە لە کەناڵە جیاوازەکانی نووسراو، بینراو، بیستراو و ئەلیکترۆنیدا لەگەڵمدا سازدراون، بەڵام بڵاوکردنەوەی ئەوانم بۆ پرۆژەیەکی دیکە دواخست، ئەگەر ئاینده دەرفەتی پێ بەخشین.

هەروا دەبێ ئاماژە بەوەش بدەم، ئەم کتێبە لە ساڵی ۲۰۰۹وە ئامادەی چاپە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیمەوە بە نووسینی تێزی دکتۆراکەم دواکەوت، بۆیە چەند بابەتێکی دیکەشم بۆ زیادکرد، کە لەو ماوەیەدا بڵاوم کردوونەتەوە.

دۆخی هەژاریی کوشندەی کتێبخانەی میدیایی کوردی و پێویستیی زۆری بە سەرچاوەی زانستی لە لایەك و زەرورەتی هێنانە بەرهەمی ئەمجۆرە ژێدەرانە بۆ میدیاکار و مامۆستا و خوێندکاران لە لایەکی ترەوە، کۆکردنەوە و دووبارە چاپکردنەوەی ئەم بابەتانەیان لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا کردە ئەمری واقیع.

بەو هیوایەی بتوانین لەم ڕێگەیەوە سوودێك بگەیەنین.

**د. هێرش ڕەسوڵ**

**ئابی ۲۰۱۲**

# ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی
# (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەرێمی کوردستاندا

## پێشەکی

ڕاگەیاندن، بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی بەردەوامی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی ئەژماردەکرێت. بەرەوپێشچوونە خێراکانی بواری زانست و تەکنەلۆژیاش، زیندوویەتیی زیاتریان بەو بوارە پێویستەی ژیانی مرۆڤایەتی بەخشیوە و بە کاریگەریی جیهانگیری و دەرهاویشتەکانیشییەوە، بەردەوام بە جۆر و ڕەنگ و دەنگی نوێترەوە، بێ جیاوازیی ڕەگەز، ئایین، زمان، کولتوور... تاد دەچێتە ناو هەموووماڵێکی ئەم دنیایەوە، یان ڕوونتر: "نێرەر"ەکە، لە ڕێگەی "کەناڵ"ێکەوە، "پەیام"ەکە دەگەیەنێتە هەمووو "وەرگر"ێك و "کاریگەری"ی خۆیشی دەبێت.

(نێرەر، کەناڵ، پەیام، وەرگر، کاریگەری) ڕەگەزەکانی کەمیونیکەیشن (گەیاندن) پێکدەهێنن و لە زانستی هاوچەرخی میدیادا تیۆریزەکراون و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کراوە، چونکە دەبنە پێنج توخمە سەرەکییەکەی ڕاگەیاندن.

بەجۆرە، دەردەکەوێت لە ئەنجامی بایەخی ئەو لایەنەوەیە، میدیا بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی، ئەرکی فرە و جۆراوجۆر دەبینێت: تاکەکان لەناو ژیانی جەنجاڵی ڕۆژانەیاندا بەهۆیەوە، هەواڵ و زانیاریی ئەوپەڕی دنیا دەزانن، بۆچوون و شرۆڤەی جیاواز لەسەر پرس و بابەتە جیاوازەکان وەردەگرن، زەمینەیان بۆ سازدەکرێت تاکو ببنە تاکێکی بوونیادنەر و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا، بەرەو بڕیاردانی گونجاو و تەندروست پاڵیان پێوە دەنرێت، لایەنی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و کەسێتییان نەشونمای پێ دەکرێت، ئاسۆی هەست و خەیاڵیان فراوان دەکرێت، لە پێناو بەسەربردنی کاتێکی ئاسودەدا، کەشی تایبەتیان بۆ دروست دەکرێت، هەروا میدیا دەبێتە چاودێرێکیش بەسەر کۆی هێزە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناو

کۆمەڵگە، وەك چۆن بە (دەسەڵاتی چوارەم) ناوزەدکراوە، بەو پێیەی لە دوای سێ دەسەڵاتەکەی ترەوە (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) دێت و چاودێرێکیش دەبێت بەسەریانەوە.

بەدەسەڵاتبوونی میدیا، یەکێکە لەو بابەتە گرنگ و هەستیارانەی لە تەواوی دنیادا جێگەی دیالۆگ و مشتومڕی زۆرە، ئەو وڵاتانەی سیستمەکەیان تاڕادەیەکی بەرچاو دیموکراسییە و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤییان تێدا پارێزراوە، میدیا ئەرکی چاودێرکاری خۆی دەبینێت و لە پاڵ سێ دەسەڵاتەکەی دیکە، دەبێتە (دەسەڵاتی چوارەم)، ئەو وڵاتانەیشی سیستمی دیکتاتۆر و تۆتالیتار حوکمی دەکات و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤیان تێدا پارێزراو نییە، (دەسەڵاتی چوارەم) و ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی تەنها مەرەکەبی سەر کاغەزە.

**- کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی توێژینەوە، خاڵی بنەڕەتیی توێژینەوەی میدیایی و هێترە بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی پرسەکانی توێژینەوە. هەروا بەوپێیەی (کێشەی توێژینەوە) و (ئامانجی توێژینەوە) تەواوکەری یەکترن، توێژەر لە ئەنجامی هەستکردن بە کێشەی سەرەکیی بابەتی توێژینەوەکەی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چارەسەر، ئامانجەکانی توێژینەوەکەی لە کێشە-کەیەوە هەڵێنجاوە و لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕی کردووەتەوە، تاکو لە میانی تەوەرەکانیدا بیانهێنێتە دی:

١- دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- دیاریکردنی ڕۆڵی یاسا بەرکارەکانی پەیوەست بە کاری میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، لە زەمینەخۆشکردن بۆ دروستبوونی ئەو دەسەڵاتە لەم هەرێمەدا.

٣- خستنەڕووی ڕەوشی دەسەڵاتەکانی تر لە هەرێمی کوردستان و لێکجیانەکرانەوەیان و کاریگەرییان بۆ سەر بەدەسەڵاتبوونی میدیا لەم هەرێمەدا.

٤- دیاریکردنی شوێن و پێگەی میدیای کوردی لەناو تیۆر و سیستمەکانی میدیادا.

٥- پێشاندانی ڕۆڵی پرسە جیاوازەکانی سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری و دابونەریت، ئاین و ئایینزاکان (مەزهەبە ئایینییەکان)، ڕەوتە ئیسلامییەکان، دەوڵەتانی دراوسێ و ناپرۆفێشناڵی، لە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەرێمی کوردستاندا.

٦- دەستنیشانکردنی کاریگەریی دەستەبەرنەبوونی مافی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری لە هەرێمی کوردستاندا بەسەر دروستنەبوونی ئەو دەسەڵاتە.

**- دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:**

توێژەر بە پێویستی دەزانێت، لەم پێشەکییەدا پێناسەی ئەو زاراوە سەرەکییانە بکات کە لە توێژینەوەکەدا هاتوون:

*دەسەڵاتی چوارەم (**السلطة الرابعة- Fourth Estate**): زاراوەیەکە، فۆرمێکی مەجازی و مەعنەویی هەیە، نەك یاسایی و نووسراو (تەنها لە دەستووری میسری بۆ ساڵی ١٩٧١- هەمووارکراودا نەبێت، کە لە ماددەی ٢٠٦یدا هاتووە: "ڕۆژنامەنووسی دەسەڵاتێکی جەماوەرییە و کار بۆ پەیامی خۆی دەکات بەو شێوەیەی لە دەستوور و یاسادا دیاریکراوە")،

وەکو تەواوکەری سێ دەسەڵاتەکەی تر، کە خۆیان لە (پارلەمان، حکومەت، دادگاکان)دا دەبیننەوە، بەرامبەر کایەی میدیا و ڕۆژنامەنووسی بەکاردێت[1].

* میدیا (الاعلام- **Media**): بڵاوکردنەوەی فاکت و داتا ورد و ڕاستەکانە، بە مەبەستی ڕۆشنکردنەوەی بیری خەڵك و دروستکردنی بڕوا لە لایان[2].

* ڕۆژنامەنووس (الصحفي- **Journalist**): ئاماژەیە بۆ کەسێك، کە (ڕۆژنامەنووسی) وەکو پیشەی خۆی، وەرگرتووە[3].

*هەرێمی کوردستانی عیراق (اقليم كوردستان العراق- **Iraqi Kurdistan Regional** ): ناوچەیەکی جوگرافییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، خاوەنی حوکمی فیدراڵییە لە چوارچێوەی کۆماری عیراق و لە لایەن حکومەتی عیراقەوە، بە پشتبەستن بە دەقی دەستووری هەمیشەیی عیراق، ددانی پێدا نراوە[4].

---

(١) الدستور المصري لسنة ١٩٧١ المعدل ژان پۆل مارتۆز: هەقتە بزانی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن، چ٢ (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧) ل١١١.

(٢) د. يوسف محي الدين ابوهلالة: الاعلام نشأته، اساليبه، وسائله، مايؤثر فيه، (عمان- الاردن: مكتبة الرسالة الحديثة، ١٩٨٧)، ص٥.

(٣) لويس معلوف: المنجد في اللغة، ط٣٥ (بيروت: ب. د، ١٩٩٨)، مادة الصحف، ص٤١٧.

(٤) ماددەی ١١٣ی دەستووری هەمیشەیی عیراق.

*یاسای ڕاگەیاندن (**قانون الاعلام- Media Law**): کۆمەڵێ ڕێسای یاساییە، حوکم بەسەرستراکچەری میدیا و ئامرازەکانی لە ناوەوە و دەرەوەدا دەکات و لقێکە لە لقەکانی یاسای گشتی[٥].

*ئێتیکی کاری میدیایی (**اخلاقيات العمل الاعلامي- Media Ethics**): کۆمەڵێ چوارچێوە و ڕێسایە، کە دەبێت ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران (کارکەرانی بواری میدیا) خۆویستانە و لەسەر بنەمای ویژدانیی خۆیان، لە کاتی ئەنجامدانی کارە پیشەییەکانیاندا لەبەرچاوی بگرن، بە بێ ئەوەی ناچارکرابن، یان فشارێکی دەرەکییان لەسەر بێت، یاخود لە کاتی ڕەچاونەکردنی، یان سەرپێچیکردن لێی، تووشی سزای یاسایی بن[٦].

*پرۆفێشناڵ (**محترف- Professional**): مێژووی ئەم وشەیە بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە و بە کەسێك دەگوترێ، کە بە هۆی لێهاتوویی خۆیەوە لە بوارێکی تایبەتیدا سەرمایەی ماددیی دابین بکات. کەسێك کە مەهارەتێکی تایبەتی لە بوارێکی تایبەتدا هەیە[٧].

---

(٥) د. ابراهيم الداقوقي: قانون الاعلام – نظرية جديدة في الدراسات الاعلامية الحديثة، ( ب. م، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي – جامعة بغداد، مطبعة وزارة الاوقاف والشؤن الدينية، ب. س) ص٦.

(٦) د. محسن اسماعيلى: تعامل حقوق واخلاق در رسانەها، مطالعاتى وتحقيقاتى وسايل ارتباط جمعى (فصلنامه)، سال هفدهم، شماره ٣، ١٣٨٥، ص١٠.

(٧) ڕێبوار سیوەیلی: نووسین و بەرپرسیاری، چ٢(سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦)، ل١٧٩.

**-پەیکەری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بە گشتی، وێڕای پێشەکی، لە چەند باسێکی سەرەکی و لاوەکی پێکدێت: (چەمکی دەسەڵاتی چوارەم، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی چەمکی دەسەڵاتی چوارەم، فاکتەرە کاریگەرەکانی دروستبوونی دەسەڵاتی چوارەم، یەکەم: فاکتەری سیاسی، دووەم: فاکتەری ئابووری، سێیەم: فاکتەری یاسایی، چوارەم: فاکتەری کۆمەڵایەتی، پێنجەم: فاکتەری ئایینی، شەشەم: فاکتەری پیشەیی، حەوتەم: فاکتەری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، ئەرکی چاودێرکاریی میدیا، باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری و میدیایی هەرێمی کوردستان، ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی دەسەڵاتی چوارەم لە هەرێمی کوردستاندا، یەکەم: ئاستەنگی سیاسی، دووەم: ئاستەنگی ئابووری، سێیەم: ئاستەنگی یاسایی، چوارەم: ئاستەنگی کۆمەڵایەتی، پێنجەم: ئاستەنگی ئایینی، شەشەم: ئاستەنگی پیشەیی، حەوتەم: ئاستەنگی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی)، لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

## چەمکی (دەسەڵاتی چوارەم)

(دەسەڵاتی چوارەم)، زاراوەیەکە بە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی دەوترێت، بەو پێیەی دەسەڵاتێکی میللییە و سێ دەسەڵاتە دەستوورییەکەی تر: دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە حکومەتە، دەسەڵاتی دادوەری، دەسەڵاتی یاسادانان، کە پارلەمانە، دەگرنەوە، میدیایش دەبێتە (دەسەڵاتی چوارەم) وەك ئامرازێکی میللی بۆ گوزارشتکردن لە ڕای گشتی و چاودێریکردنی

دەسەڵاتەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا[٨]. ئەمەش لە وڵاتانی دیموکراسیدا، کە هەرسێ دەسەڵاتەکە لە یەك جیاکراونەتەوە و بە سەربەخۆیی کاردەکەن[٩].

کەواتە لەم سەرەتایەوە، دەکرێت تیشکێك بخەینە سەر "پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان" و مێژووی هاتنە کایە و پرەنسیپی جێبەجێبوونی.

ئەم پرەنسیپە، بۆ یەکەمجار لە لایەن مۆنتسکیو[١٠]وە هاتە ئاراوە، کە ئەو بیرمەندە یەکێك لە ڕێگاکانی بۆ چاکسازیی حکومەتەکان بە مەبەستی گرەنتیکردنی ئازادییەکان بە ئامادەکاریی ئەو حکومەتانە دەزانێت بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، لەسەر ئەم بنەمایە لەو بڕوایەدایە: هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، دەبێ لە یەکتر جیابن، یان یەکتر هاوسەنگ بکەن و بەر بە دروستبوونی دەسەڵاتی تاکڕەوی بگرن.

---

(٨) د. کرم شلبی: معجم المصطلحات الاعلامیة (انجلیزي/ عربي)، ط ٢ (بیروت: دار الجیل، ١٤١٥هـ – ١٩٩٤م)، ص٤٠٧.

(٩) بەدران ئەحمەد حەبیب: فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن (ئینگلیزی – کوردی - عەرەبی)، (هەولێر: کۆڕی زانیاریی کوردستان، ٢٠٠٥)، ل٧٩.

(١٠) بارۆن دۆسکودانت مۆنتسکیو 1755 – 1689) Montisquieu ز) بیرمەندێکی فەڕەنسییە، لە ١٧٢١دا یەکەمین بابەتی بە ناوی نامە فارسییەکان-ەوە نووسیوە، لە گرنگترین بەرهەمەکانی کتێبی "ڕۆحی یاساکانە". بڕوانە:
http://www.albayan.ae/servlet/satellite?c=Article&cid=1143341365497&page
.>(name=...)>(8/10/2007

مۆنتسکیو، دەگاتە ئەو ئەنجامەی فرە گروپی مەرجی پێشەکییە بۆ بوونی ئازادی، ئەم گرووپانە دەبێ بە لایەنی کەمەوە تاڕادەیەك لە حکومەت سەربەخۆ بن و لە نێوان تاك و حکومەتدا بووەستن[١١].

هەرچەندە هەریەك لە جۆن لۆك[١٢]، جان جاك ڕۆسۆ[١٣] و لیۆن دگی[١٤]ش باسیان لە دابەشکردنی دەسەلاتی دەولەت و لێك جیاکردنەوەی

---

(١١) د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا لە ماکیاڤیلی تا مارکس- چەرخی نوێ، و: ئازاد وەلەدبەگی و سیروان زەندی، ب٢، (هەولێر: دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٥) ل٨٣.

(١٢)جۆن لۆك John Lock (1632 -1704ز): یەکێکە لە فەیلەسووفە گەورەکانی بوونگەرایی لە سەدەی حەڤدەیەمدا لە ئینگلتەرا، پتر لە بواری ئەپستمۆلۆژیدا کاری کردووە و گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ ١٦٩٠، دەربارەی حکومەت، چەند هزرێك دەربارەی پەروەردە ١٦٩٠. بڕوانە: (أ. د. احسان محمد الحسن: موسوعة العلم الاجتماع، (بيروت: دار العربية للموسوعات، ١٩٩٩)، ص٢٤٧).

(١٣)جان جاك ڕۆسۆ Jean Jacque Rousseau (1712 – 1778ز): فەیلەسووفێکی بەناوبانگی سەدەی هەژدەهەمە، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتیین لە: نامەیەك بۆ دالام بێر ١٧٥٨، ئیمیل ١٧٦٢، پەیمانی کۆمەلایەتی ١٧٦٢، وتار دەربارەی زانست و هونەر ١٧٥٠، وتار دەربارەی سەرچاوەی نایەکسانی ١٧٥٥. بڕوانە: (د. عبدالمنعم الحفني: موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ج١ (ب. م: مكتبة مدبوولي، ١٩٩٩)، ص٦٦٨).

(١٤) لیۆن دگی: سالی ١٨٥٩ لە شاری لیبۆرن لە باشووری خۆرئاوای فەڕەنسا لەدایك بووە، ١٨٨٦ لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی بۆردۆ دەستی بە وانەوتنەوە کردووە، پاشان بووەتە ڕاگری هەمان کۆلێژ تا سالی مردنی (١٩٢٨). بە یەکێك لە گەورەترین یاساناسەکانی فەڕەنسا دادەنرێت، بەو پێیەی بانگەشەی تیۆری هاوبەندیی کۆمەلایەتی (تضامن الاجتماعي) دەکرد لە یاسادا، کە لەسەر بنچینەی ئەو تیۆرییە یاسا دەبێت بە شێوازێکی زانستی و واقیعی ڕاڤەبکرێت، دوور لە گریمانە و لێکۆلینەوەی میتافیزیکی، هەروەها دژی

دەسەڵاتەکان کردووە، بەڵام مۆنتسکیۆ بە دانەری ڕاستەقینەی پرەنسیپەکە ئەژماردەکرێت، چونکە ئەم فەیلەسووفە تیۆرییەکی گشتگیریی سەبارەت بەم پرەنسیپە دارِشت و بۆچوونەکانی لۆکی تەواوکرد و دەسەڵاتە جیاوازەکانی دەوڵەتی لێك جیاکردەوە و بۆچوونی تازەیشی لەم بارەیەوە داهێنا، پاشان لە قۆناغی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە هەنگاوی بەرەو لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان نا(١٥).

بارودۆخی مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەرهەڵدانی دەوڵەتی لیبراڵ، کاریگەریی لەسەر پیادەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بە گوێرەی پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەبوو.

تیۆرسینەکانی دەوڵەتی لیبراڵ پێیان باش نەبوو دەسەڵاتی نەتەوە بە دەست گروپێکەوە بێت، هەرچەندە ئەو گروپەیش لە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان پێکهاتبێت، بۆ ئەوەی ئەزموونی ڕابردوو دووبارە نەبێتەوە، کاتێك پادشاکان تاکرەوییان دەکرد و دەسەڵاتیان پاوان دەکرد و بە ناوی نەتەوەوە خۆیان دەچەسپاند، بۆیە ئەوانە پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان داهێنا، ئەویش لە ڕێی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەروەری و لەم بارەیەوە وتیان: سەروەری سێ دەسەڵاتی هەیە، کە بریتین لە یاسادانان و جێبەجێکردنی کاروبار و دادوەری، هەر دەسەڵاتێکیشان بە دەستەیەکی سەربەخۆ سپارد و بەم جۆرە سێ دەسەڵاتی سەربەخۆی لێك جیا پەیدا

---

سەروەریەتی و کەسیەتیی دەوڵەت بووە، بەو پێیەی ویستوویەتی بە یاسا سنورداری بکات. بڕوانە: العميد ليون دجي: دروس في القانون العام، ت: د. رشدي خالد (بغداد: مركز البحوث القانونية، ١٩٨١)، ص١.

(١٥) لەتیف مستەفا ئەمین: جیاکردنەوە و یەکپارچەیی دەسەڵات (دەستوورەکانی عێراق وەك نموونە)، (سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، ٢٠٠٨)، ل ١٤٨-١٤٩.

دەبێت، بەڵام هەرسێکیان یەکسان و هاوسەنگن و هەریەکێکیشیان ئەو ئامرازانەی هەیە، کە بەرپەرچی پێ دەداتەوە و کاریگەرییشی لەسەر دەسەڵاتەکانی تر پێ بەجێ دەهێڵێت. بەم پێیە ئەم سیاسەتی ڕاگرتنی تەرازووەیە ناهێڵێت هیچ دەزگا و دەستەیەك دەسەڵاتی دەوڵەت پاوان بکات و لە ئاکامدا حکومەتێکی بەستراو پەیدا ببێ(١٦).

کەواتە لێك جیاکردنەوە و سەربەخۆیی هەریەك لە دەسەڵاتەکان فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا، بەڵام ناکرێ بڵێین تاکە فاکتەرە، بۆیە چەند فاکتەرێکی تریش هەن کاریگەرییان لەسەر ئەم پرسە هەیە.

## مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی چەمکی (دەسەڵاتی چوارەم)

لەگەڵ ئەوەی لە دنیادا دەسەڵاتێك بە شێوەیەکی دەستووری بە ناوی (دەسەڵاتی چوارەم)ەوە بوونی نییە و ئەم زاراوەیە تەنها وەك ئیدیۆمێك بۆ هێز و کاریگەریی میدیا لە کۆمەڵگەدا بەکاردێت، بەکارهێنانیشی لە مێژوودا، هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئەم مانایەی ئێستای بە قۆناغی جیاوازدا ڕۆیشتووە.

ئەم زاراوەیەیش، وەك زۆرێك لە زاراوەکانی دیکە، لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا مانا و بەکارهێنانی بەم جۆرەی ئێستای نەبووە، بەڵام لە سەدەی هەژدەهەمدا بە تەواوی پەرەدەستێنێت و لەوکاتەوە بۆ کاری میدیا و ڕۆژنامەنووسی بەکاردێت.

بەکارهێنانی لەمڕۆدا، بۆ گەورەکردن و گرنگیدانە بە ڕۆڵی میدیا، یان دەرخستنی ئەو هێزەیە، کە ئەم دەسەڵاتە لە کاتی سەربەخۆبوونیدا دەتوانێت بیگێڕێت. ئەمەش تەنها لە بڵاوکردنەوەی مەعریفە و هۆشیاری و

---

(١٦) هەمان سەرچاوە، ل٩٢- ٩٣.

ڕۆشنگەریدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە دروستکردنی ڕا، ئاراستەکردنی ڕای گشتی[17]یە لە کێشەکانی پەیوەست بە خەڵکەوە.

زۆربەی بۆچوونەکان لە بارەی سەرەتاکانی زاراوەی (دەسەڵاتی چوارەم)ەوە، ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی مێژوونووسی سکۆتلەندی (تۆماس کارلیل) ڕۆڵێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئەم زاراوەیەدا هەبووە، کاتێك ناوبراو زاراوەکەی لە کتێبی (پاڵەوانەکان و پەرستنی پاڵەوان)دا، کە لە ساڵی ١٨٤١دا نووسیویەتی، بەکارهێناوە. ئەمەش لە کاتێکدا دەستەواژەکەی لە بیرمەندی ئێرلەندی (ئێدمۆند بێرك)ەوە وەرگرتووە، لە کتێبی (شۆڕشی فەڕەنسی)دا، کە لە ساڵی **١٨٣٧**دا نووسیویەتی، ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەنووسە پەیامنێرەکان کردووە، کە لە پارلەماندا ئامادەبوون و وتوویەتی: ئەمانە حزبی چوارەم، یان دەسەڵاتی چوارەمن، چونکە لەم کاتەدا سێ حزب یان سێ چین حوکمی وڵات دەکەن: پیاوانی ئایینی، میرەکان و ڕەشۆکی، ئەمانەیش چاودێرن بەسەریانەوە و کاریگەرییان زۆرە.

بەڵام ڕۆماننووسی ئینگلیزی (هێنری فیڵدنگ)، بە شێوە دەرکەوتووەکەی، بە یەکەمین بەکارهێنەری ناسراوی گوزارشتی (دەسەڵاتی چوارەم) دادەنرێت، کە لە کتێبێکیدا لە ساڵی ١٧٥٢دا هاتووە[18].

---

Estate>(15/9/2008). http://ar.wikipedia.org/wiki/Fourth (17)

(١٨) ڕای گشتی: بریتییە لە بۆچوونی زۆرینە سەبارەت بە کێشەیەکی دیاریکراو و گشتی، لە کاتێکی دیاریکراودا، کە جێی بایەخی جەماوەر بێت و بۆ گفتوگۆ و مشتومڕ و گەڕان بە دوای چارەسەرێك، کە بەرژەوەندیی گشتی بەدی بێنێ، دەخرێتەڕوو. بڕوانە: (الدكتور هاني الرضا، الدكتور رامز محمد عمار: الرأي العام والاعلام والدعاية، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٨)، ص٢١).

## فاکتەرەکانی دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)

لێرەدا بە کورتی (چونکە لە باسی "ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەرێمی کوردستاندا" گەڕاوینەتەوە سەر ئەم باسە) ئاماژە بۆ هەریەك لەو فاکتەرانە دەکەین، کە لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا ڕۆڵیان لە دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)دا هەیە:

### یەکەم: فاکتەری سیاسی

کایەی سیاسی، وەکو بوارێکی گرنگ و هەستیار و پەیوەست بە تەواوی کایەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە، یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) لە ناو هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا.

ئەم فاکتەرە، تەنها جەخت لەسەر ڕەهەندێك ناکات بە تەنها، بەڵکو چەند بوار و لایەنێك دەگرێتەوە، کە دوور و نزیك کاریگەرییان لەسەر پرسەکە هەیە.

لە پێش هەموویانەوە بابەتی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان (وەکو لە باسی پێشوودا تیشکمان خستە سەر) ڕۆڵی بەرچاوی لە بەدەسەڵاتبوونی میدیا و ڕۆژنامەنووسی لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا هەیە و بە پێچەوانەیشەوە لێك جیانەکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکە، دەبێتە مایەی دروستنەبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)، چونکە لێك جیاکردنەوی دەسەڵاتەکان، پرەنسیپێکی گرنگی دیموکراسییە بۆ بەرگرتن لە ستەمکاری[١٩].

دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، قۆرخنەکردنی دەسەڵات تەنها بۆ هێز و ئایدیۆلۆژیایەك، بە دیموکراسیکردنی سیستمی بەڕێوەبردن، زەمینەسازی بۆ گەشەپێدانی سیاسی و هاتنەکایەی هێزی ئۆپۆزسیۆن و

---

(١٩) د. چيهان المكاوي: حرية الفرد.. حرية الصحافة (دراسة مقارنة)، (ب. م.: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١)، ص٣٣.

فراوانکردنی مەودای ئازادیی ڕێکخراوبوونی سیاسی، یەکێکی ترە لە فاکتەرەکانی کارابوون و بە چاودێربوونی میدیا.

سەقامگیریی سیاسی و فەراهەمبوونی کەشێکی ئارام و جێگیری سیاسی، ڕێگە لە بەردەم هاتنەکایەی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆش دەکات، ئەمەش بە کارابوونی هەریەك لە دەزگا پێکهێنەرەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە زانکۆ و دەزگاکانی تری خوێندنی باڵا، سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان، میدیا و ڕۆژنامەنووسی، لەمەیشەوە ڕاستەوخۆ زەمینە بۆ دروستبوونی دەسەڵاتی میدیا سازدەکرێت.

سەرباری ئەوەی، هەر لە فاکتەری سیاسی بۆ دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)، کرانەوە و شەفافییەتی سیاسی، بوونی پەیوەندیی هاوبەرپرسیاریەتیی میدیا و دەسەڵات، ئازادیی ڕادەربڕین و ڕەخنەی سیاسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ڕۆڵی کارایان هەیە.

**دووەم: فاکتەری ئابووری**

لایەنی ئابووری-یش، وەکو فاکتەرێکی کاریگەر بۆ دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) دەردەکەوێ، چونکە کۆڵەگەی سەرەکیی هەمووو وڵات و کۆمەڵگە و دەوڵەتێکە.

کاتێك کۆمەڵگەیەك خاوەنی ژێرخانی بەهێزی ئابووری بێت، لە ڕووی ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی وەستاو بێت، کەرتەکانی بەرهەمهێنانی لە پەرەسەندندابن، ڕێژەی هەناردەی لە هاوردە زیاتر بێت، ژمارەی کاڵا و شتومەکی بەکارهاتووی لە چاو ژمارەی کاڵا و شمەکی بەرهەمهاتووی کەمتر بێت، بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتەکانی و دەوڵەت و سیستمی بەڕێوەبردنیشی لە دۆخێکی تەندروستدا دەبن.

واته سیستمی ئابووری لەوکاتەدا هەنگاوی گەورەی ناوە و تا ئەندازەیەکی زۆر پێشکەتووە، داهاتی تاك و گروپە خاوەن سەرمایەکانیش بە رێژەیەکی ئەوتۆ دەبێت بتوانن سەرمایەکانیان لە پرۆژەی میدیاییدا بخەنەگەڕ.

بەو مانایەی، میدیاش ببێتە هۆکارێکی بازرگانیکردن و بە بازاڕکردن و بزنسی پێ بکرێت. ئەوکاتەیش زەمینە لە بەردەم هاتنەکایەی دەیان و سەدان کۆمپانیای ئەهلی بۆ میدیا و ڕێکلام دروستدەبن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش بۆ خۆبەڕێوەبردنیان پشت بە داهاتی خۆیان دەبەستن.

ئەوەیشمان بیرنەچێت، پشتبەخۆبەستنی میدیا پرەنسیپێکی سەرەکیی میدیای ئەهلییە. ئەو میدیایە بەر لە هەرشتێك، دەبێت لەسەر ئابووریی سەربەخۆ و ئەهلی دامەزرابێت[٢٠]، ئەمەش وادەکات ناچار نەبێت بچێتە ژێر ڕکێفی خواست و داوای هیچ هێز و گروپ و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییەوە و سەرەتایەکی پتەو بێت بۆ دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم).

## سێیەم: فاکتەری یاسایی

کاتێك باس لە یاسا دەکەین وەك فاکتەرێك بۆ دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)، مەبەستمان هەمووو یاساکانە بە گشتی و یاساکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی و چاپەمەنیش بەتایبەتی.

بەهۆی ئەوەی یاسا چووەتە ناو هەمووو بوارەکانی ژیانەوە، هەمووو پیشە جیاوازەکانیش یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە پیشەی میدیاش یاسای تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کاری میدیا ڕێك بخات و میدیاکارانیش سنوری کارەکەی خۆیان بزانن.

---

(٢٠) هێرش ڕەسوڵ: ڕۆژنامەی ئەهلی لە باشووری کوردستان (١٩٩٤ - ٢٠٠٢)، (سلێمانی: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ژمارە ٥٩، ٢٠٠٦)، ل١٧.

دەستوور و یاساکان، لە ناو هەر دەوڵەت و وڵات و کۆمەڵگەیەکدا ڕۆڵی دیار لە دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)دا دەگێڕن، ئەمەش بەندە بە ڕادەی کرانەوەی دەقەکان و بەند و بڕگەکانیانەوە، تا چەندە لەگەڵ گیانی سەردەم و چەمکەکانی دیموکراسی و دنیای نوێ و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی دەگونجێن؟ تاکو چ ئەندازەیەك ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی و مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان فەراهەم دەکات؟ تا کوێ هەوڵ بۆ کاراکردنی ڕۆڵی میدیا لە کۆمەڵگە و بە چاودێرکردنی بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەوە، دەدات؟

**چوارەم: فاکتەری کۆمەڵایەتی**

هەمووو کۆمەڵگەیەك لە دنیادا، تایبەتمەندیی خۆی لە پێکهاتەیدا هەیە، ئەو تایبەتمەندییەیش لەسەر میدیا و ڕۆژنامەنووسییەکەی ڕەنگدەداتەوە، کە بەشێکی دانەبڕاوە لێی و کاریگەریی لەسەر هەیە[٢١]. کولتوور و دابونەریت و بەهاکانی کۆمەڵگە بە ئەندازەی خۆیان کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ئەو دەسەڵاتە هەیە.

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی میللی، فاکتەرێکی دیارن بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە گرنگیی بواری میدیا بۆ ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان تێبگەن، پاشان هەوڵی پێشخستن و کاراکردنی بدەن.

بە بایەخەوە ڕوانین لە پیشەی ڕۆژنامەنووسی، وەکو پیشەیەکی نایاب و خزمەتکاری کۆمەڵگە و متمانەپێکردنی، هەلی بەرەوپێشچوون و بە دەسەڵاتبوونی میدیا دێنێتە پێشەوە.

---

(٢١) الدكتورة سعدى محمد الخطيب: العوائق أمام حرية الصحافة في العالم العربي— دراسة تحليلية للعوائق القانونية والسياسية والاجتماعية والاقتصادية والدولية-، (بيروت- لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية، ٢٠٠٨)، ص١٢٠.

## پێنجەم: فاکتەری ئایینی

بەهۆی ئەو هەژموونە فراوانەیەوە لە کۆمەڵگەی مرۆییدا، بەتایبەت لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، ئایین کاریگەریی زۆری بەسەر بیروباوەڕی کۆمەڵگە و ئاراستەی بیرکردنەوەی تاکەکانەوە هەیە.

زۆرجار پانتایی کارکردنی ئەو بوارە و ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی، بە دیاریکردنی کۆمەڵێ هێڵی سوور و ڕیزکردنی کۆمەڵێ حەرامکراو بەرتەسك دەکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە ئاستەنگێکی ڕاستەوخۆی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) و چاودێربوونی میدیا بەسەر دەسەڵاتەکانی ترەوە.

## شەشەم: فاکتەری پیشەیی

ڕۆژنامەنووسی پیشەیەکی ئابڕوومەندانەیە، بە هەمووو پرسەکانی کۆمەڵگەوە بەندە و ئاوێنەی ڕاستەقینەی واقیعەکەیە، وەك چۆن بە پەنجەرەیەکی بەردەوام کراوە بەسەر ئەقڵ و ویژدانی خەڵك دەچوێنرێت، لەبەر ئەوە بۆ کارکەرانی ئەو پیشەیە پێویستبوو پشت بە کۆمەڵێ بەها و نەریت ببەستن، کە ڕێسایەکی بنچینەیی پێك دەهێنێت، بۆ پارێزگاریکردن لە کۆمەڵێ پرەنسیپ، پێی دەوترێت (ئێتیکی پیشە) و دڵنیایی و پابەندبوونی هزری و پیشەیی بەرامبەر پرسە جیاوازەکان دروست دەکات بۆ پاراستنی شەرەفی وشە و شەرەفی پیشە لەپاڵیدا، هەروەها پابەندبوونی پیشەیی بە ئێتیکی پەیڕەوکردن پێویستییەکی باشە بۆ پێکهێنانی واقیعی ڕۆژنامەنووسی خاوەن کەسیەتی و دۆزینەوەی هۆکاری پێشکەوتنی[٢٢] لە لایەك و بەرەوپێش بردنی پیشەکەی لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی ڕێساکانی

---

(٢٢) د. وائل عـزت البكـري: تطـور النظـام الـصحفي في العـراق ١٩٥٨- ١٩٨٠ (دراسـة التحليلية)، (بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٤)، ص١٧٣-١٧٤.

میدیای پرۆفێشناڵەوە، بۆیە فاکتەری پیشەیی هەر لە لێهاتوویی و چالاکی و فزوولییەت و سەلیقە و بوێریی میدیاکارەوە تاکو ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیێك، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) دەبێت و میدیا دەبێتە چاودێر.

**حەوتەم: فاکتەری هەرێمایەتی (ئیقلیمی) و نێودەوڵەتی**

ئەم فاکتەرەش (کە هەندێجار لە تەك فاکتەری سیاسیدا ڕیزبەند دەکرێت)، بە ئەندازەی خۆی کاریگەریی لەسەر دروستبوونی ئەو دەسەڵاتە هەیە، بەتایبەت بۆ ئەو وڵات و کۆمەڵگەیانەی لە قۆناغی گواستنەوەدان، یان ئەو وڵاتانەی هێشتا سەربەخۆیی سیاسییان بە دەست نەهێناوە و لە ژێر چاوتێبڕینی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدان، چونکە بەچاودێربوونی میدیا بە جۆرێك لە جۆرەکان زیان بە بەرژەوەندییەکانیان لەو وڵاتەدا دەگەیەنێت.

## ئەرکی چاودێرکاریی میدیا

بە پێی بۆچوون و توێژینەوەی پسپۆڕانی بواری میدیا و کەمیونیکەیشن، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کۆمەڵێ ئەرکی گرنگیان هەیە و دەگێڕن.

زۆر لەو پسپۆڕانە وەکو (هارولد لاسوێڵ، لازرسفێڵد و میرتۆن، دی فلور و پول ڕوکیش، دێنس ماکوێڵ، لیزلی مولەر، ولبر شرام، مارك وێڵ، هێبەرت و هاوڕێکانی، ئاگی و هاوڕێکانی، حەسەن عیماد ئەلمەکاوی، جیهان ئەحمەد ڕشتی، عەبدولفەتاح ئەبی مەعال،...) بە پێی گۆشەنیگای خۆیان چەند ئەرکێکیان دیاریکردووە، (ڕێکخراوی یونسکۆ)ش بەهەمان شێوە، پاشان بە سوودوەرگرتن لە هەریەك لەو بۆچوونانە حەوت خاڵ وەکو ئەرکەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەستنیشان کراون:

**یەکەم: هەواڵ و زانیاری گەیاندن.**
**دووەم: چاودێرکاری (چاودێری گشتی).**
**سێیەم: دروستکردنی بۆچوون و ئاراستەکان.**
**چوارەم: کات بەسەربردن.**
**پێنجەم: کۆمەڵایەتی.**
**شەشەم: ڕێکلام و بەبازاڕکردن.**
**حەوتەم: ڕۆشنبیری.**

ئەوەی مەبەستی سەرەکیی باسەکەمانە، ئەرکی چاودێرکارییە، بۆیە هەڵوەستە تەنها لەسەر ئەم خاڵە دەکەین. هەروەك کەم تا زۆر، لە باسەکانی پێشوودا لە بارەی چەمکی (دەسەڵاتی چوارەم)، ڕۆڵی میدیا لە چاودێریکردنی کۆی دەسەڵات و هێزەکانی کۆمەڵگە دواین، لێرەیشدا جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە زانستییە دەکەینەوە.

ڕیزبەندکردنی (چاودێرکاری) وەکو ئەرکێکی گرنگی میدیا لە لایەن هەمووو پسپۆڕانەوە و دواتریش هاتنی ئەرکەکە لە نێو ئەرکە ستانداردەکانی دامەزراوەکانی میدیا، بەر لە هەمووو شتێك بەڵگەی بەهێزی ئەو ئەرکەی میدیا و کاریگەرییەتی بەسەر تەواوی کایە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە.

هەمیشە دەوترێت، ڕاگەیاندن پیشەی ماندبوون و سەریەشەیە و ئەگەر دڵسۆزانە پەیڕەو بکرێت، کارەکانی لە خزمەتی کۆمەڵگەدایە، کەواتە هەوڵەکانی ڕۆژنامەنووس و میدیاکار بەر لەوەی بۆ هیچ لایەك بێت، بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەیە، کاتێکیش دەبێتە چاودێر بەسەر هەرسێ دەسەڵاتە دەستوورییەکەوە و خەوش و کەموکوڕییەکانیان بە شێوەیەکی

پرۆفیێشنالانه دەردەخات، زیاتر ڕۆدەچێته ناو ژیانی گشتیی تاکەکانی کۆمەڵگەوە (٢٣).

## باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و میدیایی هەرێمی کوردستان

دەبێ لە سەرەتاوە درك بەو ڕاستییە بکەین، کوردستان وەك وڵاتێکی داگیر و دابەشکراو، لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا، بە دەگمەن ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی بە خۆیەوە بینیوە، ئەوەیشی کە هەبووە تەمەنی ئەوەندە بڕی نەکردووە و پاشخانێکی ئەوتۆی کولتووری و مێژوویی دەوڵەمەندی بۆ جێ نەهێشتووین، هەروەك خودی کۆمەڵگەی کوردییش لە ڕووی پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە گەلێك لە سەردەمەکەمان دواکەوتووە، سەرەڕای ئەمانەش ڕۆژگاری ڕەشی ژێر دەسەڵاتی بەعسیزم کوردستانێکی خاپوور و کەسیەتییەکی تێکشکاوی لێ کەوتووەتەوە.

لێرەشدا بەر لە باسکردنی هەریەك لە هەلومەرجەکانی هەرێمی کوردستان، بە پێویستی دەزانین، گەر وەك پانۆرامایەکیش بێت پەنجە بۆ سیاسەتی دڕندانەی ڕژێمی بەعس لە عیراق دژ بە خەڵکی کوردستان ڕاکێشین.

ئەو ڕژێمە نەك هەر ددانی بە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەلی کورد لەو بەشە داگیرکراوەدا نەدەنا، بەڵکو بە چەندین شێوە لە هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی شوناس و پاکتاوی ڕەگەزیدا بوو لە ساڵی ١٩٨٨دا بە چەکی کۆکوژی کیمیایی شارۆچکەی هەڵەبجەی بۆردوومانکرد و پێنج

---

(٢٣) د. علي عبدالجبار الشمري: وظائف الاعلام، مجموعة من المحاضرات التي القيت على الطلبة المرحلة الماجستير لقسم الاعلام في كلية العلوم الانسانية بجامعة السليمانية، الكورس الثاني، عام ٢٠٠٥- ٢٠٠٦، غير منشور.

هەزار کەسی تێدا شەهید کرد، لە چەند کات و شوێنی جیاوازیشدا لە کوردستان "١٨٢" هەزار کەسی ئەنفالکرد، بێسەروشوێنکردنی هەشت هەزار بارزانی، ڕاگواستنی خەڵکی پێنجوێن و قەڵادزێ و هەڵەبجە و نزیکەی چوار هەزار لادێی کوردستان و ڕووخاندنیان و تێکدانی ماڵومولْکیان و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگای زۆرەملێ، کە سەرەتاییترین پێداویستیی ژیانی مرۆییان تێدانەبوو، جگە لەوەی هەمیشە لە ژێر سانسۆر و چاودێریی وردی دەزگا سیخوڕییەکانی بەعسدا بوون.

ئەمانە هەمووو لەگەڵ ئەوەی ئەم ناوچەیە وێڕای بوونی خەسڵەت و پێگەی ئابووریی پتەو، لە لایەن ڕژێمی عیراقەوە بە تەواوی فەرامۆشکرابوو، مادە و کەرەستە خاوەکانی کەمتر لە پیشەسازیدا بەکاردەهێنران، دەتوانین بڵێین ئەمە بۆ بارەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییش بە هەمان شێوە ڕاستە.

ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستانی بندەستی عیراق، وەڵامی تاوانکارییەکانی ڕژێمی تۆتالیتاری بەعس بوو، پاش ئەمەش گەلێك گۆڕانکاریی دیکە هاتنە ئاراوە، وەکو ئەوەی دوای هێورکردنەوەی سیاسەتی توندی ئەمەریکا بەرامبەر عیراق، عیراق کەوتە کۆکردنەوەی هێزە شکستخواردووەکەی و هێرشی کردەوە سەر کوردستان، ئەمەش کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان بەرەو ناوچە سنورییەکانی تورکیا و ئێرانی لێ کەوتەوە، لە بەرامبەریشدا و بۆ وەستاندنی شاڵاوەکانی ڕژێم، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی لە ٦ی نیسانی ئەو ساڵەدا بڕیاری ٦٨٨ی ڕاگەیاند. بڕیارەکە بە دەستکەوتێکی مێژوویی دەژمێردرێ بۆ خەڵکی کوردستان و کێشەی کوردی لەو بەشەدا هەنگاوێکی گەورە بردە پێشەوە و ناوچەکەی کردە (ناوچەیەکی ئارام). لەو کاتەشدا بەرەی کوردستانی (کە لە شاخ و لە چەند حزبێکی کوردستانی پێك هاتبوو) ئیدارەی بەشە ئازادکراوەکەی

باشووری کوردستانی دەکرد، تا هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩دا.

لە دوای ڕاپەڕین هەلومەرجێك هاتە ئاراوە، کە بە تەواوی لەگەڵ سەردەمی بەعسدا جیاواز بوو. نەك هەر لەبەر ئەوەی حوکمی بەعسی لە بەشی هەرەزۆری کوردستان دوورکەوتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە کایەی سیاسیی کوردستان ڕەنگاوڕەنگییەکی بێوێنەی بە خۆیەوە دی. سەردەمی ڕاپەڕین، هەر لە سەرەتاوە بەوە جیادەکرێتەوە سەردەمی فرەڕەنگی و فرەدەنگی بوو. گەڕانەوەی حزبەکان لە شاخەوە بۆ شار، بە بیروبۆچوون و تێڕوانینە جیاوازەکانیان و میدیاکانیانەوە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندابوون، هەلومەرجێکی تەواو تازەی لە کوردستاندا خولقاندبوو.

هەڵبژاردنی پارلەمان، لەگەڵ بوونی هەندێ دیاردەی شێواندن و ساختەش هێشتا بە دەستکەوتێکی گرنگ و مێژوویی دادەنرێ بۆ گەلی کورد، ئەمەش بە پێی هەڵسەنگاندنی (کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ)، کە یەکێك بوو لەو دەزگایانەی چاودێریی هەڵبژاردنەکەیان دەکرد، ئەوە یەکەمجار بوو لە مێژوودا گەلی کورد بتوانێت بەو شێوەیە گوزارشت لە ویستی خۆی بکات.[٢٤] دوای ئەمەش ساڵی ١٩٩٣ و لە پارلەمانی کوردستانەوە کۆمەڵێ یاسا دەرچووێندران، بۆ نموونە (یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣)، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕەوشی ڕۆژنامەنووسییەوە هەبوو، یان ڕەوشەکەی ڕێك دەخست.

ئینجا ڕاگەیاندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا، بەڵام تەقینەوەی شەڕی ناوخۆ لە ١٩٩٤/٥/١دا و "تەنینەوەی لە هەمووو کوردستاندا و ئیفلیجبوونی تەواوی حکومەتی هەرێم

---

(٢٤) بەرزان فەرەج (ئامادەکردن): چەند لاپەڕەیەکی ڕەش لە وەهمی دیموکراسیەتدا، ڕەهەند (گۆڤار)، ژمارە (٢)، ١٩٩٧، ل٢٣٧.

و پارلەمان و هەمووو دەستگا مەدەنییەکان، ئیتر بە تەواوی پەردەی لەسەر ئەو دیموکراسییەتە ڕووکەشە داماڵی، کە هەردوو حزبە سەرەکییەکە بەردەوام لە نوشووستی خۆیان لە ئاستی بەڕێوەبردنی کوردستاندا و کێشە و بەربەرەکانێ ناوخۆییە ترسناکەکانی خۆیانیان پێ دادەپۆشی".[٢٥]

پاشان هێنانی هێزی داگیرکەری عیراق، ئێران، تورکیا بۆ ناو کوردستان و بەکارهێنانی بەرامبەر هێزەکەی تر، لەمەشەوە ئاوارەبوونی ژمارەیەکی دیکە لە خەڵك و هەوادارانی حزبەکەی بەرامبەر، دوولەتبوونی حکومەت بۆ (ئیدارەی هەولێر، ئیدارەی سلێمانی) و تێکچوونی پارلەمانی کوردستان و دروستکردنی حزبی بچووك بە ناوی جیاجیا و دروشم و بەرنامەی جیاوازەوە لە پێناو بەکارهێنانی بەرامبەر هێزەکەی دیکە.

جگە لە شەڕی نێوان هەردوو حزبە سەرەکییەکەیش، شەڕی (پەکەکە) لەگەڵ هەردووکیان، شەڕی هەردوو حزبەکە لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکان، تا دەگاتە ڕێککەوتننامەی واشنتۆن و لەوێشەوە بۆ ڕەوشی "نە شەڕ نە ئاشتی"، ئینجا زیاتر لە سەد کۆبوونەوەی ئاشتی، دواتر هێوربوونەوەی زیاتری بارودۆخەکە، بە فشاری دەوڵەتە گەورەکان و کردنەوەی هەندێ بارەگا لە ناوچەکانی یەکتری.

هەر لەو ماوەیەدا سەندیکا و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دروستبوون، بەڵام زۆربەیان پاشکۆی ستراتیژی هێزە سیاسییەکان بوون و نوێنەری هەریەك لەو حزبانە بوون لە ناو ئەو چین، یان توێژە دیاریکراوە، هەروەك لە هەردوو ئیدارەدا هەڵبژاردن لە ناو ئەو ڕێکخراوانەدا ئەنجام دەدرا، ئەمەش لە کورتترین ئاماژەدا ئەوەمان پیشاندەدات، کە هۆیەك بووە بۆ تاقیکردنەوەی حزبەکان و زانینی سەنگ و قورساییان لەناو ئەو کەرتەی کۆمەڵگەدا.

---

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٧.

وەك چۆن هەڵبژاردنی شارەوانییەکان-یش گەمەیەکی دیکەی دەسەڵاتی کوردی بوو لە هەردوو ئیدارەدا و وێڕای ئەوەی بە خۆشحاڵی و ڕەزامەندیی سەرجەم حزبەکانی تر، ئەمەش بە هەمان شێوە لە پێناو تێگەیشتن لە حاڵی خۆ و سەنگ و قورساییان بوو، بەڵام لەگەڵ هەمووو ئەمانەشدا نابێ ئەوەمان بیربچێ، هەریەك لەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی لەو ماوەیەدا سەریان هەڵدا، هێنانەکایەی قۆناغێکی نوێ بوو بۆ هاووڵاتییانی ئەو ناوچەیەی بە هەرێمی کوردستان ناسرابوو، سەرباری ئەوەی ئەگەر بە شێوەی سەرەتاییش بووبێت ڕاهێنانێك بوو لەسەر ژیانی دیموکراسییانە و هاتنەکایەی چەند چەمکێکی نوێ بوو لە بابەت ئازادی، دیموکراسی، فرەحزبی،...هتد، هەروەك دەسەڵاتی کوردی هەنگاوی لە"بوارەکانی پاراستن و هێمنی و ئاسایشی هاووڵاتیان و ئاوەدانکردنەوە"[٢٦] هاویشتووە.

هەروەها لەگەڵ ئەوەی پارلەمان پاش ئەو هەمووو ساڵە و نەمانی هیچ متمانەیەکی خەڵکی کوردستان پێی، جارێکی تر پێکهێنرایەوە، کەچی هەردوو ئیدارەکە وێڕای بەڵێندانیشیان بە خەڵکی کوردستان، یەك نەخرانەوە.

هەروا هەلومەرجی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە دوای وەدەرنانی ڕژێمی بەعس ڕووبەڕووی دۆخێکی ئاڵۆز و دژوار بووبووەوە، چونکە شیرازەی دەزگا خزمەتگوزاری و ئابوورییەکان بە تەواوەتی تێکچووبوو، ئەوەی دەبینرا وڵاتێکی وێران، ژێرخانێکی داتەپیوو، ڕژێم موچەی کارمەندانی بڕیبوو، کۆمەڵانی خەڵك لە بێ ئاو و کارەبا و دەرمانی تەندروستیدا دەیانگوزەراند، بۆیە ڕاستکردنەوەی ئەو بارە نالەبارە هەم توانایەکی ماددیی زۆر و هەمیش توانای مەعنەوی، کە خۆی لە کادری شارەزای دەزگا و بوارە

---

(٢٦) د. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین ١٩٩٢-٢٠٠٢ (بە نموونەی شیعرەکانی-کوردستانی نوێ-وە)، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣)، ل٤٣.

جیاجیاکاندا دەبینێتەوە، دەویست، وێڕای ئەوەی ئەم پرۆسەیەش، کاتێکی پێویست بوو، ئەمانەش لە سەرەتادا بۆ دەسەڵاتی کوردی ئەرکێکی ئاسان نەبوون، سەرەڕای ئەوەی چوونە ژێر ئەو بارە ئۆباڵێکی مێژوویی گەورەبوو، لەبەر ئەوە نابێ ئەو ڕاستییە ون بکەین، کە تەنها ساڵێك پاش شەڕی (عێراق - کوەیت) "داهاتی هەر تاکێکی عیراقی ٦٪ هاتبووە خوارەوە"[٢٧] ئەمەش بۆ خۆی مانای "بەرزبوونەوەی ڕاستەوخۆی نرخی کەلوپەل و دروستبوونی زنجیرەیەك کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بڵاوبوونەوەی پەتای تەندروستی و...تاد"یە لە کۆمەڵگەدا.

هەرچەند ئەمانە هاووڵاتییانیان زۆر بێزارکرد، بەڵام هەرگیز وایان نەکرد نەتوانن خۆیان ڕابگرن، بەڵکو لەو بارودۆخەشدا کۆمەڵانی خەڵك و لە پێش هەموووشیانەوە فەرمانبەر و مامۆستایان بەرگەی دۆخە ناهەمووارەکەیان گرت و ماوەیەکی زۆریش بێ مووچە دەوامی ئاسایی خۆیان کرد.

سەرباری ئەمانەش، هاووڵاتییانی سنوری دەسەڵاتی کوردی لە کوردستاندا، وەك چۆن لە چەند ساڵی پێشتردا هەمیشە دەنگیان بۆ ئازادی هەڵدەبڕی و خوێنی زۆریان بۆ ڕشت و خەباتی نەپساوەیان لە پێناودا کرد، تا پێی گەیشتن، ئاوهاش لەو هەلومەرجە نالەبار و ڕۆژگارە دژوارەی، کە وڵاتەکەیان لە ڕووی ئابوورییەوە، تێیکەوتبوو، بەردەوام داوای نان و گوزەران و ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیان و پرۆژەی ئابووری و خزمەتگوزارییان لە حکومەتی هەرێم دەکرد.[٢٨]

---

(٢٧) د.مصطفى الانصاري: العراق، الامم المتحدة، بنك المعلومات العراق، ١٩٩٨،

(٢٨) د.فوئاد مەعسوم: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، پرۆتۆکۆڵەکان، ب١، (ب.ش: ب. د، ١٩٩٧)، ل٣٩٤.

بۆیە تاکو "بارگرانیی ئابلۆقەی ئابووریی سەر هەمووو عیراق سووکتر بکات، بەتایبەتی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق"[٢٩]، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە ڕوانگەی ئەو باری هەڵاوسانە ئابوورییەی عیراق و بۆ ڕزگارکردنی گەلانی لەو مەرگەساتانە، بە هۆی ڕێکخراوی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە بڕیاری ٩٨٦ی دەرکرد، بە گوێرەی ئەو بڕیارە ڕێ بە حکومەتی عیراق درا لە ماوەی شەش مانگدا بایی دوو ملیار دۆلار نەوت بفرۆشێت و لەو بڕە پارەیە ٥٣٪ ی بۆ کڕینی پێویستییە مرۆییەکانی باشوور و ناوەڕاستی عیراق و ١٣٪شی بۆ کڕینی پێداویستیی مرۆیی هەرێمی کوردستان تەرخان کرا.

لەو ماوەیەشدا حکومەتی هەرێم هەندێ پرۆژەی ئابووری و خزمەتگوزاریی جێبەجێ کرد، هەروەها توانیی تارادەیەك پارسەنگی ئابووری ڕابگرێ، وێڕای مووچەدانی ئەو ڕێژە زۆرەی کاربەدەست و فەرمانبەرانی حکومەت، مانگانە بەردەوام دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگەکانیشی دەدا و موچەیەکیشی بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بڕیەوە.

دواتر باری ئابووریی هەرێمی کوردستان بەرەو ژیانەوە و باری گوزەرانی خەڵکیش بەرەو باشتر هەنگاوی نا، کەرتی تایبەت بە ڕێژەیەکی بەرچاو سەری هەڵدا و گەشەی کرد و کۆمپانیا و کارگەی زۆری تایبەتی کرانەوە.

بەدەر لەمانەش، هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتەکەی بریتی بوو لە دەروازە سنورییەکانی، کە لە ڕێگەی گومرگەکانەوە بەدەست دەهێنرا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، حزبە کوردییەکان نەیانتوانیوە گەشە بەو زۆنە ئازادانە بدەن بۆ پرۆژەیەکی ناسیۆنالی، واتە ئەو شێوە

---

(٢٩) د.کەمال خەیات: گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژ٢٩، ساڵی ٢٠٠٠، سلێمانی، ل٥٠.

ئابوورییەی لە زۆنە ئازادەکاندا بووە لە ساتەوەختی چوونە ناو دەزگا و بوونی سیستمێکی ئیداریی نەگۆڕاوەوە بۆ جۆرێکی دیکە، بۆیە ئەو دەستەبژێرە ئابوورییەی لە کوردستاندا دروستبووە، هەوڵدەدات پەل بکێشێت بۆ دەرودراوسێکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ، هەمووو کەناڵەکانی سامانی خۆی لەگەڵیدا خستووەتەگەڕ. ئەو جۆرە ئابوورییە، جۆرێکە لە ئابووری دەکرێ بە (ئابووریی چەتەیی)، یان (مافیایی)، یاخود (سوب ناسیۆنالی) ناوی بنێین، لەبەر ئەوە لەسەر ئاستی دوور، یان نزیك دەوڵەت لەگەڵ ئەم جۆرە ئابوورییەدا مامەڵە ناکات، چونکە (قاچاخ) کە کۆڵەکەی ئەم ئابوورییەیە دژ بە ئابووریی نەتەوەییە، بۆیە هیچ کات دەوڵەتی ناسیۆنال ڕێگە نادات قاچاخ ببێتە سیستمێکی ئابووری و زیان بە ئابووریی نەتەوەیی بگەیەنێت، بۆیە کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەو شێوە ئابوورییەی کە لە زۆنە ئازادەکاندا هەبووە، ئەمڕۆ بووەتە زۆنێکی گەورەتر و لە لایەن سیاسەتی نێودەوڵەتیشەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان پارێزراوە، بەڵام بازرگانی، کە هەڵبەت لە حاڵەتی کوردستاندا بە تەنیا (قاچاخ) دەگرێتەوە، تاکە کەرتێکی ئابوورییە کاردەکات، کەرتە ئابوورییەکانی دیکە هەموویان فەرامۆشکراون و خنکێنراون و حزبە کوردییەکانیش کاری جیددییان بۆ زیندووکردنەوەی نەکردووە، گەر نەڵێین بۆ خۆیان لەناوبەری کایەکانی ترن.[٣٠]

پاشان هەردوو حزبە سەرەکییەکە لەسەر ئاستی ئابووری ٣٠٪ی داهاتی کوردستانیان بۆ پارلەمان دانا و باقییەکەشیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد و ئەوە بوو لە دواییشدا هەر ئەمە بووە هۆکاری تەقینەوەی ناکۆکییەکانیان، کە خۆی لە شەڕی ناوخۆدا بینییەوە.

---

(٣٠) مێزگردێك لە نێوان (بەختیار عەلی، ئاراس فەتاح و مەریوان وریا)دا: وێنە و تراژیدیا، ڕەهەند (گۆڤار)، ژمارە (٢)، ١٩٩٧، ل٥٥-٥٦.

دواتر دۆخی نە شەڕ نە ئاشتی، ئینجا قۆناغی ئاشتبوونەوە، پاشان هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ عیراق و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، دوای ئەمەش یەکخستنەوەی پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەگەر هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان لەو دۆخە ناهەمووارەدا بووبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەمە کاریگەریی ڕاستەوخۆشی بۆ سەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە لە کۆمەڵگەیەکدا (شەڕ) لە سیما دیارەکانی بێت و هەلومەرجی ئابووری-یش لەباری دژواری خۆیدا بێت، ئەی دەبێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە چ حاڵێکدا بیگوزەرێنێت؟!

لەگەڵ ئەوەی ئەو کولتوورەی لە بەعسەوە مابووەوە و ڕەگی قوڵی هەبوو، هەروا بە ئاسانیش نەدەتوانرا ڕیشەکێش بکرێ، بەڵکو جارێکی دی بووبووەوە بە شوناسی کەسێتیی کوردی و لە بەرگێکی تردا خۆی نمایش دەکردەوە.

خراپیی ئەو بارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەی ژن و منداڵانی قوربانیانی شەڕی چەند جەولەی ناوخۆ، کەمتر نییە لە باری خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتیی ژن و منداڵانی شەهید و ئەنفالکراوان، هەروەك چارەنووسی نادیاری دیلەکانی شەڕی ناوخۆ، بێهودەیی و چاوەڕوانییەکانی ژن و منداڵەکانیان لە هی ئەنفالەکان کەمتر نییە، ئەگەر وەك ڕێژەش زۆر کەمتر بێت.

بێوەژنبوونی سەدان ژن و هەتیووبوونی سەدان منداڵیش، کە ژن و منداڵ دوو بێگوناهترین بوونەوەری هەر کۆمەڵگەیەکن، دەبێ لە شەڕی بەرژەوەندیی هێزە سیاسییەکاندا تاوانی ئەوان چی بێت و بۆ ئەوان باجەکەی بدەن؟

بە هۆی باری نالەباری ئابوورییشەوە، لادانی زۆر خێزان لە ڕووی ئاکار و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و ناچاری فرۆشتنی ئەوەی کە لە کۆمەڵگەدا بە"شەرەف" ناوزەدکراوە، بەڵام دەبینین لەگەڵ بەرەو باشتربوونی ڕەوشە

سیاسی و ئابوورییەکە، دۆخی کۆمەڵایەتیش کەمێك هاتەوە سەر خۆی و ئیتر هاوولاتییانیش لە ڕزگاربووندا بوون لەو هەلومەرجە نالەبارە کۆمەڵایەتییە.

لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە، ئەگەر لە سەرەتادا هەر وابەستەی کولتووری بەعس بووبێتن، دوای ماوەیەك وردە وردە بەرەو دۆزینەوەی ستایلی کوردییانە هەنگاونرا، دەزگا و ناوەند و سەنتەری ڕۆشنبیریی زۆر بە ناوی جیاجیاوە کرانەوە، هەرچەند لەمەشیاندا دیسانەوە (حزب) خۆی لە پشتییانەوە مەڵاسدابوو، بە دیوەکەی تریاندا بۆ مەرام و ئامانجی حزب کەوتبوونەوە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، سەرەڕای ئەمە، خزمەتی بە بارە ڕووناکبیرییەکە گەیاندووە و ڕێگەی بۆ هاتنەپێشەوەی قەڵەمی نوێ و دەنگی تازە کردووەتەوە.

هەروا ڕاگەیاندن لە دوای ڕاپەڕین، بەشداربوو لە خزاندنی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو کەناری شەڕی ناوخۆ. سەرباری ئەوەی لێرەولەوێ دەنگ هەبوون هەوڵیان دەدا ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاقارێکی تردا بەرن، بەڵام ئاراستەی باڵادەست و زاڵ بەسەر زۆربەی هەرەزۆری کەناڵە حزبیەکاندا کۆمەڵگەی بەرەو شەڕ برد.

هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە، پەراوێزێك لە ئازادیی ڕادەربڕین لە کوردستاندا هەبوو، ئەمە لە لایەکەوە دەگەڕایەوە بۆ ئەو فرەڕەنگییەی ئاماژەمان پێ دا، لە لایەکی تریشەوە هێشتا دروشمە ئازادیخوازەکانی ناو حزبەکان کاڵنەبووبوونەوە و خەڵکیش تازە بە تازە هەستی دەکرد لە کۆتوبەندی دزێوترین دیکتاتۆری سەردەم ڕزگاری بووە، بەڵام لەو ڕووەوە کە کەناڵێکی سەربەخۆ و دامودەزگایەکی دامەزراو نەبوو ئەو پەراوێزە بەکاربێنێ، بەرەو بەرتەسکبوونەوە دەچوو، بەتایبەت پاش هەڵگیرسانی شەڕی حزبەکان. گومانی تێدا نییە، ئێمە کاتێك دەتوانین بڵێین خاوەنی مافێکی دیاریکراوین،

کە بتوانین بەکاری بێنین. توانای سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی مافێك، نەك هەر مایەی چەسپاندنی ئەو مافەیە، بەڵکو هەنگاوێکە بەرەو فراوانکردنی و بەرەو دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم). واتە، تا توانا و ئامرازەکانی بەکارهێنانی مافی ڕادەربڕینمان زیاتر بێت، ئەگەری چەسپاندن و فراوانکردنیشی زیاتر دەبێت[٣١].

بوارەکە لە ناو کورددا وەکو مێژوو سەدەیەك زیاتری تێپەڕاندووە، بەڵام وەکو خەملێنی تەواوەتی و بینینی ئەرکەکان وەکو خۆی، هێشتا ماویەتی، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی کاریگەریی داگیرکراویی کوردستان و ژێردەستەیی کورد و ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان و دروستبوونی ئەو پەراوێزەی ئازادی و هاتنەکایەی ژمارەیەکی زۆری کەناڵی ڕاگەیاندن بە ئاراستەی جیاوازیی کارکردنەوە، سیستمی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا بە گشتی بووەتە تێکەڵەیەك لە نێوان تیۆری دەسەڵات، ئازاد (لیبراڵ)، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، واتە دۆخێکی جێگیری نییە و لە قۆناغێکی گواستنەوەدایە[٣٢].

## ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەرێمی کوردستاندا

ئەگەر ئەو پێوانەیە بۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ئاستەنگەکانی ڕاست بێت، کە دەڵێت: "تەنینی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بە کۆمەڵێ ئاستەنگی یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نێودەوڵەتی، کە سنور بۆ

(٣١) هێرش ڕەسوڵ: میدیا و دەسەڵات- کۆدیدار، (سلێمانی: لە کتێبە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی "چاودێر"، ٢٠٠٨) ل٣٤، ٣٥.

(٣٢) هێرش ڕەسوڵ: ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٩٣ — ٢٠٠٧، ماستەرنامە، چاپنەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٠٨، ل٢.

پەیڕەوکردنی ئەو ئازادییە دادەنێت و لە مانا ڕاستەقینەکەی لە واقیعی کرداریدا خاڵی دەکاتەوە، تەنها لە بواری تیۆریدا دەیهێڵێتەوە، نەك پراکتیکی"[٣٣]، بە هەمان شێوە، دەکرێ سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)یش ببێتە مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنی جیددی، چونکە هەریەك لەو ئاستەنگانە بە شێوەیەکی گشتی، دروستبوونی ئەو هێزە چاودێرە پەکدەخات و تەنها لە چوارچێوەی تیۆریدا دەیهێڵێتەوە.

توێژەر، ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)ی لە هەرێمی کوردستاندا، لەم خاڵانەی خوارەدا دەستنیشان کردووە:

### یەکەم: ئاستەنگی سیاسی

زۆربەی توێژینەوەکان، ئاستەنگی سیاسی بە ئاستەنگێکی سەرەکیی بەردەم بەدەسەڵاتبوونی میدیا لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەك دەزانن، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی پرسی سیاسەت ڕۆچووەتە نێو تەواوی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و ڕەگەزێکی گرنگی هەموو بوارە جیاجیاکان پێکدەهێنێت.

کاتێك دەوترێت هەموو لایەنەکانی وڵات و کۆمەڵگە بە سیاسەتەوە بەندە، مەبەست هەموو پرس و بابەتەکانی پەیوەست بە سیاسەتە، هەر لە هۆشیاریی سیاسییەوە، تاکو بەرجەستەکردنی زانستییانەی سیاسەت لە فەلسەفەی حوکمڕانی و ئیدارە و سیستمی بەڕێوەبردن و دەسەڵات.

ئەو دۆخەی دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ لە کوردستانی بندەستی عیراق هاتەکایەوە، قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی هاوچەرخی کورددا لەم بەشەی کوردستاندا، ناوچەکە، کە دواتر لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتەوە بووە هەرێمی کوردستانی عیراق (دواتریش لەگەڵ هاتنی هاوپەیمانان بۆ عیراق و ڕووخانی ڕژێمی

---

(٣٣) الدكتورة سعدى محمد الخطيب: سەرچاوەی پێشوو، ص٥.

بەعس، لە دەستووری هەمیشەییشدا بە ڕەسمی دانی پێدا نرا)، لە ڕووی سیاسیشەوە هەلومەرجێکی تازەی بەخۆوە بینی، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ١٧ساڵی ڕابردوو لە هەڕەشەی بەردەوامی ڕژێمی بەعس و پێکهاتنی چەکوشی ئامادە و شەڕە جیاوازەکانی ناوخۆ و هێرشی دەوڵەتانی دراوسێ بۆ ناو هەرێم و زەمەنی نە شەڕ نە ئاشتی، جۆرێك لە ناسەقامگیریی ڕەوشی سیاسیی دروستکرد و هەرێمەکەی خستە قۆناغێکی گواستنەوەوە.

هەرێمی کوردستان تاکو ئێستاش لە قۆناغی گواستنەوەدایە، قۆناغێك هەوڵی تێپەڕاندنی ستراتیژ و میکانیزمی ژێر کاریگەریی فەلسەفەی حوکمڕانیی بەعس دەدات، کە سیستمێکی دیکتاتۆر و تۆتالیتار بوو، بۆ سیستمێکی دیموکراسی، کە تێیدا تاڕادەیەکی بەرچاو شەفافییەت و کرانەوەی سیاسی بوونی هەبێت و دەسەڵات دەستاودەستی پێ بکرێت و هەرسێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) لێك جیاکرابێتنەوە و کارابن.

گەشەپێدانی سیاسی لەم هەرێمەدا، لە ئاستێکی لاوازدایە، جۆرێك لە مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات و بەرتەسککردنەوەی پانتایی ئازادیی ڕێکخراوبوونی سیاسی دەبینرێت، بەشداریی سیاسی لە بازنەیەکی بچووکدا دەخولێتەوە، دەسەڵاتەکان تێکەڵی و ناسەربەخۆیی زۆریان پێوە دیارە و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان نابینن، بەتایبەت دەسەڵاتی یاسادانان، کە خۆی لە پارلەماندا دەبینێتەوە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن -حکومەت-ەوە ئاراستە دەکرێت، وەك چۆن بەردەوام حکومەتیش بەوە تۆمەتباردەکرێت، کە هەمان ناوەرۆکی حزبە و لە لایەن حزبەوە ئاراستەدەکرێت و لایەنی جێبەجێکاری بڕیاری کۆبوونەوە داخراوەکانی مەکتەبی سیاسیی حزبەکانە!، هەروەها دەسەڵاتی دادوەرییش تا ئەندازەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستاندا سەربەخۆ نییە و نەیتوانیوە خۆی لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی حزب و

بەرپرسە باڵاکانی دەربازبکات، داواکاریی گشتییش تاکو هەنووکە لایەنێکی لاوازی دەسەڵاتی دادوەرییە لە هەرێمدا و لە ناو واقیعی پڕ گێرمەوکێشە و گەندەڵیدا ناچالاك و بێدەنگە!.

ئەگەر سەربەخۆییبوونی دادوەری بە ئەنجامێکی سروشتیی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دابنرێت، ئەوا سەربەخۆییبوون لە ڕوانگەی هەموو دەستوورەکان و زانایانی بواری یاساوە بریتییە لە سروشتی دادوەری لە هەر دەوڵەتێك، کە دەیەوێت زامن بۆ داوەران دابین بکات[٣٤].

لەگەڵ ئەمانەشدا، لەم هەرێمەدا شتێك بە ناوی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نابینرێت، زەمینە بۆ دروستبوونی ئەو پێویستییە گرنگەی ژیانی دیموکراسی سازنەکراوە، جگە لە دوو حزبە سەرەکییەکە، چەند حزبێکی دیکە هەن، کە یان ئەوانیش لە حکومەت بەشدارن، یان هەر دروستکراوی حزبەکانی ترن و پێگەی جەماوەری و کاریگەریی ئەوتۆیان نییە، ئەوەیشی بە ناوی (یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣) هەیە، زیاتر وەك کۆمەڵێ دەقی نووسراو ماوەتەوە و وەکو پێویست کاری پێ ناکرێت، چونکە ڕێگەی کارکردن بە هەندێ حزب، کە لەگەڵ ئایدیا و بەرژەوەندیی دوو حزبەکە ناگونجێن، نادرێت.

لێك جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکان یەکێکە لە ئاستەنگە دیارەکانی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)، چونکە تاوەکو ئەو دەسەڵاتانە لێك جیاکراوە و سەربەخۆ نەبن، میدیاش ناتوانێت ئەرکی چاودێرکاری بەسەریانەوە ببینێت.

---

(٣٤) چەند لێکۆڵیارێکی یاسایی: ئازادییە گشتییەکان و دیموکراسی، چ ١ (ب. ش.: پەیمانگەی نێودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ سەر بە کۆلێژی یاسای زانکۆی دیپۆڵ، ٢٠٠٥)، ل٢٤٤.

چەندە (چاودێرکاری)، وەکو ئەرکێکی ڕۆژنامەنووسی بۆ خەڵك پێویست بێت، زیاتر لەوەش بۆ دەسەڵات و سیستمی بەڕێوەبردن پێویستە، لەبەر ئەوەی، ڕەنگە دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاسان، لە ڕێگەی دەزگا هەواڵگرییەکانییەوە بتوانێت ڕۆژانە ئاگاداری ڕووداوەکانی وڵات بێت و هەواڵ و زانیارییەکان لە هاووڵاتییانی خۆی بشارێتەوە، بەڵام ناتوانێت ئەو ڕووداو و هەواڵ و زانیارییانە، بە پێی گرنگی و ئەولەویات پۆلێن بکات(٣٥)، بە جۆرێك بۆ ستراتیژ و میکانیزمی کارکردنی سوودیان لێ وەربگرێت، لە کاتێکدا میدیا لە ڕێگەی چاودێریکردنەوە، بە گواستنەوەیەکی واقیعییانە و دوور لە ڕتووش و جوانکردن و شاردنەوەی فاکتەکان، ڕوونی دەکاتەوە کامە پرس و دیاردە جێگەی نارەزایەتیی خەڵکە، چی گرنگە و پێویستە دەسەڵات بایەخ بە کامیان بدات، بەڵام گرفتی گەورەی میدیا و ڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستان، تێکەڵبوونی دەسەڵاتەکانە، بە جۆرێك دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و داد لەو وڵاتەدا لەسەر پێی خۆیان نەوەستاون و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان نابینن.

دۆخەکەیش، پێویستیی سازکردنی زەمینەیەکی سیاسی دێنێتە گۆڕێ، کە دەسەڵاتەکانی دیکە لەسەر پایەکانی خۆیان جێگیربن و بە شێوەیەکی سیستماتیك سنورەکانیان دیاری بکرێت و لە یەکتر جیابکرێنەوە، لەبەر ئەمە هەموو شرۆڤەکردنێك لەسەر دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)، قسەکردنێکی بێمانا دەبێت گەر دەستوورێك نەبێت لە ڕێی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئامادەگییەوە بۆ ڕەخنە دۆخێکی دروستکردبێت ڕۆژنامەنووسان و داوەران و هێزەکانی تر بتوانن بە سەربەخۆیی و لە دەرەوەی فشاری حزب و هێزە دەسەڵاتدارەکاندا کاربکەن، وەك چۆن میدیا کاتێك ئازاد دەبێت، کە کۆمەڵگە ئازاد بێت، کۆمەڵگەش کاتێك ئازاد دەبێت، کە دەسەڵاتەکان لە

---

(٣٥) هێرش ڕەسوڵ: میدیا و دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

دەستی دەستەبژێرێکی بچووك و داخراودا کۆنەکرابێتەوە، لە کوێدا دەستەبژێری دەسەڵاتدار دەستەبژێرێکی داخراو بوو، لەوێدا شتێك بە ناوی ئازادی و ڕەخنە و کرانەوە نامێنێتەوە[٣٦].

کولتووری شۆڕش و میدیای شاخ و بڵاوکراوەی نهێنی لە کوردستاندا وای کردوە بەدحاڵیبوونی زۆر سەبارەت بە ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس هەبێ، هەم لە لایەن دەسەڵاتەوە، کە دەنگی نەیار وەك دوژمن تەماشادەکات، هەم لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، کە بە نەغمەی "بڕوخێ" گوتار پێشکەش دەکەن، هەروەها باڵادەستبوونی ئایدیۆلۆژیا گشتگیرەکانی وەك (مارکسیزم، ناسیۆنالیزم، فەندەمێنتالیزم) و کزیی دەنگی لیبراڵ لە کولتووری سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردیدا بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، وای کردووە هەمیشە بە چاوی نزم و وەك جۆرێك لە بەرەڵایی بڕوانرێتە ئازادییەکان[٣٧].

### دووەم: ئاستەنگی ئابووری

هەندێ لە پسپۆڕان پێیان وایە، لێکدانەوەی ئەم لایەنە وەکو ئاستەنگێکی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا دەبێ پێش لایەنەکانی ترەوە بێت، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی، هاتنەکایەی میدیا لە دنیای هاوچەرخدا بەرلەوەی پێویستییەکی سیاسی، یان نەتەوەیی، یان کۆمەڵایەتی بێت، پێویستییەکی ئابوورییە، ئەم ڕایەش پشتئەستوورە بەو بەڵگەیەی، دامەزراندنی زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەمڕۆدا، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە لە بواری ئابووری و

---

(٣٦) مەریوان وریا قانیع: شوناس و ئاڵۆزی- چەند وتارێك دژ بە دۆگماتیزم، (سلێمانی: نیوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ٢٠٠٤)، ل٢٦٠.

(٣٧) هێرش ڕەسوڵ: ئازادیی ڕادەربڕین، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

بازرگانیدا، بۆیە نزمی و دواکەوتوویی ئاستی ئابووریی هەر گەل و وڵات و کۆمەڵگەیەك، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر توانای میدیا و کەمیونیکەیشن دەبێت.

گومانی تێدا نییە، خاڵێکی دیکە، کە وای کردووە بواری ڕۆژنامەنووسی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ببێتە پێداویستییەکی گرنگ، پێشکەوتوویی شێوازیی کارکردن و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سیستمی ئابووریی ئەو وڵاتانەیە، ئەو سیستمەش پێویستییەکی گەورەی بە بوونی ئەو بوارەوە هەیە، چونکە یەکێکە لە کەناڵە هەرە گرنگەکانی ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمە پیشەسازییەکان، ئەمەش لە ڕێگەی ڕێکلام[٣٨]ەوە. لەبەر ئەوە دواکەوتوویی سیستمی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، یان نەبوونی پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لەو بوارەدا وای کردووە تاکو ئێستا ڕێکلامکردن نەبێتە ئەمری واقیع لە پێناو بردنەوەی گرەوی پێشبڕکێی ئابووری و بازرگانی و ڕاکێشانی سەرنجی زۆرترین کڕیار بۆ لای کاڵا و بەرهەمە پێشاندراوەکان، یاخود نەبوونی هۆشیاریی ڕێکلامکردن، هۆکاری دیکەن بۆ ئەوەی میدیای کوردی تاکو ئێستا نەتوانێت داهاتی ڕێکلام و فرۆشیی خۆی بکاتە تاکە سەرچاوەی خۆبەڕێوەبردنی.

ئەمەی سەرەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر لەسەر ئاستی تاکیش بڕوانینە مەسەلەکە، دەبینین دۆخی ئابووری و ئاستی دارایی و بژێویی ژیانی ڕۆژنامەنووس زۆرجار دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر لە

---

(٣٨) ڕێکلام: چالاکییەکی کەمیونیکەیشنە، فرۆشیار لە ئەنجامی کاریگەردانان لەسەر کڕیار لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێواز و ئامرازە نا شەخسییەکان پێی هەڵدەستێت، بە شێوەیەك ڕێکلامکار لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ماس کەمیونیکەیشنەوە گوزارشت لە کەسیەتیی خۆی دەکات. بڕوانە: (د. طاهر محسن الغالبي، د. أحمد شاكر العسكري: الاعلان- مدخل الطبيقي، (عمان: دار الوائل للنشر، ٢٠٠٣)، ص١٧).

بەرامبەر چاودێربوونیدا بەسەر تەواوی دەسەڵات و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، وەك چۆن هەمیشە ترسی بڕینی مووچە و دوورخستنەوەی لەسەر کارەکەی هەیە، ئەمەش لە پێش هەموو شتێکەوە لە نەبوونی دڵنیایی و گرەنتییەکی پیشەییەوە سەرهەڵدەدات، بۆ ژیان و چارەنووسی ڕۆژنامەنووس لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە ئەمە وەك مافێك بە یاسا نەچەسپێنراوە و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان-یش لەم ڕووەوە تاکو کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیە گرەنتییەکی لەوجۆرەی بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسانی هەرێم بەدی نەهێناوە.

ناوەرۆکی ئەو تەنگوچەڵەمەیەی ڕووبەڕووی بەدەسەڵاتبوونی میدیا دەبێتەوە لێرەدا خۆی دەنوێنێت، باری سیاسیی نالەبار و نەچەسپاو و دڵنیانەبوون لە ئایندە هۆکاری لاوازی و گەشەنەسەندنی ئابووریی کوردین، ئابوورییەکی بەجۆرە یارمەتیدەر نابێت بۆ خستنەگەڕی پارە لە بازاڕی میدیای سەربەخۆدا لە لایەن کەرتی تایبەتەوە[٣٩]، ئەمەش بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە کاردەکاتە سەر هاتنەکایەی (دەسەڵاتی چوارەم)، چونکە نابێ خۆمان لەو ڕاستییە لابدەین، چاودێریکردن و ئازادیی ڕادەربڕین بە ڕەوشی جێگیری ئابوورییەوە بەستراونەتەوە[٤٠].

لەگەڵ ئەوەی ڕەوشی ئابووریی کوردستان لە ئاستێکی لاوازدایە، ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیش جێگیر نییە، ئەوانەش ئاستەنگن لە بەردەم هەر هەوڵێکی سەرمایەداران تاکو سەرمایە لە پرۆژەیەکی ڕووناکبیری و سیاسی و

---

(٣٩) ماگی زانگەر: لە کلاشینکۆفەوە بۆ کیبۆرد: ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عیراق، لە چیاوە دادەبەزێ، بەڵام بەرەو کوێ دەچێت؟، وەرگێڕانی: حسێن عەلی وەلی، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە ٦-٧، ساڵی دووەم، پایز- زستانی ٢٠٠١- ٢٠٠٢، ل٢٢.

(٤٠) أ. عبدالفتاح ابراهيم: حرية الرأي والفكر، جمع واعداد: شهاب أحمد الحميد، (بغداد: مركز الرابطة للدراسات والبحوث والتوثيق، ٢٠٠٤)، ص١٢٣.

ئابووری وەك دامەزراندنی کۆمپانیا، یان کەناڵێکی ڕاگەیاندن خەرج بکەن[٤١]، ئەمەش دواجار بە زیانی فەراهەمبوونی کەشی دیموکراسی و هاتنەئارای (دەسەڵاتی چوارەم) تەواودەبێت. هەروەها لاوازیی هۆشیاریی بازرگانیی میدیایی، یەکێکی ترە لەو فاکتەرانە، چونکە خاوەن سەرمایەکانی هەرێمی کوردستان کەمتر ڕوو لە دامەزراندنی کۆمپانیای میدیایی دەکەن، بەقەد ئەوەی سەرمایەکانیان لە بواری دیکەدا دەخەنەگەڕ.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین لە سەرەتای ڕاپەڕیندا ئەستەمبوو کەناڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ لەدایك بێت. لە لایەکەوە بارودۆخی سەختی ئابلۆقەی ئابووریی چەند لایەنە لەسەر کوردستان، نەك هەر ڕێگربوو لە بەردەم لەئەستۆگرتنی خەرجی و پێداویستییەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەك، بەڵکو خەڵکی کوردستانیش لە توانایاندا نەبوو ڕۆژنامە بکڕن و لە ڕووی مادییەوە زەمینەی بەردەوامبوونی ڕۆژنامەکە فەراهەم بێت. لە لایەکی تریشەوە، حەماسەت و گوڕوتینی دوای ڕاپەڕین، وای لە خەڵکی کردبوو بە تامەزرۆییەوە باوەش بە ڕۆژنامە حزبییەکاندا بکەن، ئەو ڕۆژنامانەی تا سەردەمێکی نزیك قەدەغە بوون و بگرە بەردەستکەوتنیان لەوانەبوو کۆتایی بە ژیانی خوێنەر بهێنێت. لە ڕاستیدا ئەم گوڕوتینە هەر زوو بەرەو ساردبوونەوە چوو[٤٢].

ساڵانی دواتریش چەند کۆمپانیا و دەزگا و دامەزراوە و سەنتەرێکیش تایبەت بە ڕاگەیاندن دروستبوون[٤٣].

---

(٤١) کاروان عەلی: ئازادی لە ڕۆژنامەگەریی حزبیدا، (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٢)، ل١٠١.

(٤٢) هێرش ڕەسوڵ: میدیا و دەسەڵات، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤-٣٥.

(٤٣) توێژەر، ئەم کۆمپانیا و دەزگا و دامەزراوە و سەنتەرانە دەکاتە چەند لقێك: لقی یەکەم: ئەو کۆمپانیا و سەنتەرانەی بە مانای میدیای ئەهلی کاردەکەن و هەوڵدەدەن

**سێیەم: ئاستەنگی یاسایی**

یاساکان، وەکو کۆتێك لە پاڵ کۆتوبەندە سیاسی و ئیدارییەکان لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهاندا بەردەوامن و دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان بەسەر میدیادا پیادەی دەکەن، ئەمەش بۆ زەوتکردنی ڕاستەوخۆی ئازادی، یان لە چوارچێوەگرتنی توانستەکانی میدیا بۆ پیادەکردنی ئەو ئازادییە(٤٤)، ئەمەش دواجار دروستنەبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)ی لێ دەکەوێتەوە.

لەم باسەدا پێویستمان بە وەستان لەسەر هەندێ لەو بەند و بڕگە یاساییانە دەبێت کەوا کاریگەرییان بەسەر دروستبوونی دەسەڵاتی چوارەم-ەوە لە کوردستاندا هەیە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین، هەریەك لەوانە بخەینە بەر تیشکی شیکردنەوە و مانا و کاریگەرییەکانیان لێك بدەینەوە.

---

بێلایەنانە و دوور لە ڕابردووی ئایدیۆلۆژیی ڕۆژنامەنووس و کارکەرانیان هەم هەنگاوێك لە بەجێگەیاندنی ئەرکی هەواڵ و زانیاریگەیاندن بە وەرگر و ئەرکەکانی تری ڕاگەیاندن بنێن، هەم بزنس بکەن و وێڕای خۆژیاندن و بەڕێوەبردن، لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە قازانجیش بکەن. لقی دووەم: ئەو کۆمپانیا و سەنتەرانەی خەونێکی میدیایی لە پشتیانەوەیە، ڕۆژنامەنووس و خەڵکی لێهاتوویش کاری تێدا دەکەن، بەڵام جۆرێك لە ڕق و تۆڵە بە پەیامەکانیانەوە دیارە و ڕابردووی ئایدیۆلۆژی ڕەنگدانەوەی بەسەر کارەکانیانەوە هەیە، کەمتریش گوێ بە قازانج دەدەن. لقی سێیەم: ئەو کۆمپانیا و سەنتەرانەی بە جۆرێك لە جۆرەکان حزب خۆی دروستی کردوون و ئەرکێکی دیاریکراوی بۆ قۆناغێکی دیاریکراو پێ سپاردون، لە ژێر فەرمانەکانی حزبدان و پەیامەکانیشیان بەو ئاقارەدا ئاراستە دەکرێن، باکیان بە تیراژ و فرۆش نییە و گوێ بە قازانج و زیانی ماددی نادەن، کەمتر لایەنی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی لە بەرچاو دەگرن و پتر مەبەستیان بینینی ئەرکێکی دەستنیشان کراوە.

(٤٤) صلاح الدين حافظ: احزان حرية الصحافة، ط٢ (القاهرة: مركز اهرام للترجمة والنشر، ١٩٩٧)، ص٦١.

ڕۆژنامەنووسیی کوردیی پاش ڕاپەڕین کەوا یەکێك لە سەرچاوەکانی هاتنەکایە و سەرپێکەوتن و گەشەکردنی، ئەو مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسیی ژێر سایەی حکومەتی عیراقی و ئەو بارە میدیاییە بووە، هەربۆیە ئەو یاسایەی لە سەردەمی دوای ئازادکردنی بەشێك لە خاکی کوردستانی بندەستی عیراق لە لایەن یەکەمین پارلەمانی هەڵبژێردراوی کوردییەوە بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی پەسەنددەکرێت (یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستانی عیراق[٤٥]) هەر لەبەر ڕۆشنایی (یاسای چاپەمەنیی عیراقی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨) گەڵاڵەکراوە، چونکە سیستمی دادگا و یاسایی هەرێمی کوردستان، لە زۆر ڕووەوە درێژکراوەی هەمان ئەو سیستمی داد-ە بوو، کە بەعس زیاد لە ماوەی سی ساڵدا لە کوردستاندا مرۆڤی کوردی پێ زەلیل کردبوو[٤٦]، ئەمەش یەکێکە لەو ڕاستییە تاڵانەی، کە ناکرێ خۆمانی لێ بێئاگا بکەین و باسی نەکەین.

ماددەی دووەم[٤٧]ی یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان تایبەتە بە سانسۆر[٤٨] و تێیدا ئاماژە بە دانەنانی

---

(٤٥) بە پێی بڕگەی ١ لە ماددەی ٥٦ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر پێشنیاری وەزیری ڕۆشنبیری و بڕیار لە سەردانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٨/٤/١٩٩٣دا بڕیاری دەرکردنی داوە و پارلەمانی کوردستان بە کۆی دەنگ پەسەندی کردووە و پاش بڵاوکردنەوەشی لە ڕۆژنامەکاندا لە ٢٥/٤/١٩٩٣ و بە بڕیاری ژمارە ٢٤ و بە ئیمزای جەوهەر نامق سالم (سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی) دەرچووە.

(٤٦) مەریوان وریا قانیع: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١.

(٤٧) "سانسۆر (رقابە) ناخرێتە سەر چاپەمەنی و هەر هاووڵاتییەك سەربەستە لە دەرکردنی هەر چاپەمەنییەکدا بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایە".

سانسۆر و سەربەستکردنی هاووڵاتییان دەکات لە دەرچوواندنی هەر چاپەمەنییەکدا، بەڵام لە برگەی کۆتایی مادەکەدا ڕێگرییەکی داناوە و نووسیویەتی: "بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە"، ئەمەش دەمانباتە سەر لێشاوێك حەرامکراو و قەدەغە، کە لە ماددەی نۆیەم(٤٩)دا ڕیزی کردوون، کەواتە ئەو سانسۆرەی کە لە ماددەی دووەمدا باسی دەکات و ڕایدەگەیەنێت، کە نییە، دەبینین ئامادەگییەکی بەرچاویشی هەیە.

ئەمە جگە لەوەی لەم یاسایەشدا ڕووبەڕووی پێناسەنەکردنی چەمکەکان دەبینەوە، ئەمەش جۆرێك لە نادیاریی دروستکردووە و دەسەڵاتی داد-یشی سەرپشککردووە هەر بابەت و نووسینێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ سیاسەتی

---

(٤٨) سانسۆر (censere): لە بنچینەدا وشەیەکی لاتینییە، بە مانای (حوکمدان و نرخدانان) هاتووە، بریتییە لە سیاسەتی سنوردانان بۆ دەربڕینی گشتیی بیروڕاکان و هۆکارە پاڵنەر و وروژێنەرەکانی جەماوەر، کە ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و سیستمی کۆمەڵایەتی و ئێتیکی هەبێت، کە دەسەڵات خۆی بە پارێزەریان دەزانێت، بۆیە ڕۆژنامە و چاپکراوە خولەکییەکان لە زۆربەی دەوڵەتان سانسۆری توندیان لەسەر دادەنرێت، چەند جۆرێکیشی هەیە: نائاساییی، بەرەنگاری، خۆپارێزی، بەردەوام، خودی، جەماوەر. بڕوانە: (د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد: سانسۆری ڕۆژنامەنووسی شێواز و جۆر و ئاراستەکانی، زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە ١٠، ساڵی ٢٠٠٣، ل٢٠٦ سامان فوزي عمر: قانون الاعلام، مجموعة من المحاضرات التي القيت على الطلبة المرحلة الثانية لقسم الاعلام في كلية العلوم الانسانية بجامعة السليمانية عام ٢٠٠١- ٢٠٠٢، الكورس الثاني، غير منشور، ص٢٩).

(٤٩)"بڵاوکردنەوە (النشر) لەو بابەتانە قەدەغەیە، کە هانی کردنی تاوان و کاری تیرۆریستی (الارهاب) دەدەن و ڕێوشوێنی بۆ خۆشدەکەن و تین و توانای بۆ دابین دەکەن، یا جنێو و تانوتلێدان و ناوزڕاندنی کەسانیان تێدابێ، یا دەستدرێژی بۆ سەر حورمەتی ئایین و مەزهەبەکان و دابونەریت و سیستمی گشتیی تێدابێ".

حکومەتەکەیدا یەکانگیر نەبێت، بە یەکێك لەو ئاستەنگانە تۆمەتباری بکات، وەکو: (کاری تیرۆریستی، جنێو، تانوتلێدان، ناوزڕاندن، دەستدرێژی بۆ سەر حورمەتی ئاین و ئایینزاکان، دابونەریت، سیستمی گشتی).

ئەو تەوەرانەی لەم مادەیەدا دیاریکراون و بوونەتە هێڵی سوور و نابێت ڕۆژنامەنووس لە چاپکراوەکاندا بیانبەزێنێت، دەشێت ئەگەر بە دیوێکدا قسەیان لەسەر بکەین، لایەنی پۆزەتیڤیان تێدابێت، بەڵام ئەگەر بە دیوەکەی دیکەدا لەبارەیانەوە بدوێین، هەستدەکەین ئەم ماددەیە و تابۆکراوەکانی ناوی، لاستیکییەتیان تێدایە و هێندە گشتگیرن تەنانەت تاوانبارترین کەس دەتوانێت لە سایەیاندا داکۆکی لە خۆی بکات و هاوکات دەتوانرێت بێتاوانترین کەسیشی پێ تاوانبار بکرێت. دەشێت بەشێکی زۆری چاپکراوەکان ئەگەر ڕەخنەی زانستی و تەندروستیش بگرن، بە سووکایەتیکردن بە دابونەریت، سیستمی گشتی تاوانبار بکرێن، چونکە لە خۆیدا دابونەریت بەرەنجامی پەیوەندییە گشتییەکانە و لە هەناوی کۆمەڵگەوە دێتەبوون، ئەم دوو لایەنە زۆر گشتگیرن و ئەم حاڵەتەیش وای کردووە زۆر کەس و لایەن بتوانن بە پشتبەستن بەم لایەنە چاپکراوەکان تاوانباربکەن و دواجار سنورەکانی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەنووسی تەسك بکەنەوە(٥٠) و ببنە ئاستەنگێك لە بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەرێمی کوردستاندا.

سەرباری ئەمانەش، یاسای چاپەمەنیی هەرێم لەگەڵ دەرچوونی یاسای حزب و ڕێکخراوەکان لەو قۆناغەدا، ئەگەر بە هەموو ڕەخنە و

---

(٥٠) مەم بورهان قانع: ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا -توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە بۆ یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانی و عیراقی و گەڕانەوە بۆ نێو دانیشتنەکانی پارلەمان-، (سلێمانی: بەڕێوەبەریەتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠١) ل٩٤.

کەموکوڕییەکانیان ڕێگەی کارپێکردنیان پێ درابایە، پێش بەزۆر ڕووداو و پێشێلی و بێ یاسایی دەگیرا و ئاکامەکانیش بە شێوەیەکی ڕوونتر دەبوون[51].

هەندێ کەموکوڕیی دیکە بەدیدەکرێت، گرنگترینیان ئەوەیە کە بە پێی ماددەی پێنجەم[52]ی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ناتوانرێت ڕۆژنامە بە بێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێشینە **(الایجازة)** دەربکرێت، ئەمەش سەرەتایەکی ترسناکە بۆ ڕێگرتن لە بەدەسەڵاتبوونی میدیا، چونکە مۆڵەتپێدان بەشێکی جیانەکراوە و بنچینەیی سیستمی خۆپارێزی **(النظام الوقائي)**یە، کەوا دەوڵەت بۆ بەرگرتن لەو زیانانەی ئەگەری ئەوەی هەیە لە ڕێگەی کاری میدیاوە لە کۆمەڵگە بکەوێت، پەنای بۆ دەبات. هەروەها وەکو جۆرێکیش لە سانسۆری پێشوەخت دەردەکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەوە سیستمی ئاگاکاری **(الاخطار)** لەگەڵ گیانی سەردەم و پێشکەوتنە یەك لەدوا یەکەکان دەگونجێت و زەمینە بۆ بەچاودێربوونی میدیا سازدەکات.

تەنها یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان کاروباری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا ڕێك ناخات، بەڵکو لەو یاسایە زیاتر یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵ ١٩٦٩یە، لەبەر ئەوەی بۆ دەستنیشانکردنی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامەنووسی[53] و سزای ڕۆژنامەنووسان، بە پێی

---

(٥١) غازی حەسەن: سەرکوتی ڕۆژنامەی کوردی لە سێبەری یاسادا، (هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨)، ل٣٢-٣٣.

(٥٢) ماددەی پێنجەم: "هەر هاووڵاتییەکی عیراقی نیشتەجێی هەرێم، کە بیەوێ چاپکراوێکی خولەکی دەربکات، دەبێ داخوازییەك پێشکەشی وەزیری ڕۆشنبیری بکا و...".

(٥٣) یاساناسی فەڕەنسی پرۆفیسۆر بۆرکین تاوانەکانی بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامەنووسی پێناسە دەکات بەوەی "ئەو تاوانانەن کە پەیوەندییان بە خراپ بەکارهێنانی کایەی میدیاوە

ئەو بنچینەیەی، کە دەڵێت: **"لاجريمة ولا عقوبة الا بنص"**، یان **"لا اجتهاد في مورد النص"** دەبێ دادوەر بگەڕێتەوە بۆ یاسای سزادانی عیراقی و یاساکانی تری پەیوەندیدار و بەسەر ئەو کێشەیەی، کە بۆی بەرزدەکرێتەوە بیانچەسپێنێت(٥٤)، چونکە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان هیچ سزایەکی بۆ ئەو تاوانانە دانەناوە، دیارە ئەمە یەکێکی ترە لە کەموکورتییەکانی ئەو یاسایە.

ئەو سزایانەیەی لە چەند ماددەیەکی یاسای سزادانی عیراقیدا، بۆ نموونە هەردوو ماددەی **٤٣٣** و **٤٣٤** (٥٥) بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی دانراون، زۆر

---

هەیە". بڕوانە (د. لطيفة حميد محمد: جرائم النشر في التشريع العراقي، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، كلية القانون، ١٩٩٩، ص٥١).

(٥٤) د. کەمال سەعدی مستەفا: فەلسەفە و یاسا لە چەند وتارێکدا، (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی O.P.L.C. پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان ژمارە ٢٦، ٢٠٠٥)، ل٢٣.

(٥٥) یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩:

تاوانی قەزف: بڕگەی یەکەم لە ماددەی ٤٣٣: القذف (پلارهاویشتن): "واقیعێکی دیاریکراوە بە یەکێك لە ڕێگە ئاشکراکان دەدرێتە پاڵ کەسێك، ئەگەر ئەوەی دراوەتە پاڵ کەسەکە ڕاست بێت، ئەوا سزا دەدرێت، یان لە لایەن هاووڵاتییانەوە دەبێزرێت (بە سووکی تەماشا دەکرێت)".

سزای تاوانەکە: زیندانیکردن (حبس) و پێبژاردن (غرامە) یاخود بە یەکێك لەو دووانە دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو دانەپاڵە لە ڕێگەیەکی بڵاوکردنەوەوە بوو لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان، یان یەکێك لە هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن، ئەوا بارتوندی (ظرف مشدد) دەبێت. (واتا بە پێی ماددەی ١٣٦ لە هەمان یاسا، دادگا دەتوانێت ئەگەر حوکمەکە حەبس بوو، زۆرترین ڕادەی سزاکە دابنێت، بە مەرجێك لە دوو هێندەی سزاکە تێپەڕنەکات،

قورسن و لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا و، کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیدا یەك ناگرنەوە و ئاستەنگن لە بەردەم ڕۆڵبینینی میدیا وەکو چاودێرێك، ئەگەر ڕۆژنامەنووس هەڵەیەك بکات، کە ڕەنگە ناوزڕاندنێك ١٠ ساڵ بەنکردن بەخۆوە بگرێت، لە کاتێکدا بەندکردنی ڕۆژنامەنووس لە زۆر وڵاتی دیموکراسی و پێشکەوتوودا نەماوە لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی و لەبری ئەوە بە شێوازی دیکە سزای ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس دەدرێت، بۆیە دەکرێت یاساکانی ڕۆژنامەنووسی لەجیاتی بەندینشین و گرتن، لە زۆربەی حاڵەتەکان جەخت لەسەر حوکمی غەرامە و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوو بکەنەوە.

سەرباری تەندروستنەبوونی بەند و بڕگەکانی یاساکەیش، زۆرجار لە هەرێمی کوردستاندا، لەبری پۆلیس و دەزگا مەدەنییەکان، ڕۆژنامەنووس لە لایەن حزب و ئاسایش و دەزگا ئەمنیەکان و بە بێ فەرمانی دادوەر دەستگیرکراوە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا کراوە.

یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی یاسایەکی شیاو نییە و کۆتوبەندی زۆری تێدایە و چەمکەکان

---

ئەگەر غەرامەش بوو بیکاتە حەبس، هەروا دەتوانێت ئەمەش بکاتە دوو هێندە، بەڵام نابێت لە ١٠ ساڵ زیاتر بێت).

زیندانیکردن ٣ مانگ بۆ ٥ ساڵ. پێبژاردن ٥٠٠ فلس بۆ ٥٠٠ دینار.

تاوانی سەب: مادەی ٤٣٤: السب (جنێودان): "هاویشتنێکە، کە شەرەف، یان ئیعتیباری کەسێك بڕوشێنێت، یاخود هەستی بریندار بکات، تەنانەت ئەگەر خرانەپاڵی واقیعێکی دیاریکراو نەگرێتەخۆ".

سزای تاوانەکە: زیندانیکردن لە ساڵێك زیاتر نەبێت. پێبژاردن لە ١٠٠ دینار زیاتر نەبێت، بەڵام ئەگەر شێوە ئاشکراییەکە (العلانیة) لە ڕۆژنامە، یان چاپەمەنی، یان هەر ڕێگەیەکی دیکەی ڕاگەیاندنەوە بوو، سزاکەی دووهێندە دەبێت.

تێیدا لاستیکی و ناڕۆشن و پێناسە نەکراون، تەنها میدیای نووسراویش دەگرێتەوە و تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا یاسایەك بۆ ڕێکخستنی میدیا (بە نووسراو، بینراو، بیستراو و ئەلیکترۆنییەوە) نییە.

هەر لەم باسەماندا سەبارەت بە ئاستەنگی یاسایی لە بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)، دەکرێ ئاماژە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تێرۆر)[٥٦] لە هەرێمی کوردستان بکەین، کە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ە، چونکە دوو بڕگەی ئەو یاسایە کاری میدیا و ڕۆژنامەنووسی دەگرێتەوە.

ماددەی چوارەمی یاساکە، کە تایبەتە بەو کارانەی بە تاوانی تێرۆر دادەنرێن و ئەنجامدەرەکەی بە زیندانی لە ١٥ ساڵ تێپەڕنەکات، سزادەدرێت، دەبینین هەندێ دەستەواژە لە بڕگەی دووەم[٥٧]یدا هاتوون، وەکو: (هاندان، بەچاکزانین، پڕوپاگەندە) پێشتر ماناکانیان ڕووننەکراوەتەوە و لاستیکییەتێکی زۆریان پێوە دیارە، ئەمەش یارمەتیی دەسەڵاتی سیاسی و دەزگا ئەمنیەکانی دەدات، هەندێ کاری ڕۆژنامەنووسی و میدیاییش بخەنە ئەو قاڵبەوە، کە لە بنەڕەتدا بەو مەبەستە ئەنجام نەدرابن.

یاخود زۆرجار بڵاوکردنەوەی (نووسراو، کاسێتی تۆمارکراو، وێنە)ی تێرۆریستان، یان کارێکی تێرۆریستی مەبەستی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییانی لە پشتەوەیە لە مەترسی و کارەکانی ئەو گروپانە، یان

---

(٥٦) بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە و ئاشنابوون بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تێرۆر) بڕوانە: (وەقایعی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە ٦١، ساڵی شەشەم، ٢٠٠٦/٧/١٦، ل٣-٧).

(٥٧) "نووسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمارکراو، یان هاوشێوەی، وێنەی وای لە لابێت، یان بەدەست بێت، کە هاندان، بە چاك زانین، یان پڕوپاگەندە لەخۆبگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تێرۆرکاری، بە مەبەستی دابەشکردنی، یان بڵاوکردنەوەی".

ئاگاداركردنەوەیانە بۆ خۆتەیاركردن لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەیان، وەك چۆن ڕاگەیاندنیش، كە خۆی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و بۆ خۆشبەختیی كۆمەڵگە كاردەكات، بڵاوكردنەوەی ئەو مەتریالانەشی هەر بەو مەرامە دەبێت و لەو حاڵەتەدا بوونی بڕگەیەكی یاسایی لەمجۆرە، بەستنی دەم و دەستی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاكانی ڕاگەیاندنە و زیان بە پرۆسەی دیموكراسیی كۆمەڵگە و كرانەوە و شەفافبوونی سیستمی سیاسیی دەگەیەنێت.

هەروەك دەزانرێت لە حاڵەتی داخستنی دەرگاكانی هەواڵ و زانیاریی دامەزراوە حكومییەكان بەسەر هاووڵاتییاندا، دۆخێكی نائارام دروستدەبێت و زیانی گەورە دەگەیەنێت، زەرەرمەندی یەكەمیش حكومەت خۆی دەبێت، چونكە هەمیشە لەو دۆخە نا ئاساییانەدا پڕوپاگەندە(٥٨) و واتەوات(٥٩) دێتەكایەوە، ئەمەش دواجار بە زیانی هاووڵاتی و دەسەڵات دەشكێتەوە.

---

(٥٨) پڕوپاگەندە: چالاكییەكی میدیاییە، دەوڵەت، یان هەر دەستە و ڕێكخراوێكی كۆمەڵایەتی، یان سیاسی ئەنجامی دەدات بە مەبەستی كاركردنە سەر ئەقڵ و هەستی خەڵك و هاندانیان بۆ پاڵپشتیكردنی سیاسەتی ئەو لایەنەی كاری پڕوپاگەندەكە دەكات، لەگەڵ پشتگیریكردنی و بەدەنگەوەچوونی ئەو بۆچوونانەی، كە وەك بیرۆكە و هەڵوێست بۆ گۆڕینی ڕێچكەی ڕەفتاریان، یان چەسپاندنی، دەیانخاتە ڕوو. بڕوانە: (د. هاني الرضا، د. رامز محمد عمار: سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٩).

(٥٩) واتەوات: هەواڵێكی هەڵبەستراوە، كە لە واقیعدا هیچ بنچینەیەكی نییە، پشت بە زیادەڕۆیی و قەبەكردن و شێواندن دەبەستێت لە گێڕانەوەی هەواڵێك، كە هەندێ لە ڕاستییەوە نزیك بێت، بە ئامانجی كاریگەریی سایكۆلۆژی لەسەر ڕای گشتیی لۆكاڵی، یان هەرێمی، یان جیهانی، یان نەوعییە بۆ هێنانەدیی ئامانجی سیاسی، یان ئابووری، یان سەربازی، لەسەر یەك دەوڵەت، یان چەند دەوڵەتێك، یان جیهان هەمووی. بڕوانە: (هەمان سەرچاوە، ص٢١٥).

له برِگەی چوارەم(٦٠)ی هەمان ماددەی یاساکەشدا، چەند چەمکێکی پێناسەنەکراو هاتوون و دەکرێ لە هەر کات و ڕەوشێکدا میدیایەکی بینراو، بیستراو، خوێندراو، ئەلیکترۆنی بە ترس بۆ ناو هاوولاَتییان و هەڕەشە بۆ سەر قەوارەی سیاسیی هەرێمی پێ تاوانبار بکرێ، وەکو گوزارشتەکانی: (پڕوپاگەندەی تۆقێنەر، هاندان بۆ تاوانی تیرۆرکاری، ئاسایشی گشتی)، کەوا دەکرا لە پێشەکیی یاساکەدا، یان لە پاشکۆیەکی تایبەتدا ئەم دەربڕینانە ڕوون بکرانایەوە و ئەو جۆرە لاستیکییەتەی هەیانە، نەهێلَرابان.

هەر لێرەدا پێویستە کەمێك لەسەر دەستوور هەلَوەستە بکەین، بەو پێیەی یاسای بنچینەیی دەولَەتە و شکۆدارە، واتە لە سەروو هەموو یاساکانی ترە، کەواتە بریتییە لە بەلَگەنامەی بالاَ و بنچینەیی هەر ولاَتێك لە جیهاندا، سەرچاوەی یاسایی و ئێتیکی و مەعنەوییە، بە گوێرەی ئەو بەلَگەنامەیە پەیوەندییەکانی تاك بە کۆمەلَگە و بە دەسەلاَتەوە دیاری دەکرێت.

گەر لە دەستووری ولاَتێکدا شتێك بە ناوی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی هەبێت، ئەوا دەرفەت هەیە لەو ولاَتەدا (دەسەلاَتی چوارەم) دروست ببێت، بەلاَم تەنها دەقنووسکردنی ئەو ئازادییانە لە دەستووردا نابێتە تاکە زامنی بەدەسەلاَتبوونی میدیا، ئەگەر سیستمەکە خۆی سیستمێکی لیبراڵ و کراوە نەبێت و ددان بە مافەکانی مرۆڤدا نەنێت و بڕوای بە ئازادییەکان نەبێت، ئەوەتا لە بەشی سێیەمی دەستووری عیراقی ساڵی

---

(٦٠) "بە ئەنقەست، هەواڵ، ڕوونکردنەوە، یان پڕوپاگەندەیەکی تۆقێنەر بلاَوبکاتەوە، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو، یان ئەلەکترۆنی بە هەل وەربگرێت، یان بەکاریان بێنێت، لە ئینتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بلاَوبکاتەوە، کە ڕاستەوخۆ بگاتە ڕادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاریی وەها، کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسییەوە و ترس بخاتە نێو هاوولاَتییان و هەڕەشە لە قەوارەی سیاسیی هەرێم بکات".

١٩٧٠ لەژێر ناونیشانی (ماف و ئازادییەکان) و لە ماددەی ٢٦دا "دەستوور کەفالەتی ئازادیی بیرورِا و بلاوکردنەوە دەکات."[٦١]، کەچی لە واقیعدا حکومەت و حزبی بەعس رِێگەیان بە ئازادیی رِادەربرِین و رِۆژنامەنووسی نەدەدا و دەستیان بەسەر گشت کەناڵەکانی نووسراو، بیستراو و بینراودا گرتبوو و بواری بیروبۆچوونی جیاوازیان نەدەدا، هەروەك بە پێی رِاپۆرتێکی (Freedom House) لە ساڵی ٢٠٠١دا (واتە بەر لە رِووخانی رِژێمی سەدام)، وەکو رِاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، "لە عیراقدا دەستبەسەر ٩٨٪ی ئازادیی رِۆژنامەنووسیدا گیراوە"[٦٢].

ئەگەر باسی ئازادیی رِادەربرِین و رِۆژنامەنووسی لە دەستووری هەمیشەیی عیراقی فیدراڵ (کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا لە رِاپرسییەکدا لەناو گەلانی عیراقدا پەسەند کرا) [٦٣] و رِەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانی عیراق[٦٤]بکەین، دەبینین لە هەردووکیاندا بە دەق

(٦١) کەمال سەعدی: رِۆژنامەگەری و یاسا، رِۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە ٦-٧، ساڵی دووەم، پایز- زستانی ٢٠٠١-٢٠٠٢، ل٥.

(٦٢) (http://www.ajeeb.com/article/huraia/%30%30%30.html>(26/2/2001

(٦٣) بەندی دووەم: ئازادییەکان:

ماددەی (٣٨): "دەوڵەت ئەوانەی خوارەوە دەستەبەر دەکات بە شێوەیەك، کە پێچەوانەی سیستم و ئادابی گشتی نەبێت:

یەکەم: ئازادیی رِادەربرِین بە هەموو شێوە و شێوازێك.

دووەم: ئازادیی رِۆژنامەنووسی و چاپکردن و ئاگادارکردنەوە بۆ رِاگەیاندن و بلاوکردنەوە.

سێیەم: ئازادیی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی ئاشتییانە بە پێی یاسا رِێکدەخرێت".

(٦٤)بەشی سێیەم: ئازادییەکان:

ماددەی ٥٩: "هەموو کەسێك مافی لە ئازادیی رِا و رِادەربرِین هەیە".

هاتوون، بەڵام تێبینیی ئەوە دەکەین جۆرێك لە لاستیکی و ناڕۆشنیی چەمکەکان هەیە، هەروەك نووسراوە: "پێچەوانەی سیستم و ئادابی گشتی نەبێت"، یان دەستەواژەی "بە پێی یاسا ڕێکدەخرێت" هاتووە، بەڵام پێناسەی هەریەك لەو چەمکانەی نەکردووە، بۆیە دەکرێت کاتێك هەڵوێست، یان مەتریالێکی ڕۆژنامەنووسی، کە پێشاندەری ئەو ئازادییانە بێت، بە دڵی سیستمی سیاسی نەبێت، یان لەگەڵ ستراتیژ و بەرژەوەندییەکانی یەك نەگرێتەوە، بە یەکێك لەو چەمکانە ڕێگری بکات.

نەبوونی یاسایەکیش تایبەت بە فەراهەمکردنی مافی زانین [٦٥]، یان جێکردنەوەی لە یاسای ڕۆژنامەنووسیدا، ئاستەنگێکی دیکەی بەدەسەڵاتبوونی میدیایە لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە کاتێك دەرگاکانی

---

ماددەی ٦٠: "حکومەتی هەرێم ئازادیی بڵاوکردنەوە و چاپ و ڕۆژنامەنووسی و مافی کۆبوونەوە و خۆپێشاندان و مانگرتنی ئاشتییانە دەستەبەر دەکات، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت".

(٦٥)مافی زانین (**الحق في المعرفة**- The Right to Know) ئەنجامێکی سروشتیی مافی ڕادەربڕینە، پرەنسیپێکە بۆ یەکەمینجار لە لایەن کێنت کۆپێر Kent Cooper بەڕێوەبەری ئاژانسی ئاسۆشێتدپرێسی ئەمەریکییەوە لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە بەکار هات، کاتێك کۆپێر ڕەخنەی لە سانسۆری حکومی گرت، لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەی دەبنە هۆی بەرگرتن لە گەشەسەندنی ئازادیی ئەو زانیارییانەی لە بارەی جیهانەوە هەن، هەروەك قسەی سەبارەت بە (مافی خەڵك لە زانین) کرد، بەوەی یەکەمین چاککاری لە دەستووری ئەمەریکی مافدەدات، کە بە ئازادیی ڕا دەربڕدرێ و بڵاوبکرێتەوە، لەبەر ئەوە مافی خەڵك لە زانیندا ئەرکی زانینی ئەوانەی لە ئۆرگانە حکومییەکاندا کاردەکەن دەداتە ناوەندەکانی میدیا پێشکەشی خەڵکیان بکەن. بڕوانە: (ژان پۆل مارتۆز: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣ د. حسن عماد مکاوي: أخلاقيات العمل الاعلامي— دراسة مقارنة، ط٣ (القاهرة: الدار المصرية البنانية، ٢٠٠٣)، اطروحة دكتوراه منشورة ، ص٢١٥. وەرگیراوە لە: Fink، Conrad C. Media Ethics in the Newsoom And Beyond (N. Y.: McGraw- Hill، Inc.، 1988) P. 11.)

هەواڵ و زانیاری کلۆمدرابن و ڕۆژنامەنووس نەتوانێت لە سنورەکانی ئەو سەرچاوانە نزیك ببێتەوە، بێگومان دووچاری هەڵەی پیشەیی دەبێت، دەچێتە ناو دۆخێکەوە لە نێوان ئەرکی هەواڵ و زانیاریگەیاندن و تێرکردنی وەرگر بە مەتریاڵەکانی و خۆخستنە نێو ترس و دوودڵییەوە، هەلومەرجێك بۆ ڕۆژنامەنووس (وەکو نێرەر) دێتە پێشەوە، بەرامبەر وەرگرەکانی دەستەوەستان بێت و دەکەوێتە هەڵویستێکی حەرێجەوە، چونکە وردەکاریی ڕووداو و پێشهاتەکان و ناوەرۆکی وردی ناو کۆبوونەوە داخراوەکانی بۆ بڵاوناکاتەوە، ئەمەش جۆرێك لە بێمتمانەیی وەرگر بەرامبەر ئەو کەناڵی ڕاگەیاندنە دروستدەکات، لە بارێکیشدا ڕۆژنامەنووس لە کونوکەلەبەر و درزە بچووك و سەرچاوە نارەسمییەکانی زانیارییەوە شتێك هەڵێنجێت، ڕەنگە بکەوێتە هەڵەی ئێتیکیشەوە، یاخود ئەگەر هەواڵ و زانیارییەکەیشی ڕاست و دروست بێت، بەڵام سەرچاوەیەکی ڕەسمی و باوەڕپێکراو، یان کەسێتییەك، یان لایەنێك جەخت لەسەر ڕاستبوونی نەکاتەوە، ڕۆژنامەنووسەکە بە گەیەنەری ناڕاستی و بڵاوکەرەوەی زانیاریی هەڵە و بێبەڵگە و شێوێنەری هەقیقەتەکان تۆمەتباردەکرێت.

لە زۆر وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا، مافی زانین لە چوارچێوەی یاسای تایبەتدا داڕێژراوە و دەقنووس کراوە، یان هەر لە نێو یاسای تایبەت بە ڕاگەیاندندا هاتووە و مافی داوەتە ڕۆژنامەنووس هەموو بەڵگەنامە و زانیارییانەی بۆ بڵاوکردنەوە دەشێن و زیان بە سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، ژیانی تایبەتی تاکەکان و ئاسایشی وڵاتەکە ناگەیەنن، بڵاوبکاتەوە، بەڵام هێنانەوەی ئەم چەمکانەش فۆرمێکی لاستیکی و تەمومژاوی وەرناگرن و پێناسەکراون، بەم جۆرەش بوار بۆ دەسەڵات ناهێڵێتەوە لێکدانەوەی تریان بۆ بکات و ڕۆژنامەنووسی پێ تۆمەتبار بکات. هەروا لەو یاسایەدا ئەرك دەخاتە بەردەم فەرمانبەری دەوڵەتیش هاوکاریی ڕۆژنامەنووسان بکات بە

پێدانی دۆکیۆمێنت و زانیاریی دروست، بەڵام ئەوەی دەبینین تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا یاسایەکی لەوجۆرە لەئارادا نییە، لە یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی **١٩٩٣**ی چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان-یشدا دەقێکی ئەوتۆی تێدانییە ئەو مافە دەستەبەر بکات.

## چوارەم: ئاستەنگی کۆمەڵایەتی

ئەم ئاستەنگەیش، یەکێکی ترە لە ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە بوارەکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی کۆمەڵگە و تاکەکانییەوە هەیە، ئەمەش درێژکراوەی کولتوورێکی چەندین ساڵەیە.

هاوشێوەی سەردەمی دەسەڵاتی داگیرکارەکانی تری کوردستان، لە سەردەمی ڕژێمی بەعسیشدا لە باشووری کوردستان، مەسەلەی سیاسی تەنها ئاستەنگ نەبوو، کە گرنگیی میدیا لە کۆمەڵگەدا کەم بکاتەوە، بەڵکو ئەو ترسە دەروونییەش بوو لە ڕادەربڕین و قسەکردن، کە لە ناخی هەمووواندا دروستکرابوو، ئەمەش، زادەی کولتووری داخراو بوو، چونکە تاکی کورد لە سایەی کولتوورێکدا پەروەردە بووە، کە هەر لە منداڵییەوە ترس لە قسەکردن و ڕادەربڕین لە دەروونیدا دەچێنێت، ئەمە لەگەڵ ئەو بڕوابوونە نامۆیەی، کە ئەو ڕژێمانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو لە هەست و نەستی ئەو تاکەدا چاندبوویان، وای کردبوو نەتوانێت بە ئاسانی پراکتیزەی سەرەتاییترین مافەکانی بکات[٦٦]، ئەمەش وادەکات بە بایەخەوە لە کایەی میدیا نەڕوانرێت و هەوڵ بۆ کاراکردنی نەدرێت.

(٦٦) فەرەیدون سامان: ڕۆژنامەڤان، (سلێمانی: بەڕێوەبەریەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٥)، ل١٤.

هەر ئەو بارە کۆمەڵایەتییە و ئەو سیستمەی کۆمەڵگەی کوردی فاکتەرێکی تری کاریگەر دەبێت لەسەر کارابوونی میدیای کوردی، چونکە نابێ خۆمان لەو ڕاستییە ببوێرین، کە پەیوەندی لە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ئازادیی کۆمەڵگەدا لە لایەك و هەروەها پەیوەندیی بە ئاستی ئابووریی کۆمەڵگەش لە لایەکی ترەوە، هەیە(٦٧).

لەبەر ئەوەی هێشتا میدیای کوردی لە سەرەتادایە، هەنگاوەکانی لە پێناوی بەدەسەڵاتبوونی سستن، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی تاك، کە هەندێکجار لەبری ئەوەی میدیا وەك چاودێر و هۆکاری بەخۆداچوونەوە و چاکسازی سەیربکەن، دەیخەیەنە خانەی گومان و نەیار و دژەوە.

ئەو تێڕوانینە نێگەتیڤە میللییەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ پەیام و ئەرکی میدیا هەیە و میدیا وەکو "زوڕناژەن و چەواشەکار" تەماشادەکات، زادەی سیاسەتی تۆتالیتارییانەی ڕژێمی داگیرکارە، لە ڕێگەی میدیاکەیەوە ئەوجۆرە ڕوانینەی دروستکردووە و لای زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە چەسپاوە و گۆڕینیشی هەوڵی بێوچانی دەوێت.

## پێنجەم: ئاستەنگی ئایینی

هەر لە دێرزەمانەوە و بەهۆی کاریگەریی ئایین و کولتووری نەتەوەکانی دراوسێ، بەتایبەت ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەمیشە لایەنی ئایینی ئاستەنگێکی کاریگەر بووە لەسەر ئازادییەکانی تاکی کورد، بۆیە هەژموونەکانی ئایین و ئایینزاکانی کۆمەڵگە، بواری بۆ جیاوازی و ئازادیی ڕادەربڕین نەهێشتووەتەوە، لەکاتێکدا میدیا پێویستییەکە لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی بۆ گرەنتیی پێشکەوتنی

(٦٧) صلاح الدين حافظ: سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣.

کۆمەڵگە لە لایەك و نەهێشتنی مەترسی، کە کاریگەریی لەسەر فشاری خەڵك هەیە بە ناچارکردنیان لە چەپاندنی هەستەکانیان و بەندکردنی بیروباوەڕیانەوە بۆ نائومێدی و زیادەوەڕەوی، لە لایەکی ترەوە پێویستە[٦٨].

توندڕەوی ئایینی و دروستکردنی دۆخێك، کە بواری ئازادیی باوەڕ نادات، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگە و ژیانی تاکەکانییەوە هەیە، سنور بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دەکێشێت و دوو بەرەی جیاواز لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات، ئەوەی بیروباوەڕی ئەو ئایینەی قبووڵە "چاك" و ئەویتر "خراپ".

بەو پێیە، هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ئاستەنگێکی گەورە بوون لە بەردەم کارابوونی ڕۆڵی میدیا، چونکە بە زەنگێکی ترسناکیان بۆ سەر خۆیان و باوەڕەکەیان دەزانی، بەو هۆیەشەوە لەو ساڵانەدا چەند ئازادیخواز و مەدەنیخوازێکیان تیرۆرکرد و ئازاری چەندی دیکەیان دا و فەتوای کوشتنیان بۆ چەندین ڕووناکبیر دەرکرد.

**شەشەم: ئاستەنگی پیشەیی**

لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا، میدیا نەبووەتە پیشە، بە شێوەیەك ژمارەیەکی بەرچاوی میدیاکاران کردبێتیان بە سەرچاوەی سەرەکیی گوزەرانیان، هەروەها پرەنسیپە گرنگەکانی پیشەکە بە تەواوی ڕۆنەچووەتە ناو کارەکانیانەوە، سەرباری ئەوەی مەسەلەی ئەکادیمیبوونی میدیایش لەم هەرێمەدا مێژوویەکی درێژی نییە و کردنەوەی بەشەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا بۆ ئەم ساڵانەی دوایی دەگەڕێتەوە (ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەو کەموکوڕیانەی هەیانە)، ئاستەنگی پیشەیی یەکێکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم).

---

(٦٨) أ. عبدالفتاح ابراهيم: سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٣.

لایەنێکی ڕۆڵبینینی چاودێرانەی میدیا لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا بریتییە لە پرسی پیشەییبوون، چونکە کاتێك میدیا ئاستەنگی سیاسی، ئابووری، یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیشی نەبوو، بەڵام میدیاکار نەیتوانی پرۆفێشناڵانە کاربکات زەمینە بۆ دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) دروست نابێت.

جگە لەمە، ڕەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی کاری میدیایی-ش کاریگەریی لەسەر بەدەسەڵاتنەبوونی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەمەیش پرسەکانی ڕاستگۆیی، ڕاست و دروستی، بابەتیبوون، بەرپرسیاریەتی، وردی، ڕەچاوکردنی تایبەتیبوونی ژیانی کەسەکان... تاد تا ئەندازەیەکی زۆر فەرامۆشدەکرێت و دواجار ڕێگە بۆ هاتنەکایەی جۆرێك لە ڕۆژنامەنوسیی زەرد[٦٩] خۆشدەکات و ئەوەندەی تر دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) دوادەخات.

---

(٦٩) ڕۆژنامەنووسیی زەرد (الصحافة الصفرا و-Yellow Journalism ) زاراوەیەکە بۆ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بەکاردێن، کە تایبەتمەندیەتییان وەرگرتووە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی وروژێنەر بە هۆی بەهایان لای مرۆڤ، کەوا ئەو هەواڵانە حەزەکانی مرۆڤ دەدوێنن. واتە ئەوجۆرە میدیایانە، تەنها بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئابڕوبەری، سێکسی، تاوانکاری و ژیانی تایبەتی، ناوبانگی باش پەیدادەکەن. مێژووی ئەم ناونانەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٣، کاتێك (جۆزیف پۆلیتزەر) ڕۆژنامەی (New York World)ی بڵاوکردەوە، کە تایبەتمەندیەتی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئابڕوبردن و نهێنیی ژیانی تایبەتی و تاوان و سێکس وەرگرتبوو، ڕەنگی لە چاپکردنی ژمارەی ڕۆژی یەکشەممەدا بەکاردەهێنا، ڕەنگی زەردیشی تایبەت کردبوو بەوجۆرە هەواڵانە، لە هەمان سەردەمدا (ویلیام ڕاندۆڵف هێرستا) ڕۆژنامەی (New York Journal)ی بڵاوکردەوە و لەگەڵ ڕۆژنامەکەی پۆلیتزەردا لەسەر زیادکردی تیراژ کەوتە ململانێ، ئینجا پۆلیتزەر لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا کەسیەتییەکی کارتۆنی دروستکرد پێیان دەوت: منداڵی زەرد The Yellow kid، دوای ئەمەش

نەبوونی پەیماننامەیەکی شەرەف[٧٠] یش، کە سەرجەم ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانی هەرێم وەکو دەستوورێکی ئێتیکی پەیڕەوی بکەن، کاریگەریی لەسەر دروستبوونی ئەو دەسەڵاتە هەیە.

**حەوتەم: ئاستەنگی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی**

یەکێکی دیکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)، ئاستەنگی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییە، ئەویش بەهۆی دەستخستنە ناوەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە لە کاروباری هەرێمی کوردستان و تێڕوانینی داگیرکار و دوژمنکارانەیان بۆ هاووڵاتییانی.

دەوڵەتانی دراوسێ، هەمیشە لە هەوڵی پەکخستنی ئەزموونی حکومەتی هەرێم و پرۆژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین، بە پاساوی جیاجیایش ئاستەنگی زۆریان لە بەردەم بواری میدیا دروستکردووە.

---

کاریکاتێریستێك هەردوو کەسیەتییە هاوشێوەکەی پێ سپێردرا. ئینجا ڕۆژنامەی دیکەش بۆ ڕەواجپەیداکردنیان پەیڕەوی ئەوەیان کرد و برەویان بە ڕۆژنامەنووسیی زەرد دا. بڕوانە: (ڕۆژنامەوانی زەرد و ئەخلاقی میدیایی (گفتوگۆ لەگەڵ د. یونس شوکرخوا)، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، ڕۆژنامەنووس (گۆڤار)، ژمارە ٨، ٢٠٠٦، ل١٣٥ د. کرم شلبی: سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٢٧).

(٧٠) پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووس، یان پەیماننامەی شەرەفی پیشەی ڕۆژنامەنووسی، کۆمەڵێك پرەنسیپی ئێتیکییە، وەکو دەستوورێك بۆ جوڵانەوە و کاری پیشەیی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسان لە نێوان خۆیاندا لە سەری ڕێکدەکەون، یان لە لایەن ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسییەوە لەو وڵاتەدا دادەڕێژرێت. بڕوانە: (د. کەمال سەعدی: ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە، (هەولێر: دەزگای O.P.L.C. بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان ژمارە ٩، ٢٠٠٤)، ل١٧).

بەهۆی سەربەخۆنەبوونی سیاسیی ئەم بەشەی کوردستان و بوونی چەندین سامانی سروشتی لە خاکەکەیدا، بەردەوام وڵاتانی ناوچەکە و هەندێ لە وڵاتانی دنیا چاویان تێبڕیوە و هەنگاویان بە ئاراستەی کارانەبوونی میدیا لە هەرێم ناوە، چونکە بە مەترسییەکی گەورەیان داناوە لە بەردەم بەرژوەندییەکانی خۆیان.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا، دوای شرۆڤەکردنی چەمکی (دەسەڵاتی چوارەم) و مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی و فاکتەرەکانی دروستبوونی لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا، پاشان خستنەڕووی باری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕووناکبیری و میدیایی هەرێمی کوردستان، توێژەر، لە ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی ئەو دەسەڵاتەی لەم هەرێمەدا کۆڵیوەتەوە، لەو بارەیشەوە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لێجیانەکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری و کارانەبوون و سەربەخۆنەبوونیان لە هەرێمی کوردستاندا، هۆکاری سەرەکیی دروستنەبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)ە لەم هەرێمەدا.

٢- میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ بوونی بە (دەسەڵاتی چوارەم) چەند ئاستەنگێکی لە بەردەمدایە، هەریەك لەو ئاستەنگانەیش بە ئەندازەی خۆی بووەتە هۆیەکی نێگەتیڤ لە کارابوون و بە چاودێربوونی میدیا بەسەر دەسەڵاتەکاندا، گرنگترین ئاستەنگەکانیش بریتین لە: سیاسی، ئابووری، یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، پیشەیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.

٣- جگە لەوەی بەند و بڕگە یاساییەکان تاڕادەیەکی زۆر تەندروست نین و لەگەڵ گیانی سەردەم و ژیانی دیموکراسیدا ناگونجێن و لە خزمەت بەدەسەڵاتکردنی میدیادا نین، زۆرجار دەزگاکانی حزب، ئاسایش، حکومەت دەستدەخەنە نێو کاروباری میدیاوە.

٤- نەبوونی شەفافیەت و مافی زانین و فەراهەمنەبوونی ئازادیی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستاندا، زۆرجار میدیاکاران دووچاری هەڵەی پیشەیی و ئێتیکی دەکات و ڕووبەڕووی سزای یاساییان دەکاتەوە.

٥- تاكو ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان ستراتیژێكی ڕۆشنی میدیایی نییە، تاكو لە كاتی قەیران و ئەو دۆخە تایبەتییانەی ڕووبەڕووی هەرێم دەبنەوە، نزیكبوونەوە و لێك تێگەیشتن و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵات و ڕۆژنامەنووساندا دروست بكات.

٦- بوونی یاسا بۆ ڕێكخستنی كاری ڕۆژنامەنووسی بەس نییە بۆ دەستەبەركردنی ماف و ئازادییەكانی ڕۆژنامەنووس و دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)، ئەگەر سیستمی بەڕێوەبردنەكە لە بنەڕەتەوە بڕوای بە ڕۆڵی چاودێرانەی میدیا نەبێت.

٧- یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی كوردستان، لەگەڵ ئەوەی یاسایەكی شیاو نییە و كۆتوبەندی زۆری تێدایە و چەمكەكان تێیدا لاستیكی و ناڕۆشن و پێناسەنەكراون، تەنها میدیای نووسراویش دەگرێتەوە و تاكو ئێستا لە هەرێمی كوردستاندا یاسایەك بۆ ڕێكخستنی میدیا (بە نووسراو، بینراو، بیستراو و ئەلیكترۆنییەوە) نییە.

٨- بەندەكانی ٤٣٣ و ٤٣٤ لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩بۆ سزادان بە تاوانی بڵاوكردنەوە بەكاردێن، بەهۆی ئەوەی لە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی كوردستاندا سزا دیاری نەكراوە، ئەم سزایانەش قورسن و لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا و كۆمەڵگەی مەدەنی و دیموكراسیدا یەك ناگرنەوە.

٩- بڕگەی ٢ و ٤ لە ماددەی چوارەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تێرۆر) ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ هەوڵەكانی بەدەسەڵاتبوونی میدیا لە هەرێمی كوردستاندا پەكدەخەن.

١٠- ڕۆژنامەنووس و میدیاكارانی هەرێمی كوردستان تا ئەندازەیەكی كەم پرەنسیپەكانی ئێتیكیی كاری میدیایی ڕەچاودەكەن و تاكو نووسینی ئەم توێژینەوەیەش پەیماننامەیەكی شەرەفیان نییە.

# سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبی کوردی:**

١- ئەرسەلان بایز ئیسماعیل (د.): سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین ١٩٩٢-٢٠٠٢ (بە نموونەی شیعرەکانی-کوردستانی نویّ-وە)، چ١ (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣).

٢- ژان پۆل مارتۆز: هەقتە بزانی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن، چ٢ (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧).

٣- ڕێبوار سیوەیلی: نووسین و بەرپرسیاری، چ٢(سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦).

٤- چەند لێکۆڵیارێکی یاسایی: ئازادییە گشتییەکان و دیموکراسی، چ ١ (ب. ش.: پەیمانگەی نێودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ سەر بە کۆلێژی یاسای زانکۆی دیپۆلّ، ٢٠٠٥).

٥- غازی حەسەن: سەرکوتی ڕۆژنامەی کوردی لە سێبەری یاسادا، (هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨).

٦- فەرەیدون سامان: ڕۆژنامەڤان، (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٥).

٧- فوئاد مەعسوم (د.): ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی یەکەم، ساڵی ١٩٩٧.

٨- کاروان عەلی: ئازادی لە ڕۆژنامەگەریی حزبیدا، (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٢)، ل١٠١.

٩- کەمال پۆلادی (د.): مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا لە ماکیاڤیلی تا مارکس- چەرخی نوێ، و: ئازاد وەڵەدبەگی و سیروان زەندی، ب٢، چ١ (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٥).
١٠- کەمال سەعدی (د.): ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە، چ١ (هەولێر: دەزگای **O.P.L.C**. بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان ژمارە ٩، ٢٠٠٤).
١١- کەمال سەعدی مستەفا (د.): فەلسەفە و یاسا لە چەند وتارێکدا، چ١(هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی **O.P.L.C**. پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان ژمارە ٢٦، ٢٠٠٥).
١٢- لەتیف مستەفا ئەمین: جیاکردنەوە و یەکپارچەیی دەسەڵات (دەستوورەکانی عێراق وەك نموونە)، (سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، ٢٠٠٨).
١٣- مەریوان وریا قانیع: شوناس و ئاڵۆزی- چەند وتارێك دژ بە دۆگماتیزم، (سلێمانی: نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ٢٠٠٤).
١٤- مەم بورهان قانع: ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا -توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە بۆ یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانی و عیراقی و گەڕانەوە بۆ نێو دانیشتنەکانی پارلەمان-، چ١ (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠١).
١٥- هێرش ڕەسوڵ: ڕۆژنامەی ئەهلی لە باشووری کوردستان (١٩٩٤ - ٢٠٠٢)، چ١ (سلێمانی: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ژمارە ٥٩، ٢٠٠٦).
١٦. هێرش ڕەسوڵ: میدیا و دەسەڵات- کۆدیدار، (سلێمانی: لە کتێبە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی "چاودێر"، ٢٠٠٨).

دووەم: کتێبی عەرەبی:


١٧- ابراهيم الداقوقي (د.): قانون الاعلام – نظرية جديدة في الدراسات الاعلامية الحديثة، ( ب. م، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي – جامعة بغداد، مطبعة وزارة الاوقاف و الشؤن الدينية، ب. س).
١٨- حسن عماد مكاوي (د.): أخلاقيات العمل الاعلامي– دراسة مقارنة، ط٣ (القاهرة: الدار المصرية البنانية، ٢٠٠٣)، اطروحة دكتوراه منشورة.
١٩- سعدى محمد الخطيب (د.): العوائق أمام حرية الصحافة في العالم العربي – دراسة تحليلية للعوائق القانونية و السياسية و الاجتماعية و الاقتصادية و الدولية- ، ط١ (بيروت- لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية، ٢٠٠٨).
٢٠- صلاح الدين حافظ: احزان حرية الصحافة، ط٢ (القاهرة: مركز اهرام للترجمة و النشر، ١٩٩٧).
٢١- چيهان المكاوي (د.): حرية الفرد.. حرية الصحافة (دراسة مقارنة)، ط١ (الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١).
٢٢- طاهر محسن الغاليي (د.)، أحمد شاكر العسكري (د.): الاعلان- مدخل الطبيقي، (عمان: دار الوائل للنشر، ٢٠٠٣).
٢٣- عبدالفتاح ابراهيم (أ.): حرية الرأي و الفكر، جمع و اعداد: شهاب أحمد الحميد، ط١، (بغداد: مركز الرابطة للدراسات و البحوث و التوثيق، ٢٠٠٤).
٢٤- لطيفة حميد محمد (د.): جرائم النشر في التشريع العراقي، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، كلية القانون، ١٩٩٩.
٢٥- ليون دجي (العميد): دروس في القانون العام، ت: د. رشدي خالد (بغداد: مركز البحوث القانونية، ١٩٨١).
٢٦- مصطفى الانصاري (د.): العراق، الامم المتحدة، بنك المعلومات العراق، ١٩٩٨.

٢٧- هاني الرضا (د.)، رامز محمد عمار (د.): الرأي العام و الاعلام و الدعاية، ط١ (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، ١٩٩٨) ص١٩٩).
٢٨- وائل عزت البكري (د.): تطور النظام الصحفي في العراق ١٩٥٨- ١٩٨٠ (دراسة التحليلية)، (بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٤).
٢٩- يوسف محي الدين ابوهلالة (د.): الاعلام نشأته، اساليبه، وسائله، مايؤثر فيه، ط١ (عمان- الاردن: مكتبة الرسالة الحديثة، ١٩٨٧).

**سێیەم: فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا:**

٣٠- احسان محمد الحسن (أ. د.): موسوعة العلم الاجتماع، ط١، (بيروت: دار العربية للموسوعات، ١٩٩٩).
٣١- بەدران ئەحمەد حەبیب: فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن (ئینگلیزی – کوردی - عەرەبی)، چ١ (هەولێر: کۆڕی زانیاریی کوردستان، ٢٠٠٥).
٣٢- عبدالمنعم الحفني (د.): موسوعة الفلسفة و الفلاسفة، ج١ (ب. م: مكتبة مدبولي، ١٩٩٩).
٣٣- كرم شلبى (د.): معجم المصطلحات الاعلامية (انجليزي/ عربي)، ط ٢ (بيروت: دار الجيل، ١٤١٥هـ – ١٩٩٤م).
٣٤- لويس معلوف: المنجد في اللغة، ط٣٥ (بيروت: ب. د، ١٩٩٨).

**چوارەم: دەستوور و یاسا و ڕەشنووسی یاساکان:**

٣٥- دەستووری عیراق بۆ ساڵی ١٩٧٠.
٣٦- دەستووری هەمیشەیی عیراق ٢٠٠٥.
٣٧- الدستور المصري لسنة ١٩٧١ المعدل.
٣٨- ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان.

٣٩- یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە کوردستاندا، ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦.
٤٠- یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣.
٤١- یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩.
٤٢- یاسای چاپەمەنیی عیراقی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨.
٤٣- یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣.

**پێنجەم: ڕۆژنامەکان:**
٤٤- وەقایعی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە ٦١، ساڵی شەشەم، ٢٠٠٦/٧/١٦.

**شەشەم: گۆڤارەکان:**
**أ- کوردی:**
٤٥- بەرزان فەرەج (ئامادەکردن): چەند لاپەڕەیەکی ڕەش لە وەهمی دیموکراسیەتدا، ڕەهەند (گۆڤار)، ژمارە (٢)، ١٩٩٧.
٤٦- ڕۆژنامەوانی زەرد و ئەخلاقی میدیایی (گفتوگۆ لەگەڵ د. یونس شوکرخوا)، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، ڕۆژنامەنووس (گۆڤار)، ژمارە ٨، ٢٠٠٦.
٤٧- کەمال خەیات (د.): گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژ٢٩، ساڵی ٢٠٠٠، سلێمانی.
٤٨- کەمال سەعدی: ڕۆژنامەگەری و یاسا، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە ٦-٧، ساڵی دووەم، پایز- زستانی ٢٠٠١-٢٠٠٢.
٤٩- ماگی زانگەر: لە کلاشینکۆفەوە بۆ کیبۆرد: ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عیراق، لە چیاوە دادەبەزێ، بەڵام بەرەو کوێ دەچێت؟، وەرگێڕانی: حسێن عەلی وەلی، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە ٦-٧، ساڵی دووەم، پایز- زستانی ٢٠٠١-٢٠٠٢.

٥٠- محەمەد دلێر ئەمین محەمەد (د.): سانسۆری ڕۆژنامەنووسی شێواز و جۆر و ئاراستەکانی، زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە ١٠، ساڵی ٢٠٠٣.
٥١- مێزگردێك لە نێوان (بەختیار عەلی، ئاراس فەتاح و مەریوان وریا)دا: وێنە و تراژیدیا، ڕەهەند (گۆڤار)، ژمارە ٢، ١٩٩٧.

**ب. فارسی:**

٥٢- محسن اسماعیلی (د.): تعامل حقوق و اخلاق در رسانەها، مطالعاتی و تحقیقاتی وسایل ارتباط جمعی (فصلنامە)، سال هفدهم، شمارە ٣، ١٣٨٥.

**حەوتەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

٥٣

http://www.albayan.ae/servlet/satellite?c=Article&cid=
>(1143341365497&pagename=...>(8/10/2007)<

-٥٤

http://www.ajeeb.com/article/huraia/%30%30%30.html>(26
(/2/2001

http://ar.wikipedia.org/wiki/Fourth-٥٥
Estate>(15/9/2008).

**هەشتەم: تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر:**

٥٦- هێرش ڕەسوڵ: ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٩٣ – ٢٠٠٧، ماستەرنامە، چاپنەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٠٨.

**نۆیەم: محازەرە:**

٥٧- سامان فوزي عمر: قانون الاعلام، مجموعة من المحاضرات التي القيت على الطلبة المرحلة الثانية لقسم الاعلام في كلية العلوم الانسانية بجامعة السليمانية، عام ٢٠٠١- ٢٠٠٢، الكورس الثاني، غير منشور.

٥٨- علي عبدالجبار الشمري (د.): وظائف الاعلام، مجموعة من المحاضرات التي القيت على الطلبة المرحلة الماجستير لقسم الاعلام في كلية العلوم الانسانية بجامعة السليمانية، عام ٢٠٠٥- ٢٠٠٦، الكورس الثاني، غير منشور.

**سەرنجێکی پێویست:** ئەم توێژینەوەیە، بەر لە پەسەندکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان (ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧) نووسراوە، لەبەر ئەوەشی تاکو نووسینی ئەم توێژینەوەیە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان (ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣) بەرکاربووە، توێژەر بۆ ئەو یاسایە گەڕاوەتەوە، نەك یاسا تازەکە.

*** لە دوانزەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ (٢٠-٢٧/١١/٢٠٠٨– سلێمانی) پێشکەشکراوە و خەڵاتی سێیەمی لێکۆڵینەوەی وەرگرتووە.**

# یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا
# لە نێوان ئێتیك و ئازادیدا

**خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ (یاسای ڕۆژنامەگەری**

**لە کوردستاندا ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧)**

یاسا، بوارێکی گرنگ و پێویستی ژیانی کۆمەڵگە و تاکەکانیەتی، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕێکخستنی جووڵانەوە جیاوازەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، بۆیە هەموو کار و پیشەیەکیش بە یاسای تایبەت بە خۆی ڕێکدەخرێت، لەو ئاستانەدا میدیا و ڕۆژنامەنووسی-یش وەکو پیشەیەکی هەستیار و جێبایەخی کۆمەڵگە خاوەنی یاسای تایبەتی خۆیەتی، بەو مەبەستەی پیشەکە ڕێك بخات و سنوری کاری میدیاکار و ڕۆژنامەنووسانیش بکێشێت.

بەشێوەیەکی گشتی، یاسای ڕۆژنامەنووسی هەوڵێك دەبێت بۆ پاراستنی ڕەوشی وڵات و کۆمەڵگە لە پشێوی و بەزاندنی سنورەکانی ئازادیی ڕادەربڕین و خراپ بەکارهێنانی ئەم مافە لە لایەك و دەستەبەرکردنی ئازادیی کار و بەخشینی زانیاری لە پێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵگە لە لایەکی دیکەوە.

سەرباری ئەمانەیش، لە هەندێ وڵاتدا، کە سیستمی بەڕێوەبردنیان دیکتاتۆری و تۆتالیتارییە، یاسا وەکو ئاستەنگێکی گەورەی بەردەم ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و کارابوون و بەچاودێربوونی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت، بۆیە لە گشت هەلومەرجەکاندا یاسا بە تەنها گونجاو و تەندروست نابێت و بوونی یاسای ناتەندروستیش بەدوور نازانرێت، بەڵام سیستمی کراوە و دیموکراس خاوەنی یاسای شیاوی ڕۆژنامەنووسییە.

لەو دەسپێکەی سەرەوەوە دەمەوێت چەند سەرنجێك دەربارەی (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا، ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧) بخەمە ڕوو.

پشتبەستن بە حوکمی بڕگە (١)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عیراق، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق لە دانیشتنی

ژماره (**٣٣**)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ بەهۆی ئیمزانەکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عیراق، بە پێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق، لە دانیشتنی ژمارە (٤)یدا، کە لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ گرێ درا، بڕیاری دانانی (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان)یدا، ئەمەش دوای ئەوە هات، کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پرۆژە یاسایەکی گەڵاڵەکرد و ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد و لەوێشەوە بۆ پارلەمانی کوردستان نێردرا.

هەرچەند ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و یاساناسان، پێش ناردنی پرۆژەکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و دوای ناردنیشی بۆ ئەنجوومەن و کاتێکیش لە پارلەماندا گفتوگۆی لەسەر دەکرا و پەسەندکرا و پاش ئیمزانەکردنی لە لایەن سەرۆکی هەرێم و گەڕاندنەوەی بۆ پارلەمان، سەرنجی خۆیان دەربڕی و داوای پێداچوونەوەیان کرد، بەتایبەت بەو بەند و بڕگانەی پەیوەندییان بە ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی و مافی زانین و دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاریی ڕۆژنامەنووسانەوە هەیە، بەڵام ئێستایش کە پەسەندکراوە و یاسایەکی بەرکارە لە هەرێمی کوردستاندا، دەکرێت لە لایەن توێژەر و ڕۆژنامەنووسان خۆیانەوە خوێندنەوەی جیددی بۆ بکرێت، تاوەکو لە هەمووارکردنەوەیدا سوودی لێ ببینرێت.

بەر لە هەر شتێك پێویستە ددان بەوەدا بنێین، ئەم یاسا نوێیە لە هەندێ ڕووەوە جیاوازیی لەگەڵ **"یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣"**دا هەیە، بەتایبەت سەبارەت بە شێوازی دەرچوواندنی ڕۆژنامە، کە لە سیستمی مۆڵەت وەرگرتن (**الایجازة**)ەوە بۆ سیستمی ئاگاکاری (**الاخطار**) گۆڕدرا، هەندێ دەستەواژەی لاستیکی و تەمومژاویی وەکو: **ئادابی گشتی، سیستمی گشتی**... نەخراونەتە دەقی یاساکەوە، زیندانیکردن وەك سزادانی ڕۆژنامەنووس نەماوە و تەنها سزای پێبژاردن

(**الغرامة**) بەکاردێت، دەقنووسکردنی کۆمەڵێ ماف و ئیمتیازات بۆ ڕۆژنامەنووس لە یاساکەدا، بەڵام ئەم یاسا تازەیە، ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی گرفتی گەورەی یاسایی دەکاتەوە، بە جۆرێ ئەو خاڵە بەهێزانەی سەرەوە دەسڕێتەوە، چونکە دەقی یاساکە لە هەندێ ڕووەوە ناتەواوی و کەموکوڕیی هەیە، لە کاتی بوونی کێشەی پەیوەست بە کاروباری ڕۆژنامەنووسی و بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەش دادوەران ناچاردەکات بۆ یاسای دیکە بگەڕێنەوە، وەکو: یاسای سزادانی عیراق، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣، یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو، یاسای سندووقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠١.

سەرەتا لە ناوی یاساکەوە دەست پێ دەکەم، بە بڕوای من لە ڕووی یاسایی و دەستووری و واقیعی و بە بەراورد بە"ناو"ی یاساکانی دیکەی هەرێم دروست نییە، دەبووایە لەبری "یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان"، "یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان" بووایە، چونکە ئەمە لایەنی یاساییە و ناکرێ لێکدانەوەی تری بۆ بکرێت و پاساوی نەتەوەیی بۆ بهێنرێتەوە، وشەی "کوردستان"یش بە گشتی هەموو پارچەکانی کوردستان دەگرێتەوە، لە کاتێکدا یاساکە تەنها بۆ ئەم پارچەیەی کوردستانە، لە ماددەی یەکەمی یاساکەشدا (کە تایبەتە بە پێناسە و پرەنسیپەکان) بڕگەی یەکەم بۆ خستنەڕووی مەبەستی زاراوەی "هەرێم" تەرخانکراوە، وەك چۆن لە ماددەی ١١٣ی دەستووری هەمیشەیی عیراقیشدا ساڵی ٢٠٠٥ پێناسەی "هەرێمی کوردستان" کراوە بەوەی: "ناوچەیەکی جوگرافییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵییە لە

چوارچێوەی کۆماری عیراق و لە لایەن حکومەتی عیراقەوە، بە پشتبەستن بە دەقی دەستووری هەمیشەیی عیراق، ددانی پێدا نراوە".

یەکێکی تر لە سەرنجە گرنگەکان تایبەتمەندبوونی یاساکەیە تەنها بە بواری ڕاگەیاندنی نووسراو، لە کاتێکدا لەگەڵ زۆربوونی کەناڵەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان و سەرهەڵدانی گرفتێکی زۆر، بۆ ڕاگەیاندن بە گشتی بووایە باشتر و شیاوتر بوو، وەك لەوەی بە تەنها بۆ بوارێك، ئەمەش بەهەرحاڵ ڕەنگە پاساوی گەڵاڵەکردنی یاسای تایبەت بۆ بوارەکانی تریش بهێنرێتەوە، بەڵام دەبینین بڕگەی چوارەمی ماددەی یەکەمی یاساکە لە پێناسەی "رۆژنامەگەری"دا دەڵێت: "پیشەی ڕۆژنامەگەرییە لە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا"، ئەمەش هەڵەیەکی یاساییە، چونکە یاساکە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن ناگرێتەوە. هەروەك هەمان هەڵە لە بڕگەی دوای ئەو (پێنجەم)یش دووبارەبووەتەوە: "رۆژنامەنووس: هەر کەسێك، کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا کاردەکات".

لە هەمان بڕگەدا وشەی "کاردەکات" هاتووە، بەڵام نادیارە و ڕووننەکراوەتەوە، بۆیە لەو حاڵەتەدا کێشەیەکی یاساییمان دێتە ڕێگە و دیسانەوە دەبێت بۆ یاسای تر بگەڕێینەوە، وەکو یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یاسای سندووقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، کە ڕۆژنامەنووس بە ئینتیما بۆ سەندیکا و پابەندبوون پێیەوە دەبەستنەوە، ئەمەش خۆی دژی ئازادیی پیشەیی و ڕێکخراوبوونی مەدەنییە.

وەکو لە ماددە و بڕگەکانی دەردەکەوێت، یاساکە بۆ ڕێکخستنی چاپکراوی خولەکی (دەوری)یە، بۆیە دەبووایە لە بڕگەی شەشەمی ماددەی یەکەمدا لەبری "رۆژنامە" مەبەستی "چاپکراوی خولەکی" خستبایەتە ڕوو، چونکە بەو پێیە یاساکە گۆڤار و بڵاوکراوە و مانگنامە و وەرزنامە و...

ناگرێتەوە، خۆ ناشکرێت بۆ هەریەکێك لەمانە یاسایەکی تایبەت دابنرێت؟ بۆیە، بۆ ڕێکخستنی ئەمانە و تەنانەت چاپکراوی ناخولەکی (نادەوری)یش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ یاساکانی تر. (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ماددەی یەکەم/ شەشەم: "**ڕۆژنامە**: هەر چاپکراوێك، کە بە شێوەیەکی خولی و بە ناوێکی دیاریکراو و بە ژمارەی ڕیزبەند و بە ڕێکوپێکی دەربچێ و دابەشبکرێ"، یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ماددەی یەکەم/ ٤-: "**چاپکراوی خولەکی** (دەوری): هەر چاپکراوێك، کە بەردەوام بە ژمارەی زنجیرەیی و لە کاتێکی دیاریکراودا دەربچێت، وەك ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و هەرچییەکی لەم بابەتە بێت").

لە بڕگەی دووەمی ماددەی دووەمی یاساکەدا هاتووە: "ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەك، کە بایەخی بۆ هاووڵاتیان هەبێ و پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتییەوە بێ وەدەست بێنێ بە پێی یاسا".

پێش هەموو شتێك هەردوو دەستەواژەی "بایەخی بۆ هاووڵاتییان هەبێ"، "پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتییەوە بێ" ڕووننەکراونەتەوە و پێوەرەکانیان دیارینەکراوە و لاستیکین، لەو حاڵەتەیشدا گەر زانیارییەك بایەخیشی بۆ هاووڵاتییان هەبێت، یان پەیوەندیشی بە بەرژەوەندیی گشتییەوە بێ، دەکرێ لێکدانەوەی تری بۆ بکرێت و بە پاساوی دیکە ڕێگەی بەدەستهێنانی بگیرێت. یاخود دەبێت دیسانەوە بۆ یاسای بەرکاری تر لە هەرێم بگەڕێینەوە، بۆ نموونە: ماددەکانی ١٧٦ تاکو ١٨٩ لە یاسای سزادانی عێراق ئەو مافە بە ڕۆژنامەنووس نادەن.

جگە لەوەی، پێویستبوو بڕگەکە مافی بە ڕۆژنامەنووس بدایە و بنووسرایە: "ئەگەر لایەنی بەرپرس زانیارییەکە نەدات، مافی ڕۆژنامەنووسەکەیە پەنا بەرێتە بەر داواکاری گشتی، یان دادگای تایبەتمەند

بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنی بەرپرس"، وەك چۆن لە یاسای هەندێ لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراسدا ئەو مافە دەستەبەرکراوە.

لە بڕگەی سێیەمی هەمان ماددەدا هاتووە: "سەبارەت بەو داواکارییانەی دەخرێنە بەردەم دادگا، ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە سەرچاوەی ئەو زانیاری، یان ئەو هەواڵانەی کە بەدەستیان دێنێ نهێنییان بپارێزێ، مەگەر دادگای تایبەتمەند بە پێچەوانە بڕیار بدا". بەڵام ڕوونی نەکردووەتەوە ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە لەسەر پاراستنی سەرچاوەی زانیاری، یان هەواڵەکەی سووربوو، ئەوا بە مافێکی خۆی، یاخود بە تاوان دادەنرێت، لە کاتێکدا بە پێی ماددەکانی ٢٤١ و ٢٤٢ی یاسای سزادانی عێراق تۆمەتباردەکرێت و سزا دەدرێت!.

بڕگەی پێنجەمیش نووسراوە: "ڕۆژنامە قەدەغە ناکرێ و دەستی بەسەردا ناگیرێ". لە کاتێکدا ڕێگەی تریش بۆ سنوردانان بۆ گەیشتنی پەیامی ڕۆژنامەنووس بە خوێنەر هەیە و لە یاسا بەرکارەکانی دیکەدا ئاماژەیان پێ دراوە، وەك: قەدەغەکردنی دابەشکردن، داخستن... تاد و دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت لە کاتی پێویستدا بۆیان بگەڕێتەوە و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بە یاسا قۆرخ بکات.

بەشی دووەمی یاساکە تایبەتە بە"مەرجەکانی دەرکردن و دەستبەرداربوون لە ڕۆژنامە"، لە بڕگەی یەکەمی ماددەی سێیەمدا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەرکردنی ڕۆژنامە ئاماژە بە نووسینی "نازناو"ی خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەر دەکات، لە کاتێکدا لە یاسای باری شارستانیی عێراقدا مەرج نییە هەموو هاووڵاتییەك نازناوی هەبێت. سەرەڕای ئەوەی ڕوونی نەکردووەتەوە مەبەستی نازناوی کۆمەڵایەتی، یان پیشەیی، یان زانستی... تادیە.

له بڕگەی سێیەمی ماددەی حەوتەمی بەشی چوارەمی یاساکە "ماف و ئیمتیازەکانی ڕۆژنامەنووس"دا هاتووە: "ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکات، تەنها بە بڕیاری دادوەری نەبێ". بەڵام کاتێك بە بڕیاری دادوەریش ئەو سەرچاوانەی ئاشکرانەکرد، دیسانەوە یاسای سزادانی بۆ دەکەوێتە کار و بە گوێرەی ماددەکانی ٤٣٧ و ٤٣٨ تۆمەتبار دەکرێت.

ئەم بڕگەیە و بڕگەی سێیەمی ماددەی دووەمیش، کە بۆ یاسای سزادان دەگەڕێنەوە، پانتایی ئازادیی بەدەستهێنانی زانیاری بەرتەسك دەکەنەوە و سەرچاوەکانی زانیاری دەترسێنن و وایان لێ دەکەن سڵ لە پێدانی زانیاری بە ڕۆژنامەنووس بکەنەوە.

له بڕگەی پێنجەمی ماددەکەدا، کە دەڵێت: "هەر کەسێك بە هۆی کارەکەیەوە سووکایەتی بە ڕۆژنامەنووس بکات، یان دەستدرێژیی بکاتە سەر، ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە، کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێك لە کاتی، یان بە هۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە". چوارچێوەی مافی ڕۆژنامەنووس فراوان نییە، چونکە جگە لە "سووکایەتیپێکردن و دەستدرێژی کردنە سەر" بە پێی ماددەکانی ٢٢٩ تاکو ٢٣٣ لە یاسای سزادانی عیراق، چەند کردەوەیەکی تریش هەن، کە تاوان پێکدێنن، وەکو: "ڕێگرتن لە کارەکەی، ڕێوشوێن بۆ دانان، هەڕەشەلێکردن...تاد".

له بڕگەی یەکەمی ماددەی نۆیەمدا، ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر لەوە ئاگاداردەکاتەوە، لە کاتی بڵاوکردنەوی چەند خاڵێکدا بە بڕێك پارە سزا دەدرێن، بەڵام زۆربەی خاڵەکان پێناسەنەکراو و تەمومژاوی و لاستیکین و دەرفەت بۆ دەسەڵاتی سیاسی خۆشدەکات لێکدانەوەی تری بۆ بکات و تۆمەتباری بکات، لە بارێکدا بابەتە بڵاوکراوەکە ئەو مانایەش نەگەیەنێت.

بۆ نموونه دەستەواژەکانی: "چاندنی تۆی ڕق و کینه و لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، سووکایەتیکردن بە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان، سووکایەتیکردن بە سیمبوول و پیرۆزییەکانی هەر ئایین و ئایینزایەك و لەکەدارکردنیان...تاد".

لە خاڵی **٧**ی هەمان بڕگەشدا، کە وەکو تەواوکردنی خاڵەکانی تر هاتووە: "پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی بەڵێننامەی (**میثاق شرف**)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٥٤)ی هەمووارکراو کە پاشکۆی ئەم یاسایەیە". ئەمەش تێکەڵییەکی لە نێوان یاسا و ئێتیکدا دروستکردووە، چونکە وەك لە پێناسەی ڕێساکانی ئێتیکدا هاتووە، سزای ئەوەی لە پەیماننامە ئێتیکییەکان لادەدات خۆی لە سەرزەنشتکردنی ویژدان و قینی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە، بەم شێوەیە سزاکە سزایەکی ئەدەبییە و لە ڕووی مادییەوە جێبەجێناکرێ، لە کاتێکدا سروشتی سزادان لە کاتی لادان لە ڕێساکانی یاسادا سروشتێکی بەرجەستەیە، جا ئەمە مەدەنی، یان سزایی، یان ئیداری بێت، دەسەڵاتی گشتی و دامودەزگاکانی جێبەجێی دەکەن، بە پێچەوانەی سزای ڕێساکانی ئێتیك، کە ویژدانی تاکی گوناهبار لە وێنەی سزادانی خۆی و سەرزەنشتکردنی ویژدانی کۆمەڵگەیەك لە وێنەی تانەدان لێی جێبەجێی دەکات.

گشت پیشەکان بە گوێرەی چەند پرەنسیپێکی ئێتیکی ڕێکدەخرێن، ئەم ڕێکخستنە بەشێك نییە لە ڕێکخستنی یاسایی و سیفەتی سەپاوە (إلزام)ی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەو پیشەیەدا کاردەکەن نییە، بەڵام کاتێك سەندیکایەکی دیاریکراو پەیماننامەیەکی شەرەفی پیشەیی خۆی هەبوو، یان پابەندیی خۆی بۆ پەیماننامەیەك دەربڕیبوو، ئەندامانی سەندیکاکە، لە کاتی لادان لەو پرەنسیپانە ڕووبەڕووی سزایەکی سەندیکایی دەبنەوە، کە سەندیکاکەیان ئەنجامی دەدات، قورسی و سووکیی ئەو سزایانەیش بە پێی

گەورەیی و بچووکی ئەو سەرپێچییە دەگۆڕێت، کە ئەندامی ئەو سەندیکایە لە میانی کارەکەیدا دەیکات. بۆیە ناکرێت پەیماننامەیەکی شەرەف بکرێتە پاشکۆی یاسایەك و پێشێلکردنیشی، بە سەرپێچیی یاسایی حسێب بکرێت و سزای هەبێت. ئەمەش یەکێکە لەو هەڵە زەقانەی یاسادانەری هەرێم لە دانانی ئەم یاسایە تێی کەوتووە.

بە خوێندنەوەیەکی وردی یاساکە دەگەینە ئەوەی، لە ڕووی فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەوە و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان) ڕەوشی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانی هەنگاوێکی ئەوتۆ نەبردووەتە پێشەوە. ئەگەر ماددەیەکی ئازادی تێدابێت، لە چەند ماددەیەکی تردا وەری دەگرێتەوە!.

سەرباری ئەوەی ئێتیك و ئازادی هەمیشە پێچەوانە دەگۆڕێن، واتە بەفراوانبوونی ڕووبەری ئازادی، پانتایی ئێتیك بەرتەسك دەبێتەوە. ڕاستە، ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی هەوڵدانێکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ئازادیی تاك، بەو پێیەی ئازادیی ڕەها زۆرجار زیان بە کۆمەڵگە و تاکەکانی دەگەیەنێت و وەکو لە ڕاگەیاندراو و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئازادییش سنوری خۆی هەیە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت بە پاساوی جیاواز و گوزارشتی ناڕۆشن و لە ڕێگەی یاساوە بەر بە ئازادییەکان بگیرێت و بە لایەنی ئێتیکی ببەسترێتەوە.

# سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:

١– د. إبراهيم الداقوقي: قانون الإعلام– نظرية جديدة في الدراسات الاعلامية الحديثة، (ب. م، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي– جامعة بغداد، مطبعة وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية، ب. س).

٢– د. حسن عماد مكاوي: أخلاقيات العمل الاعلامي– دراسة مقارنة، ط٣ (القاهرة: الدار المصرية البنانية، ٢٠٠٣).

٣- دەقی هەموو ئەو یاسایانەی لە بابەتەکەدا ئاماژەیان پێ دراوە.

٤- دەستووری هەمیشەیی عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

٥– سامان فوزي عمر: مسؤولية االصحفي المدنية الناتجة عن اخطائه المهنية – دراسة المقارنة، رسالة ماجستير، جامعة سليمانية، كلية القانون، ٢٠٠٣.

٦– فتحي حسين احمد عامر: أخلاقيات الصحافة في نشر الجرائم– دراسة تحليلية مقارنة، (القاهرة: ايتراك للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦).

٧- کەمال ڕەزا: چەند سەرنجێك لەسەر یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، بەشی یەکەم و دووەم، چاودێر (ڕۆژنامە)، ژمارە ٢١٦ و ٢١٧، دووشەممە ٢ و ٢٠٠٩/٣/٩.

٨- د. کەمال سەعدی: چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا –توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە-، چ١ (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٦).

٩– د. ماجد راغب الحلو: حرية الاعلام و القانون، (الاسكندرية: منشأة المعارف، ٢٠٠٦).

١٠- هێرش ڕەسوڵ: ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٩٩٣ - ٢٠٠٧)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی- بەشی ڕاگەیاندن- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپنەکراوە.

١١- هێرش ڕەسوڵ (کۆدیدار): میدیا و دەسەڵات، چ١ (سلێمانی: لە کتێبە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر، ٢٠٠٨).

***ئەم توێژینەوەیە، لە ژمارە ١٦ی ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٩ی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# رۆژنامەنووسیی کوردی..
# دەسەڵاتێکی بێدەسەڵات و ناچاودێر

## دەروازە

لە ۲۲ی نیساندا، ڕێکەوتی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی کوردی (ڕۆژنامەی کوردستان)، تەمەنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەگاتە ١١٤ ساڵ. لە کۆی ئەو مێژووە پتر لە سەد ساڵەش، ۲۱ ساڵی دەکەوێتە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان، واتە قۆناغی دوای ئازادی و سەردەمی حکومڕانیی کوردی. ئەم وتارە شیکارییە هەوڵدەدات هەڵوەستەیەك لەسەر باری ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بکات و ڕەهەند و ڕووە جیاوازەکانی، لە گۆشەنیگای ئەکادیمییەوە هەڵسەنگێنێت.

## قۆناغی گواستنەوە

سەرەتا دەبێ ئاگامان لەو ڕاستییە سادەیە بێت، کە ناتوانین دابڕاو لە دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و... تاد-ی هەرێمی کوردستان، لە دۆخی میدیای کوردی بڕوانین و چارەی قەیرانەکانی بدۆزینەوە.

هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن، میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستادا، ئەمڕۆ لە دۆخێکی ناجێگیر و قۆناغێکی گواستنەوەدایە.. بەو پێیەی چوار تیۆری سەرەکی هەن، کە پەیوەندیی نێوان میدیا و سیستمی سیاسی دیاری دەکەن (دەسەڵات، لیبراڵ، سۆسیالیستی، بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی)، بەڵام ئەوەی لە واقیعی ئەمڕۆی میدیای کوردیدا دەیبینین و هەستی پێ دەکەین، ئەم میدیایە خۆی لە نێو هیچ کام لەو تیۆرانەدا نادۆزێتەوە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە هەر چوار تیۆرەکە، یان سیمای هەر چوار تیۆرەکەی پێوە دیارە، ئەمەش بە ڕوونی لە ئاراستەکانیدا دەبینرێت. لە میدیای کوردیدا هەریەك لە ئاراستەکانی (میدیای پابەند -بە ڕەسمی و

حزبیەوە ئیتر حزبی فەرمانڕەوا بێت یان ئۆپۆزسیۆن-، میدیای سەربەخۆ، هێڵی ناوەڕاست) ئامادەگییان هەیە، بۆیە هەوڵ و هەنگاوەکانی هەم تیۆری دەسەڵاتخوازی، هەم تیۆری ئیشتراکی، هەم تیۆری ئازاد و جارجاریش ڕۆیشتن بەرەو تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی دەبینرێت.

## میدیا و دەسەڵات

بە پشتبەستن بە ئەنجامگیریی تەوەری پێشوو، دەبینین هەمیشە میدیاکان لەو جۆرە دۆخ و قۆناغە ناسەقامگیرانەدا دەکەونە نێو قەیرانی هەمەچەشن و ڕووبەڕووی کێشەگەلی جۆراوجۆری لە بابەت (ناپرۆفێشنالبوون، لادانی یاسایی و ئێتیکی، بێمتمانەیی، نابەرپرسیاریەتی، بەجێهێنانی ئەرکی ئایدیۆلۆژی... تاد) دەبنەوە، وەك چۆن هەموو ئەمانە و زیاتریش، زۆرجار بە ئاسانی لە ڕوخساری ئەم میدیا (بە تەمەن پتر لە سەد ساڵە و بە کوالیتی گەنجە)ی کوردی دەخوێنینەوە و هەستیش دەکەین زۆرجار کاریگەریی سلبی لەسەر وەرگری کورد لەم بەشەی کوردستاندا جێدەهێڵێت.

هەروا نابێ ئەوەشمان بیربچێت، ڕاستە ئێستا بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی قۆناغێکی گواستنەوەیە، بەڵام فەرامۆشکردنیشی قەیرانی دیکە بە دوای خۆیدا دێنێت، بۆیە پێویستە میدیاکاران خۆیان، هەروەها توێژەران و ئەکادیمیان، ئۆرگانە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، حزبەکان و حکومەتیش ڕۆڵیان بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە هەبێت، بەتایبەت لە پێناو دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروست و هاوبەرپرسیاریەتیی لە نێوان میدیا و دەسەڵاتدا، بێگومان ڕەواندنەوەی تەمی ئەو هەڵە لەیەکترگەیشتنەش هەنگاوی جیددی و هەوڵی لێبڕاوانەی گەرەکە.

## دەسەڵاتێکی بێدەسەڵات و ناچاودێر

(دەسەڵاتی چوارەم) بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەژدەدا بەرامبەر بە کایەی میدیا و ڕۆژنامەنووسی بەکارهات، ئەمەش وەکو زاراوەیەك بۆ دەسەڵاتێکی نارەسمی و مەعنەوی و وەك تەواوکەری دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) و چاودێر بەسەر هەرسێکیانەوە.

کاتێك میدیا شوناسی (دەسەڵاتی چوارەم)ی هەڵگرتووە لەو سۆنگەیەوەیە کە لەپاڵ ئەرکەکانی (هەواڵ و زانیاریگەیاندن، پەروەردە و فێرکردن، کاتبەسەربردن، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و...تاد) وەزیفەیەکی گەورەی لە ئەستۆیە، ئەویش (ئەرکی چاودێرکاری- **الوظيفة الرّقابية**)یە. چاودێر بەسەر کایە و بوار و دەزگا و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی، کە کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن، هەر لە دەزگای یاسادانانەوە، کە (ئەنجوومەنی نوێنەران) دەگرێتەوە، تا دەگاتە لایەنی جێبەجێکار (حکومەت) و پاشان دەسەڵاتی داد و ئینجا هەموو دەزگا کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئەکادیمی و... یەکانی دیکە. بە بڕوای من، بەجێنەهێنانی (ئەرکی چاودێرکاری) وەکو ئەرکێکی گرنگی هەر میدیایەك، لە کوردستاندا، بەمانایەکی تر بەدەسەڵاتنەبوونی ڕاگەیاندن لەم هەرێمە بۆ چەند هۆیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێ بدەین:

یەکەم: بەر لە هەرشتێك هاتنە کایەی (دەسەڵاتی چوارەم) پەیوەندیی بە جێبەجێنەکردنی پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە هەیە، چونکە تاوەکو سێ دەسەڵاتەکە سەربەخۆ و لێك جیاکراوە نەبن، شتێك بە ناوی دەسەڵاتی چوارەم و چاودێر بەسەر دەسەڵاتەکانەوە نابێت. بەداخەوە لە کوردستانیش تاکو ئێستا تێکەڵییەکی بەرچاو بە دەسەڵاتەکانەوە دیارە، دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ نین، دەسەڵاتی

جێبەجێکردن دەست وەردەدەنە ناو هەردوو دەسەڵاتەکەوە، لەمانەش زیاتر حزب دەست وەردەداتە ناو هەرسێ دەسەڵاتەکەوە، بۆیە دەسەڵاتی چوارەمیش ناتوانێت وەك پێویستە بێ تەکایەوە و کارا بێت.

دووەم: داخراویی سیستمی سیاسی لە کوردستان و گۆڕینی "قۆناغی ڕێگرتن لە ڕەخنە" بۆ "قۆناغی گوێپێنەدان و بێنرخکردنی ڕەخنە"، چونکە ژمارەیەکی بەرچاو ڕەخنەی بابەتیی پاڵپشت بە دۆکیۆمێنت لە بارەی بوونی کەموکوڕی و گەندەڵی لە میدیاکانەوە دەبینین و دەبیستین و دەخوێنینەوە، بەڵام کار لەسەر ڕێژەیەکی ئەوتۆیان ناکرێت، لەو حاڵەتەشدا ئەو دەرفەتدانە بە ڕەخنە زیاتر وەك جۆرێك لە "سیاسەتی ئیسفەنجی" هەست پێ دەکرێت بۆ هەڵمژینی فشار و تووڕەییەکانی هاووڵاتی.

سێیەم: قۆناغی ڕاگوزەریی میدیای کوردی یەکێکی ترە لەو هۆکارانە و بووەتە ئاستەنگێك لە بەردەم ئەو بەچاوێربوونەی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا.

چوارەم: فەراهەمنەبوونی کەشی ئازادیی ڕادەربڕین و مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە کوردستاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی هاوچەرخ، بە شێوەیەك بەند و بڕگەکانی لەگەڵ گیانی سەردەم و ژیانی دیموکراسیی کۆمەڵگەدا بگونجێت و چەمکەکان تیایدا پێناسەکراو بن.

پێنجەم: هەریەك لە فاکتەرەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، کولتووری، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.

## پیشەگەری

ئەگەرچی ١١٤ ساڵ تەمەن بە بەراورد بە تەمەنی ڕۆژنامەنووسیی گەلانی دەوروبەری کوردستان مێژوویەکی کورت نییە، بەڵام ئاخۆ ژمارەی مانگ و ساڵی تەمەنی ڕۆژنامەنووسییەك دەبێتە پێوەری خەمڵینی تەواوەتی کایەکە و پرۆفێشناڵبوونی؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر.. لەو سۆنگەیەشەوە

دەگەینە ئەوەی، ڕۆژنامەنووسیی کوردیش، بەداخەوە تاکو ئێستا نەیتوانیوە ببێتە ڕۆژنامەنووسییەکی پیشەیی. دەتوانین ئەمەش بە ڕوونی لە دوو ئاستی سەرەکیدا بەدی بکەین:

یەکەم: تاکو ئێستا ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا نەبووەتە پیشە و زۆرینەی کارکەرانی بوارەکە وەکو سەرچاوەی سەرەکیی بژێوییان بەکاری ناهێنن، دیارە ئەمەش هۆکاری جیاوازی لە پشتەوەیە.

دووەم: میدیای نووسراومان لاوازیی پیشەیی پێوە دیارە و لە ڕووی پرۆفێشناڵی و مامەڵەکردن لەگەڵ فاکت، سازاندن (تحرير) و ڕەنگدانەوەی ژانرە جیاوازەکانی ڕۆژنامەنووسییەوە لە دۆخێکی هەژاردایە، یاخود جۆرێك لە بەرزونزمی و گۆڕانی خێرا بە کاریگەریی گۆڕانکاریی لە ستافەکانی نووسین لە لاپەڕەکانیاندا دەبینریّ و زۆرجار لە ستایلێکی جوان و ئەکادیمی دووری خستوونەتەوە.

جێی سەرنجە، ڕۆژنامەنووسیی کوردی تا بە ئێستا دەگات نەیتوانیوە مامەڵەیەکی دروست و پیشەییانە لەگەڵ فاکت و ڕووداوەکاندا بکات، ئەمەش بە ڕوونی لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا دەرکەوت و ڕوخساری ئەم ڕۆژنامەنووسییەی لەم ڕووەوە "قەیراناوی" پیشان داین، بەتایبەت زۆرجار دەبینین میدیاکانمان (بەتایبەت میدیای پابەند —بە حکومڕان و ئۆپۆزسیۆنەوە-) بەئایدۆلۆژیکراون و پیشەییبوونیان کراوەتە قوربانیی گەمەی سیاسی و گوتاری ئایدیۆلۆژی، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە لەبری بەرزکردنەوەی ئاستی وەرگر، خۆی دێنێتە ئاستی ئەو، تا ئەو ئەندازەیەی هەندێجار هەست دەکرێت پرۆفێشناڵیبوون نوقمی ڕۆحی پۆپولیستی بووە، (ئەمەش بەتایبەت لە میدیا سەربەخۆکاندا دەبینرێت).

## ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی

ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە سادەترین پێناسەیدا، کۆمەڵێك پێوەر و پرەنسیپە، کە دەبێت ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران خۆویستانە و لەسەر بنچینەیەکی ویژدانی، لە میانی پیشەکەیاندا پەیڕەوی لێ بکەن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ئاستێکی بەرزی پیشەیی پیشان بدەن.

ئەگەر سەرنجیشمان لەسەر باری ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا چڕبکەینەوە، دەتوانین بە ئاسانی لەوە تێبگەین ئێتیك لە دۆخێکی فەرامۆشیدایە، میدیا و میدیاکاران تا ئەندازەیەکی زۆر ئێتیکی پیشەکەیان ڕەچاو ناکەن، ئیتر بە مەبەست بێت، یان بێ مەبەست!

هۆکارەکانی ئەم پێشێلکردنانەیش جیاوازن، لەوانە: بارودۆخی سیاسیی کوردستان، کە ناجێگیری و داخراویی سیاسی کاریگەریی خۆی هەیە، دواتر فەراهەمنەبوونی ئازادییەکان، هەرچەندە پەراوێزێکی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ڕادەربڕین و بەدەستهێنانی زانیاری هەیە، بەڵام هەندێجار پانتایی ئەم ئازادییانە بەرتەسك دەکرێتەوە، بۆ نموونە کاتێك ڕۆژنامەنووسێك ئازادیی بەدەستهێنانی زانیاریی نەبوو، یان ئەو ئازادییەی لێ زەوتکرا، ناچاردەبێت پەنا بۆ سەرچاوەی نادیار بەرێت، بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی سەرچاوەکە بکات، ئەوکاتە ڕۆژنامەنووس تووشی هەڵەی ئێتیکی دەبێت. خاڵێکی تر بریتییە لە لاوازیی پیشەیی، بەداخەوە زۆر لە میدیاکارانی کورد بێ بوونی هۆشیارییەکی پیشەیی و میدیایی، دەستیان داوەتە کاری ڕۆژنامەنووسی، بێ ئەوەی بزانن کاری میدیا تەنها لە ڕەهەندی ئابووری و داراییەوە لێی ناڕوانرێت، بەڵکو پێویستە لە ڕەهەندی مرۆیی و بەرژەوەندیی کۆمەڵگەوە لێی بڕوانرێت. واتە نابێت میدیا تەنها پیشەیەك بێت سەرمایەی ماددی دەستەبەر بکات، بەڵکو پێویستە سەرمایەی مەعنەویش بە هەند وەربگرێت، کە بریتییە لە ڕێزگرتن لە خۆی و ویژدانی و پیشەکەی و

وەرگرەکانی، هەروەها پێویستە میدیاکار لە میانی پەیڕەوکردنی ئەو پیشەیە بەرژەوەندیی گشتی بەدی بهێنێت و خزمەت بە کۆمەڵگە بکات، سەرەڕای ئەمانەش، نەبوونی پەیماننامەیەکی شەرەف، بە جۆرێ ڕێژەیەکی زۆری میدیاکار و ڕۆژنامەنووسان لەسەری کۆکبووبن و پێیەوە پابەندبن. هەروا نەبوونی ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسی، بەڵام بەو ئاراستەیەی کار لەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و داکۆکیکردن لێی بکات. هەوڵ بۆ پاراستنی لێشاوی زانیارییەکان و گرەنتیی ئازادیی سەرچاوەکانی هەواڵ بدات، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسی ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا بگێڕێت و ڕای گشتی دروست بکات. وەك چۆن کار لەسەر ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕۆژنامەکان و گرەنتیی دووبارەنەبوونەی ئەو هەڵانە بکات. داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان بکات، دژی ڕێوشوێنە زۆرەملێکان، کە حکومەتەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان دەیگرنەبەر. سکاڵا لە جەماوەر و ڕۆژنامەکان وەربگرێت و کار لەسەر چارەسەرکردنیان بکات.

### یاسای ڕۆژنامەنووسی

یاسا، بوارێکی گرنگ و پێویستی ژیانی کۆمەڵگە و تاکەکانیەتی، هەموو پیشەیەکیش بە یاسای تایبەتی خۆی ڕێکدەخرێت، لەم نێوانەدا ڕۆژنامەنووسی-یش خاوەنی یاسای تایبەتی خۆیەتی، بەو مەبەستەی پیشەکە ڕێك بخات و سنوری کاری میدیاکار و ڕۆژنامەنووسانیش دیاری بکات.

لەمڕۆدا (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧) یاسای بەرکارە لە هەرێمی کوردستاندا، بەر لە هەر شتێ پێویستە ددان بەوەدا بنێین، کە لە هەندێ ڕووەوە جیاوازیی لەگەڵ یاسا بەرکارەکەی پێشوودا (یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٠ی ساڵی

**١٩٩٣)**دا هەیە، بەتایبەت سەبارەت بە شێوازی دەرکردنی ڕۆژنامە، کە لە سیستمی مۆڵەت وەرگرتن **(الاجازة)**ەوە بۆ سیستمی ئاگاکاری **(الاخطار)** گۆڕدرا، هەندێ دەستەواژەی لاستیکی و تەمومژاویی وەکو: ئادابی گشتی، سیستمی گشتی... نەخراونەتە دەقی یاسا تازەکەوە، زیندانیکردن وەك سزادانی ڕۆژنامەنووس نەما وە و تەنها سزای پێبژاردن **(الغرامة)** بەکاردێت، هەروا دەقنووسکردنی کۆمەڵێك ماف و ئیمتیازات بۆ ڕۆژنامەنووس لە یاساکەدا، بەڵام ئەم یاسایەیش، ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی گرفتی گەورەی یاسایی دەکاتەوە، بە جۆرێ ئەو خاڵە بەهێزانەی سەرەوە دەسڕێتەوە، چونکە دەقی یاساکە لە هەندێ ڕووەوە ناتەواوی و کەموکوڕیی هەیە، لە کاتی بوونی کێشەی پەیوەست بە کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە و بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەش دادوەران ناچاردەکات بۆ یاسای دیکە بگەڕێنەوە، وەکو: یاسای سزادانی عیراقی، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣، یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو، یاسای سندووقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠١.

به خوێندنەوەیەکی وردی یاساکە دەگەینە ئەوەی، لە ڕووی فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوە و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان) ڕەوشی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانی هەنگاوێکی ئەوتۆ نەبردووەتە پێشەوە. ئەگەر ماددەیەکی ئازادی تێدابێت، لە چەند ماددەیەکی تردا وەری دەگرێتەوە!. سەرباری ئەوەی یاساکە گشتگیر نییە و تەنها بۆ میدیای نووسراوە، ئەمەش وای کردووە میدیای بینراو، بیستراو، ئەلیکترۆنی کەلێنێکی یاسایی بۆ ڕێکخستنی ئەو ناوەندانەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دروست ببێت.

ئەمەی سەرەوە سەبارەت بە یاسای ڕۆژنامەگەری، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا، سەرباری ناتەندروستبوونی یاساکان، گرفتێکی دیکە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبێتەوە، ئەویش جێبەجێنەکردنی یاسایە، ئەمەش ئەو وڵاتە تازە گەشەسەندووانە، یان ئەو وڵاتانەی جیهانی سێیەمان بیردێنێتەوە، کە تێیاندا زۆرجار یاسا تەنها تیۆرە و بوونێکی ئەوتۆی لە پراکتیکدا نییە.

## ئازادیی ڕۆژنامەنووسی

تێڕوانینی جیاواز بۆ چەمکی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی هەیە و لە ڕوانگەی جیاجیاوە پێناسەی بۆ کراوە، بەڵام بە بڕوای من گونجاوترین پێناسە دەتوانین لەوەوە هەڵێنجین، کە پەیمانگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕۆژنامەنووسی لە زیوریخ، چوار ڕەهەند بۆ ئەو ئازادییە دیاری دەکات: ئازادیی بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری (لە تەوەری دواتردا وردتر لێ دەدوێین)، ئازادیی گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و زانیارییانە، ئازادیی دەرچواندنی ڕۆژنامە، یان دامەزراندنی دەزگای میدیایی، ئازادیی ڕادەربڕین. کەواتە ناتوانین تەنها لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە لەو ئازادییە گشتییەی کۆمەڵگە بڕوانین، چونکە تەنها پەیوەندیی بە چینوتوێژێکی تایبەتەوە نییە، بەڵکو بە تەواوی کۆمەڵگەوە پەیوەندداره، بۆیە نابێ بیرمان بچێت، ئازادیی ڕۆژنامەنووسییش وەك هەر ئازادییەکی تر، ڕەها نییە، بەڵکو سنورداره، وەك چۆن پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ-یش هەمیشە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە، بەتایبەت ماددەی ١٩ لە پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کە ئەو مافەی بە ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکانی: ڕێزگرتنی ماف و ناوبانگی کەسانی دیکە، هەروەها پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، سیستمی گشتی، تەندروستیی گشتی، ئادابی گشتی، پابەندکردووە.

کەواتە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی-یش خۆی لە بنەڕەتدا بەرپرسیاریەتییەکی ئێتیکییە لە پێناو پاراستنی ماف و ئازادیی ئەوانی دیکە و ناو و ناوبانگ و بەرژەوەندییان دێتە کایەوە، واتە ئازادیی میدیاش وەك هەر ئازادییەکی تر، ڕەها نییە و وابەستەی هەندێ هێڵ و سنوری ترە، کە پێیان دەوترێ (ئێتیکی پیشە) و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا دانراون، بۆیە هەر میدیایەك (بە دەسەلآت و ئۆپۆزسیۆنەوە) ئەگەر بە پاساوی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، هێرش بکاتە سەر ئەوانی تر و تەشهیر بکات، ئەوا پاساوەکەی زۆر لاوازە و ڕێگەی پێ نادات، هەروا بەو کارەی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی پێشێل دەکات و دواجاریش متمانە لەدەست دەدات.

هەرچی دەربارەی ڕادە و ئاستی ئەو ئازادییەشە لە هەرێمی کوردستاندا، دەتوانین بڵێین ڕێژەییە، چونکە وەکو لە تەوەرەکانی پێشتردا ڕوونمانکردووەتەوە کۆمەڵێ ئاستەنگی فرە و جیاوازی لە بەردەمدایە، کە وای کردووە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمدا وەك پێویست لەو ماف و زەروورییەتە بەهرەمەند بێت.

## مافی زانین

مافی بەدەستهێنانی زانیاری، یان مافی زانین ئەنجامێکی سروشتیی مافی ڕادەربڕینە، پرەنسیپێکە بۆ یەکەمینجار لە لایەن "کێنت کۆپێر" بەڕێوەبەری ئاژانسی ئاسۆشێتدپرێسی ئەمەریکییەوە لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە بەکارهات، کاتێك کۆپێر ڕەخنەی لە سانسۆری حکومی گرت، لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەی دەبنە هۆی بەرگرتن لە گەشەسەندنی ئازادیی ئەو زانیارییانەی لە بارەی جیهانەوە هەن، هەروەك قسەی سەبارەت بە (مافی خەڵك لە زانین) کرد، بەوەی یەکەمین چاککاری لە دەستووری ئەمەریکی

مافدەدات، کە ئازادانە ڕا دەربېڕدرێ و بڵاوبکرێتەوە، لەبەر ئەوە مافی خەڵك لە زانین، ئەرکی زانینی ئەوانەی لە ئۆرگانە حکومیەکاندا کاردەکەن، دەداتە ناوەندەکانی میدیا پێشکەشی خەڵکیان بکەن، بەڵام کاتێك دەرگاکانی هەواڵ و زانیاری کلۆمدرابن و ڕۆژنامەنووس نەتوانێت لە سنورەکانی ئەو سەرچاوانە نزیك ببێتەوە، بێگومان دووچاری هەڵەی پیشەیی دەبێت، دەچێتە ناو دۆخێکەوە لە نێوان ئەرکی هەواڵ و زانیاریگەیاندن و تێرکردنی وەرگر بەمەتریاڵەکانی و خۆخستنە نێو ترس و دوودڵییەوە، هەلومەرجێك بۆ ڕۆژنامەنووس (وەکو نێرەر) دێتە پێشەوە بەرامبەر وەرگرەکانی دەستەوەستان بێت و دەکەوێتە هەڵویستێکی حەریجەوە، چونکە وردەکاریی ڕووداو و پێشهاتەکان و ناوەرۆکی وردی ناو کۆبوونەوە داخراوەکانی بۆ بڵاوناکاتەوە، ئەمەش جۆرێك لە بێمتمانەیی وەرگر بەرامبەر ئەو کەناڵەی کەمیونیکەیشن دروست دەکات، لە بارێکیشدا ڕۆژنامەنووس لە کونوکەلەبەر و درزە بچووك و سەرچاوە نارەسمییەکانی زانیارییەوە شتێك هەڵێنجێت ڕەنگە بکەوێتە هەڵەی ئێتیکیشەوە، یاخود ئەگەر هەواڵ و زانیارییەکەیشی ڕاست و دروست بێت، بەڵام سەرچاوەیەکی ڕەسمی و باوەڕپێکراو، یان کەسیەتییەك، یان لایەنێك ڕاستبوونی نەسەلمێنێت، ڕۆژنامەنووسەکە بە گەیەنەری ناڕاستی و بڵاوکەرەوەی زانیاریی هەڵە و بێبەڵگە و شێوێنەری فاکتەکان تۆمەتبار دەکرێت.

لە زۆر وڵاتانی پێشکەوتوی دنیادا، مافی زانین لە چوارچێوەی یاسای تایبەتدا داڕێژراوە و دەقنووسکراوە، یان هەر لە نێو یاسای تایبەت بە ڕاگەیاندندا هاتووە و مافی داوەتە ڕۆژنامەنووس هەموو بەڵگەنامە و زانیارییانەی بۆ بڵاوکردنەوە دەشێن و زیان بە سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، ژیانی تایبەتی تاکەکان و ئاسایشی وڵاتەکە ناگەیەنن، بڵاوبکاتەوە، بەڵام هێنانەوەی ئەم چەمکانەش فۆرمێکی لاستیکی و تەمومژاوی وەرناگرن

و پێناسەکراون، بەم جۆرەش بوار بۆ دەسەڵات ناهێڵێتەوە لێکدانەوەی تریان بۆ بکات و ڕۆژنامەنووسی پێ تۆمەتبار بکات. هەروا لەو یاسایەدا ئەرك دەخاتە بەردەم فەرمانبەری دەوڵەتیش هاوکاریی ڕۆژنامەنووسان بکات بە پێدانی دۆکیۆمێنت و زانیاریی دروست، بەڵام ئەوەی دەبینین تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا یاسایەکی لەوجۆرە لەئارادا نییە، ئەوەی لە یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧یشدا هەیە کەموکوڕیی زۆرە.

سەرباری ئەوەی لە واقیعی ئێمەدا هۆشیارییەکی گشتی سەبارەت بەو مافە نییە، بەوەی مافێکی سروشتیی هاووڵاتییە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ددانیان پێدا ناوە، دژبەیەکی یاساییش هەیە و پێویست بە هەموارکردنێکی ڕیشەیی یاساکان دەکات، تاوەکو مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ هاووڵاتییان فەراهەم بکرێت و میدیاکانییش ئەرکی خۆیان لەو نێوەندەدا ببینن.

## پێشێلکردنی ماف و ئازادیی ڕۆژنامەنووسان

پێشێلکاری بۆ سەر ماف و ئازادیی ڕۆژنامەنووسان و پیادەکردنی پیشەیی لە کوردستاندا، یەکێکە لەو خاڵە نێگەتیڤانەی بەردەوام لەسەر ئەم "ئەزموونە" و دەسەڵاتەکەی دەخرێتەڕوو، ئەمەش سیحری ئەو پیاهەڵدان و بانگەشە زیادەڕۆییانە بەتاڵدەکاتەوە، کە لە بارەی پێشکەوتنی ڕەوتی دیموکراسیی لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێن، چونکە ڕەخساندنی کەشی دیموکراسی لانی کەم بە فەراهەمکردنی کەشی ئازادانە بۆ میدیا و فراوانکردنی پانتایی ئازادیی ڕادەربڕین دێت، بەڵام کاتێك بەردەوام ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی تیرۆر و سزا و ئازار و لێپرسینەوەی نایاسایی بووەوە، ئاسایش و دەزگا نامەدەنییەکان دەستیان وەردایە نێو کاری

ڕۆژنامەنووسییەوە، یاساکان تا ئەندازەیەکی زۆر داخراوبن و مەودای ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووس بەرتەسك بکەنەوە و پڕبن لە چەمکی لاستیکی و تەمومژاوی و پێناسەنەکراو، یاخود دادگاکان کەمتر کار بە یاساکانی ڕۆژنامەنووسی بکەن، ڕووبەڕێکی ئەوتۆ نامێنێتەوە بۆ پەیڕەوکردنی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووسی وەکو پیشەیەك لە خزمەت کۆمەڵگەدا.

پێشێلکاریی بەردەوام بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی میدیاکاران لە هەرێمی کوردستاندا (وەك چۆن ڕاپۆرتە نێودەوڵەتی و لۆکاڵییەکانیش تۆماریانکردووون و جەختیان لەسەر کردوونەتەوە)، بەر لە هەر شتێك هەڕەشەیەکی ئاشکرایە بۆ سەر مافی هاووڵاتییانی هەرێمەکە لە وەرگرتنی زانیاری و بەهرەمەندبوون لە بۆچوونی جیاواز. هەروا ئاماژەی ترسناکیشە بۆ خراپیی ڕەوشی مافی مرۆڤ و پەراوێزە دیموکراسییەکە.

## بواری ڕێکخراوبوونی ڕۆژنامەنووسان

وەك ئەوەی لە واقیعەکەدا بە ڕوونی بەدی دەکرێت، بواری ڕێکخراوبوونی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستاندا، دوای ١٠ ساڵ لە دروستبوونی سەندیکایەکی "یەکگرتوو" بۆ ڕۆژنامەنووسان (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) بە شێوەی تەوافوقی حزبی، هێشتا لاوازیی پێوەدیارە و ئەو سەندیکایە بە ناکارا وەسف دەکرێت، وەك چۆن زۆرجار ڕۆژنامەنووسان ڕەخنەی لێ دەگرن و پێیان وایە، ڕێکخراوێکە کەمتر کار لەسەر ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم دەکات، لەبەر ئەمەشە لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆژنامەنووسان بە شێوەی جیاواز و هەوڵی جیاجیا چەند دەستە و گروپ و سەنتەر و ڕێکخراوی دیکەیان دروستکردووە.

**دواجار**

له کۆتایی ئەم وتارە شیکارییەدا و پاش خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی ڕەوشی ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، لە پێناو کارابوونی ئەم ڕۆژنامەنووسییە و بەدەسەڵاتبوونیدا، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بە پێویست دەزانین:

*کارکردن بۆ لێك جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە.

*هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئاستەنگە جیاوازەکانی بەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی.

*هەموارکردن و پێداچوونەوە بە بەند و بڕگەی ئەو یاسایانەی کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمدا ڕێك دەخەن، بە جۆرێ لەگەڵ گیانی سەردەم و ژیانی دیموکراسیدا بگونجێن.

*پەلەکردن لە دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستاندا.

*دادگاکانی هەرێم لە بواری تاوانی ڕۆژنامەنووسیدا کار بە یاساکانی پەیوەست بەو بوارە بکەن، نەك پەنا بۆ دەقی دیکە ببەن.

*دروستکردنی ڕایەڵی لێك تێگەیشتن و پەیوەندییەکی هاوبەرپرسیاریەتی لە نێوان میدیا و دەسەڵات لە کوردستاندا.

*ڕۆژنامەنووسانی هەرێم گرنگی بە لایەنی ئێتیکی و پیشەیی بدەن و پتر پەرە بە پیشەکەیان بدەن، هەروەك گەڵاڵەکردنی پەیماننامەیەکی شەرەف کاریگەریی تایبەتی هەیە.

*هەوڵ بدرێت چاکسازی لە بواری ڕێکخراوبوونی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستاندا بکرێت و سەندیکا بکرێتە چەتری هەموو ئاراستە جیاوازەکانی نێو دنیای ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمدا.

*له پێناو کۆکردنەوەی داتای ورد و له ماوەی زوو زوودا لەسەر کاریگەریی میدیای کوردی لەسەر ڕای گشتی و شەقام، سەنتەرێکی ڕاپرسیی چالاك و زانستی دابمەزرێت و بەردەوام ڕاپرسی لەو بارەیەوە به ئەنجام بگەیەنێت. وێڕای ئەوەی، گرنگه سەنتەرێکی توێژینەوەی میدیایی هەبێت و توێژەرانی بوارەکه بەردەوام توێژینەوەی هەستیار و گرنگ له بارەی میدیای کوردییەوە پێشکەش بکەن. کردنەوەی سەنتەرێکی وەرگێڕانی توێژینەوە و کتێبه دەگمەنەکانی بواری ڕاگەیاندن یەکێکی تره له پێویستییەکان، تاکو ڕۆژنامەنووسانی کورد، بەتایبەت ئەوانەی تەنها به زمانی دایك دەخوێننەوە، سوودمەند بن لێی. هەروا کردنەوەی خولی پێویستی ڕۆژنامەنووسی له دەرەوە و ناوەوەی هەرێم و کۆرسی فێربوونی زمانی بیانی بۆ ڕۆژنامەنووسان، پێویستییەکی تری قۆناغەکەن.

***له لاپەڕە ٧ی ژمارە (٣١٠) و (٣١١)ی ٤/٢٣ و ٢٠١٢/٤/٣٠ی پاشکۆی (ڕەخنەی چاودێر)دا به دوو بەش بلاّوکراوەتەوە.**

# غیابی ئێتیك
# له‌ میدیای كوردیدا

## چه‌ند سه‌رنجێك ده‌رباره‌ی ئێتیكی پیشه‌ و هۆكاره‌كانی پێشێلكردنی، له‌ میدیای كوردیدا

**"بە بێ ڕۆژنامەنووسیی ئازاد و ئازا، حکومەتی دیموکراس گیانی تێدا نییە، بەڵام کاتێك ڕۆژنامەنووسی بە ئاراستەی گومان خستنە سەر بەهاکانی مرۆڤ و کاسەلێسی و ئاژاوەگێڕی کاربکات، گەل-ێکی خراپی وەك خۆی بەرهەم دێنێت، بۆیە داڕشتنەوەی ئایندەی ئەمەریکا لە دەستی نەوەی ئایندەی ڕۆژنامەنووساندایە".**

**جۆزێف پۆلیتزەر**

**سەرەتایەك بۆ چەمکی ئێتیك**

لە پێناو خوێندنەوەیەکی زانستی و شرۆڤەیەکی بابەتی دەربارەی دۆخی ئەمڕۆی **میدیای کوردی** و قسەکردن لەسەر پرسی ئێتیکی پیشە لەو میدیایەدا و هۆکارەکانی غیابی ئەو لایەنە هەستیارە تێیدا و پێشێلکردن و ڕەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیك، سەرەتا پێویستە کەمێك لەسەر چەمکی ئێتیك خۆی، پاشان چەمکی ئێتیکی پیشە و ئینجا ئێتیکی پیشەی میدیایی و ڕۆژنامەنووسی بوەستین.

لە ڕووی زمانەوانییەوە، **ئێتیك Ethics** لە بنەڕەتدا لە وشەی**Etos** ی یۆنانییەوە هاتووە، واتە نەریت، یان ئاداب. ئەگەر بشمانەوێت لە ڕووی زاراوەییەوە، چەمکەکە بناسێنین، (سەرباری ئەوەی یەکێکە لە ئاڵۆزترین چەمکەکانی ناو زانستە مرۆییەکان و دۆزینەوەی پێناسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە و شیاو بۆی، کە هەمووان، یان لانی کەم زۆرینە لەسەری کۆك بن، کارێکی ئەستەم دەبێت)، وەك ئەوەی زۆر لە سەرچاوە زانستییەکان جەختیان لەسەر کردووەتەوە، دەتوانین بڵێین: **ئێتیك**، شێوەیەکە لە شێوەکانی

هۆشیاریی مرۆیی، ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە بێ هەڵاوێردن، لە ماڵەوە لەگەڵ خێزان، هەروا لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك، لە کارکردن، لە سیاسەت، لە زانست و لە شوێنە گشتییەکاندا، دسپلین و ڕێك دەخات.

مادام، **پیشە** (المهنة- Profession) بریتییە لە هەوڵی ڕەنج بۆ کێشراوی هزری، یان جەستەیی، بۆ هێنانەدیی سوودی دنیایی ڕەوا، یان یاساغ. کەواتە، مەبەست لە **ئێتیکی پیشە**-یش، ئەو هەڵسوکەوتانەن، کە لە میانی ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو (پیشەیەکدا)، لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن.

### ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی چییە؟

بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە زانستییەکان، بۆمان دەردەکەوێت، تا ئێستاش چەمکی ئێتیکی پیشە لە میدیا و ڕۆژنامەنووسیدا، شوێنی گفتوگۆ و مشتومڕی زۆرە.

دەکرێت **ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی (أخلاقیات المهنة الصحافة- Journalism Ethics)** بەوە بناسێنین، کۆمەڵێ پرەنسیپ و بنەمایە، کە دەبێت میدیاکار و ڕۆژنامەنووسان ئارەزوومەندانە و لەسەر بنچینەی ویژدانیی خۆیان، لە میانی پەیڕەوکردنی پیشەکەیاندا ڕەچاوی بکەن، تاوەکو ئاستێکی بەرزی پیشەیی پیشان بدەن.

ئەو ئاستە بەرزەشی لەو پێناسەیەی سەرەوەوە باسکرا، بریتییە لە پرۆفێشناڵیەتی، بەو پێیەی **پرۆفێشناڵ (المحترف- Professional)** بەو کەسە دەوترێت، کە شارەزایی و لێهاتوییەکی تایبەتی لە بوارێکی تایبەتدا هەیە و بەو هۆیەوە دەتوانێت سەرمایەی ماددیی بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

## **مێژووی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی**

دەربارەی دیاریکردنی مێژووی ئێتیکی پیشەی میدیایی، ڕای جیاواز هەیە:

بەو پێیەی، سەرهەڵدانی ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسی بۆ ساڵی ١٩١٦ دەگەڕێتەوە، بۆیە دەوترێت: ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی چەمکێکی نوێ نییە.

هەندێ پێیان وایە، نووسینەوە و تۆمارکردنی ئێتیکی کاری میدیایی و بەڵگەنامەکانی شەرەف و ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی و دامەزراندنی ئەنجوومەنەکانی ڕۆژنامەنووسی، بۆ یەکەمجار لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێ کردووە.

بۆچوونی تریش هەیە، بە شێوەیەکی وردتر، مێژووی بەکارهێنانی چەمکەکە، بۆ سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێنێتەوە، کە لە ساڵانی ١٩٤٩دا، یەکەمین **لیژنەی بەدواداچوونی پاشایەتی لە بەریتانیا**، بۆ کۆنترۆڵکردنی میدیا دروستکراوە و هەریەك لە: لۆرد ڕۆتەر میر-ی خاوەنی ڕۆژنامەی (دەیلی میل) و لۆرد بیۆر برۆك-ی خاوەنی ڕۆژنامەی (دەیلی ئێکسپرێس) و... تاد، خراونەتە ژێر لێکۆڵینەوەوە.

سەرەڕای ئەوەی، وا دادەنرێت، هاتنەکایەی ئەو لیژنە بەدواداچوونە، لە ئەنجامی ئەو کاریگەری و دەنگدانەوە گەورەیەی لیژنەی ١٢ ئەکادیمیستەکەی (زانکۆی شیکاگۆ) بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بە ناوی **"لیژنەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی"**، یان **"لیژنەی هوچنز"**، کە لە ساڵی ١٩٤٧دا بە سەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر (**ڕۆبێرت هوچنز Robert Hutchins**) سەرۆکی زانکۆی شیکاگۆ و ئەندامیەتیی یاریدەدەری وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا و دیارترین ڕەخنەگرانی ڕۆژنامەنووسیی ئەمەریکی (**ولیەم دیفرز و تیۆدۆر پاترسۆن**) پێکهات و بە هاوکاریی ماددیی

گۆڤاری (**تایم**)ی ئەمەریکی، ڕاپۆرتێکی بە ناونیشانی (**ڕۆژنامەنووسیی ئازاد و بەرپرسیار**) بڵاوکردەوە.

هەر لە ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتەوە، **تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی** (نظرية المسؤولية الإجتماعية- Social Responsibility Theory ) لە میدیادا، هاتەکایەوە و دەشوترێت، چەمکی ئێتیك لە گرنگترین ئەو کۆڵەکانەن، کە ئەو تیۆرەیان لەسەر وەستاوە.

هۆکاری پێکهێنانی ئەو لیژنەیە و نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە، بارودۆخی ناهەمواری میدیای ئەمەریکی بەتایبەتی و میدیای کۆمەڵگە لیبراڵەکان بوو، لە ڕووی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی تاك لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە و ڕەچاونەکردنی بەها ئێتیکییەکان، بۆیە ئامانجی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی، دیسپلینکردنی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی و گونجاندن و ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگە لیبراڵەکاندا.

تیۆرەکە، چەند ڕێگەچارەیەکی لە ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەنووسیدا خستەڕوو، لەوانە: گەڵاڵەکردنی پەیماننامەی شەرەفی پیشە، بۆ پاراستنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، دەرکردنی چەند یاسایەك بۆ سنوربەندکردنی کۆنترۆڵکردن، دامەزراندنی ئەنجوومەنەکانی ڕۆژنامەنووسی و دروستکردنی سیستمێك بۆ کۆمەککردنی ڕۆژنامەکان.

## کاریگەرییەکانی پەیڕەونەکردنی پرەنسیپە ئێتیکییەکان

وەك چۆن سەرچاوە زانستییەکان جەختیان لەسەر کردووەتەوە، گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی، بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو وڵات و کۆمەڵگەیەکدا بریتین لە: (بەرپرسیاریەتی، ڕاستگۆیی، وردی، سەربەخۆیی، ئازای، ئازادی، بێلایەنی، جیاکارینەکردن، دەستپاکی،

بابەتیبوون، مافی ژیانی تایبەت، دادوەری، خراپ بەکار نەهێنان، نهێنیپارێزی، خۆناساندن، دەمپاکی، ڕێزگرتنی بەهاکان، هاوکاری نەکردن)، بەڵام بە پێی تایبەتمەندیەتی و بەهای کۆمەڵایەتی، دەکرێت لە خاڵێکی دیکەدا پرەنسیپە ئێتیکییەکان لە وڵات و کۆمەڵگە و کولتوور و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ وڵات و کۆمەڵگە و کولتوور و ژینگەیەکی تری کۆمەڵایەتیدا جیاوازبن.

لە بارەی کاریگەریی خراپ بەکار هێنانی میدیاوە، پسپۆڕان، پێیان وایە "کاریگەریی گوللەی میدیا زۆر زیاتر و کوشندەترە لە کاریگەریی گوللەی تفەنگ، چونکە گوللەیەکی تفەنگ تەنها دەتوانێت کەسێك بکوژێت، یان بریندار بکات، بەڵام گوللەیەکی میدیا دەتوانێت کۆمەڵگە، یان وڵات، یان گەل-ێك بریندار بکات"، چونکە میدیا بە ملیۆنان خەڵکەوە پەیوەست و پەیوەنددارە و تەنها لە ڕۆژێکدا، ڕووبەڕووی بێشومار وەرگر، بە جیاوازیی ڕەچەڵەك، ڕەگەز، کولتوور، ئایین، تەنانەت ئاستی خوێندەوارییانەوە، دەبێتەوە.

کەواتە، کاریگەری و شوێنکاری هەڵەی پیشەیی و ئێتیکی میدیاکارێك، ئەگەر لە هەڵەی پزیشك، یان ئەندازیار، یان پارێزەر و مامۆستایەك زیاتر نەبێت، لە هی ئەوان کەمتر نییە. وەك چۆن زۆرجار زیاتریشە و ڕەنگە بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی، کە بە جۆرێ لە جۆرەکان پێشێلکاریی ئێتیکی تێدایە، ببێتە هۆی چەواشەکردنی کۆمەڵگە، یان گروپێکی گەورەی کۆمەڵایەتی، یان داڕماندنی سایکۆلۆژیای کۆمەڵگە و تاکەکانی، یان بەلاڕێدابردنی نەوەیەك، یاخود شێواندنی فاکتێك، کەوا کاتێکی زۆری دەوێت تاکو ڕاست دەکرێتەوە.

## **ڕۆژنامەنووسی لە نێوان ئێتیك و ئازادیدا**

پرسی ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی و ئەندازەی پەیڕەوکردنی، دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر لەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، وەك چۆن (**کۆمەڵەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا**) لە سەرەتای لە ڕاگەیاندنەکەیدا سەبارەت بە پرەنسیپەکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی، دەنووسێت: "یەکەمین هەموارکردن لە دەستووری ئەمەریکیدا، کە ئازادیی ڕادەربڕین لە هەر هەڕەشەیەك لە ڕێگەی هەر یاسایەکەوە بکرێتە سەری، دەپارێزێت، گەل لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە مافێکی دەستووری بۆ فەراهەم دەکرێت، بەوجۆرە بەرپرسیاریەتێکی دیاریکراو دەخرێتە سەر ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەنووسیش، داوا لەوانە دەکات کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن، بە تەنها هەوڵدەر و خاوەن مەعریفە نەبن، بەڵکو پێویستە هەوڵی گەیشتنە ئاستێك بدەن لە سەرڕاستی و شەرەف، کە لەگەڵ پابەندبوونە دانسقەکەی ڕۆژنامەنووسدا بگونجێت".

لە پەیوەندیی نێوان ئێتیك و ئازادیی ڕۆژنامەنووسیدا، دەردەکەوێت، ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ ئازادیی ڕەهادا زۆر هەڵەی ئاشکراکردووە، دەبینین هەندێ ڕۆژنامە خویان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان و بێهودە و ئابڕووبەری گرتووە لەسەر حسابی هەواڵە جیددییەکان، لە پێشکەشکردنی هەواڵدا وازیان لە پرەنسیپەکانی وردی و ڕاستگۆیی هێناوە، هەندێ ڕۆژنامەنووس بۆ خزمەتی مەرامە تایبەتییەکانیان یاری بە هەواڵ دەکەن، هەندێ ڕۆژنامەش لەسەر بنچینەی سۆزداری لە زۆربەی پرسە گرنگەکاندا ڕای گشتی دەخەنە گەڕ، وەك چۆن ڕۆژنامەکان بۆ ناوزڕاندنی تاك و لێپرساوان دوور لە لایەنی بەرپرسیاریەتییان، بەکارهێنراون و تایبەتمەندیی تاکەکان پێشان دەدەن و دەبنە ڕۆژنامەنووسیی زەرد (**الصحافة الصفراء – Yellow Journalism**)، یان ئەو ڕۆڵە بەرجەستە دەکەن.

ڕۆژنامەنووسیی زەرد-یش، زاراوەیەکە بۆ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بەکاردێن، کە تایبەتمەندیەتییان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی وروژێنەر، بە هۆی بەهایان لای مرۆڤ، وەرگرتووە، کەوا ئەو هەواڵانە حەزەکانی مرۆڤ دەدوێنن. واتە ئەو جۆرە میدیایانە، تەنها بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئابڕووبەری، سێکسی، تاوانکاری و ژیانی تایبەت، ناوبانگی باش پەیدا دەکەن. مێژووی ئەم ناونانەش بۆ ساڵی ١٨٩٣ دەگەڕێتەوە، کاتێك (**جۆزێف پۆلیتزەر**) ڕۆژنامەی (**New York World**)ی بڵاوکردەوە، کە تایبەتمەندیەتی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئابڕووبردن و نهێنیی ژیانی تایبەت و تاوان و سێکس وەرگرتبوو، ڕەنگی لە چاپکردنی ژمارەی ڕۆژی یەکشەممەدا بەکاردەهێنا، ڕەنگی زەردیشی تایبەت کردبوو بەوجۆرە هەواڵانە، لەهەمان سەردەمدا (**ویلیام ڕاندۆڵف هیرستا**) ڕۆژنامەی (**New York Journal**)ی بڵاوکردەوە و لەگەڵ ڕۆژنامەکەی پۆلیتزەردا لەسەر زیادکردنی تیراژ کەوتە ململانێ، ئینجا پۆلیتزەر لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا کەسیەتییەکی کارتۆنی دروست کرد، پێیان دەوت: منداڵی زەرد **The Yellow kid**، دوای ئەمەش کاریکاتێریستێك هەردوو کەسیەتییە هاوشێوەکەی پێ سپێردرا. ئینجا ڕۆژنامەی دیکەش بۆ ڕەواجپەیداکردنیان پەیڕەوی ئەوەیان کرد و برەویان بە ڕۆژنامەنووسیی زەرد دا.

لە کورتترین ئاماژەدا، ئێتیکی پیشە لە ڕۆژنامەنووسیدا، هاوسەنگییەك لە نێوان **"ئازادیی ڕۆژنامەنووسی"** لە لایەك و **"ئازادیی تاك"** لە لایەکی ترەوە ڕادەگرێت. بە قورسبوون و داکەوتنی هەر لایەکی تەرازووەکەش، پێشێلکاریی ئێتیکی دێتە کایەوە، بەمەیش کۆمەڵگە و تاکەکانی زیانلێکەوتووی یەکەم دەبن. بۆیە هەر پێشێلکردنێکی پرەنسیپەکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی بە ناوی ئازادیی ڕۆژنامەنووسییەوە، کارێکی قبووڵکراو نییە و دواجار کار لەسەر دابەزین و کەمبوونەوەی متمانەی میدیاکە لای وەرگر

دەکات. بەڵام نابێ ئەوەمان بیربچێت، لە کۆمەڵگە داخراو و نادیموکراسەکاندا، زۆرجار بەهۆی فەراهەمنەبوونی مافی دەستکەوتنی زانیاری و ئازادیی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ، ڕۆژنامەنووس دووچاری هەڵەی ئێتیکی دەبێت، چونکە ناچاری دەکات بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی دەستی دەکەون و هیچ سەرچاوەیەکی ڕەسمی لێدووانی بۆ نادەن، پەنا بباتە بەر سەرچاوەی نارەسمی و نائاشکرا. سەرباری ئەوەی بڕوام وایە نابێت ئەمە وا لە ڕۆژنامەنووس بکات لە پێشێلکاریی ئێتیکی نزیك بکەوێتەوە، بەڵکو پێویستە لە ڕێگەی خەباتە مەدەنییەکەی خۆیەوە، هەوڵی پتر بۆ بەدەستهێنانی شەفافییەت و ئازادیی دەستکەوتنی زانیاری بدات.

## پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی

**پەیماننامەی ئێتیکی** بۆ هەر پیشەیەك، ڕێساگەلێکی ڕێنماییکارە بۆ پەیڕەوکردنی پیشەکە، بۆ بەرزڕاگرتن وەك نموونەیەکی باڵا و پشتگیریکردنی پەیامەکەی، سەرباری گرنگییەکەی لە دیاریکردنی پەیڕەوکردن و ئەولەویاتەکانی ناو پیشەیەکی دیاریکراو، پابەندبوون تاکە ڕێگەیە بۆ حوکم لەسەر پیشەیەکی دیاریکراو و ڕەفتاری ئەندامانی ئەو پیشەیە بەرامبەری، هەروا پاراستنی بەهای متمانە و ڕێزگرتن و لێهاتوویی و ئابڕوو.

گرنگترین **تایبەتمەندییەکانی پەیماننامەی ئێتیکی پیشە** بریتین لە: پوختی، ڕوونی و ئاسانی، پێکهاتەیەکی ڕێکوپێك و قبووڵکراو لە ڕووی پراکتیکەوە، گشتگیری، پۆزەتیڤی.

**پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووس**، یان **پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی (مواثیق الشرف الصحفية- Press Code of Ethics)**، کۆمەڵێك پرەنسیپی ئێتیکییە، وەکو دەستوورێك بۆ جوڵانەوە و

کاری پیشەیی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسان لە نێوان خۆیاندا لەسەری ڕێك دەکەون، یان لە لایەن ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسییەوە لەو وڵاتەدا دادەڕێژرێت.

دەتوانین گرنگترین **ئامانجەکانی پەیماننامەکانی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی،** بەم خاڵانەی خوارەوە دیاری بکەین:

**یەکەم:** پاراستنی جەماوەر لە بەکارهێنانی نابەرپرسیارانەی ڕۆژنامەنووسی، ئەمەش بەکارهێنانی بۆ مەبەستی پڕوپاگەندە و چەواشەکردن و خەڵەتاندنی میدیایی دەگرێتەوە.

**دووەم:** پاراستنی ڕۆژنامەنووسان خۆیان، لە ناچارکردنیان لەسەر کارکردن بە شێوازە نابەرپرسیارەکان، یان بە ڕێگەیەك ناکۆك بێت لەگەڵ ئەوەی ویژدانیان پێیان دەڵێت.

**سێیەم:** پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسی لە گەیشتن بە هەموو جۆرەکانی زانیاری لە سەرچاوەکانیانەوە و بڵاوکردنەوەیان، جگە لەو زانیارییانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە کاروباری بەرگری و ئاسایشی نەتەوەییەوە پەیوەستن، تاوەکو جەماوەر بزانێت کۆمەڵگە چۆن بەڕێوەدەبرێت و بتوانێت ڕۆژنامەنووسی بۆ خستنەڕووی ڕا جیاوازەکانی بەکاربهێنێت.

لەگەڵ ئەو بایەخە گەورەیەی، پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی، بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی هەیەتی، بەداخەوە تا بە ئێستا دەگات ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان خاوەنی پەیماننامەیەکی تایبەت بە خۆیان نین، ئەگەرچی چەند هەوڵێك لێرەولەوێ هەبوون، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبووە. هەروا **سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**-یش کەوتووەتە هەڵەوە، کاتێك پێی وایە تەبەنیکردنی پەیماننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان بەسە بۆ بوونی پەیماننامەیەك بۆ ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە ڕاستە ئەو پەیماننامەیە تاکو ئەندازەیەك و بە

شێوەیەکی گشتی تێروتەسەل و گونجاوە، بەڵام هەندێ خاڵی گشتی، کە لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی گەڵاڵەکراون، بۆ بوونی بەڵگەنامەیەکی لەوجۆرە بۆ کۆمەڵگەیەکی خاوەن کولتوور و بەهای تایبەتی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیەتیی خۆی، بەس نییە، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە پەیماننامەکەدا ڕەنگیان نەداوەتەوە. بۆیە دەکرێت دامەزراوەکانی میدیا، میدیاکاران خۆیان، سەندیکا، **ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسی** (ئەگەر دروستکرا!)، بە یەکەوە هەوڵ بۆ گەڵاڵەکردنی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بدەن.

بەڵام لێرەدا پرسیارە ئەوەیە: **بوونی پەیماننامەیەکی لەوجۆرە، دەبێتە تاکە پێوەر بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە، لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا؟** بە دڵنیاییەوە **نەخێر**، چونکە وەکو لە شوێنی دیکەیشدا ئاماژەم پێ داوە، لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا ڕاگەیاندنی کوردی نەبووەتە ئەو هێزە کاریگەر و دەسەڵاتە چاودێرەی پێویستە بۆ سەر سێ دەسەڵاتەکەی تر و زۆربەی کات بەرژەوەندییەکان، جا بە هەر ناو و بەرگێکەوە دەرکەون، بەڕێوەی دەبەن، لەو بارەیشدا لە کاری پیشە و پەیڕەوکردنی پیشەییشدا شتێك بە ناوی پەیماننامەی شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە نامێنێتەوە.

وەك چۆن لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە و بوونی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی، پتر مەسەلەیەکی ئێتیکی و **بڕوابوونێکی ویژدانیی خودی ڕۆژنامەنووس** خۆیەتی، وەك لە **گەڵاڵەنامەیەکی پابەندی و خاوەن سزای ماددی،** لە کاتێکدا، بە نیگەرانییەکی زۆرەوە، ئەم ویژدانە تا ئەندازەیەکی بەرچاو لای میدیاکار و ڕۆژنامەنووسی کورد بزرە، یاخود جێگەی بایەخ نییە.

## ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسی

سووربوونی زیاتری ڕای گشتی لەسەر دەرچوواندنی گەڵاڵەنامەی ڕێکخستنی پیشە، وەك سنوردانان بۆ پێشێلکاریی ڕۆژنامەنووسی لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا، بەهۆی گەشەی بەرچاوی ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسییەوە بوو. سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم ئەنجوومەنەش، لە دەوڵەتانی سکەندەنافی دەستی پیّ کردوە.

ئەو فەلسەفانەشی پشتگیریی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسی دەکەن، بە جیاوازیی پێگەی سیستمە سیاسییەکە لە دیموکراسیدا، جیاوازن.

ئەگەر ئەو سیستمە دیموکراسی بوو، ئامانجی دامەزراندنی ئەنجوومەنی لەوجۆرەیش بە شێوەیەکی بنچینەیی، کارکردن دەبێت بۆ پاراستنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و وەستانەوە بەرامبەر هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی ئامانجیان کۆتوبەندکردنی ئەو ئازادییەیە.

بەڵام ئەگەر ئەو سیستمانە نادیموکراسی بوون، ئامانجی دامەزراندنی ئەوجۆرە ئەنجوومەنانە چەسپاندنی دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان دەبێت لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیدا، وەك چۆن دواجار دەبێتە کۆتوبەندێکی توند لەسەر ئازادییەکە.

لێرەوە، دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنانە ڕووندەبێتەوە، کە لە ڕاستیدا دەزگایەکی شیاون بۆ ناوخۆی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسان. ناشکرێت دەسەڵاتە یاساییەکان بیانەوێت ئەو ئازادییە کۆتوبەند بکەن. ڕای ڕۆژنامەنووسان لەو ئەنجوومەنانەدا گرەنتیی بنچینەییە بۆ ئازادییەکانیان. لە ڕێگەیشیانەوە دەتوانن هەڵەی کارەکانیان بە **پرەنسیپی خودسانسۆری (الرقابة التلقائية)** ڕاستبکەنەوە.

ئەو فەلسەفەیە پێچەوانە دەبێتەوە، کە بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنەکانی ڕۆژنامەنووسی لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا لەسەر ڕێگەی پێکهێنانیان جێبەجێکرا، ئەمەش لەسەر دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانیان. لە یەکەم لایەنەوە: ئەو ئەنجوومەنانە لە شێوەی کۆمەڵە سەربەخۆکان دامەزرێنرێن، ئەندامانیان، نوێنەرانی ڕۆژنامەنووسان و بڵاوکارەکان دەگرێتەوە، بەڵام هەندێکیان دەرگاکانی ئەندامیەتی بۆ جەماوەر دەکەنەوە. لە ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسیی کۆبیک لە کەنەدا، ژمارەی ئەندامانی، ڕۆژنامەنووسان، یان بڵاوکارەکان، یان جەماوەر، یەکسانن. بەوپێیە جیاوازییەکی تەواو سەبارەت بە ڕێکخستنی ئەنجوومەنەکانی ڕۆژنامەنووسی لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا بەدی دەکرێت، ئەو ڕێکخستنانە لەو دەوڵەتانەدا، لە سەرەوەڕا دەردەچن، بەو مانایەی دەسەڵات دایدەنێت و ڕێگەی پێکهێنانی ڕووندەکاتەوە و تایبەتمەندییەکانی دیاری دەکات. ئامانج لە هەموو ئەمانەیش، کۆتوبەندکردنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و بەیاساکردنی پاشکۆیەتییەکەیەتی بۆ دەوڵەت.

## ئێتیك و یاسا لە ڕۆژنامەنووسیدا

لە پێناو دۆزینەوەی ڕایەڵەکانی نێوان ئێتیك و یاسا لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا، لێرەوە و بە پشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان، بە کورتی بەراوردکارییەك لە نێوان ئێتیك و یاسادا دەکەین:

*ئێتیك گرنگی بە نیاز و نییەتەکان دەدات، کە لە خودی مرۆڤدا هەن، لە کاتێکدا یاسا گرنگی بە هەڵسوکەتی دەرەکی تاکەکان دەدات.

*ئێتیك ڕێژەییە و بە جیاوازیی کات و شوێن دەگۆڕێت، بەڵام یاسا گشتییە.

*فرمان لە ئێتیكدا سەرچاوەكەی ویژدانی تاك خۆیەتی، بەڵام لە یاسادا دەسەڵاتە، كە دوورە لە ویژدانی تاكەوە.

*ئێتیك بەرەو بەرزبوونەوەی خودی مرۆڤایەتی و كامڵبوون و نموونەی باڵا دەڕوات، لە كاتێكدا یاسا پابەندە بە دەستنیشانكردنی ڕێساكان لەسەر بنەمای بەهای هەڵسوكەوتی كەسەكە بەلەبەرچاوگرتنی كۆمەڵگە.

*جیاوازیی ئامانج لە نێوان یاسا و ئێتیكدا لەسەر یەك لایەنی ئێتیك دەردەكەوێت بە واتای لەسەر دیاریكردنی ئەركەكان بە دەر لە بڕیاردەرە یاساییەكان، بەڵام یاسا لە پاڵ دیاریكردنی ئەركەكان مافەكانیش دەستنیشان دەكات.

*وەك لە پێناسەی ڕێساكانی ئێتیكدا هاتووە، سزای ئەوەی سەرپێچی دەكات سزایەكی ئەدەبییە و لە ڕووی مادییەوە جێبەجێ ناكرێت، لە كاتێكدا سروشتی سزادان لە كاتی لادان لە یاسادا سروشتێكی بەرجەستەیە.

كەواتە، ڕاستە دەكرێ ئێتیك و یاسا هەردووكیان بەرامبەر پێشێلكاری لە پرسێكدا كۆك بن، بۆ نموونە لە مەسەلەی دەستوەردان لە ژیانی تایبەتی كەسەكان، كە هەردوو بە لادانی دەزانن، بەڵام لە كۆمەڵێ حاڵەتی تردا خاڵی جیاواز و ناكۆكیان هەیە، وەك لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ كردوون. بۆیە ناكرێت بڵێین لە پێناو گەیاندنی پەیامی میدیادا تەنها پێویستمان بە یەكێكیان هەیە، بەڵكو هەم یاسا و هەم ئێتیكیش بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسی زۆر گرنگ و جێبایەخن. وەك چۆن لە ئێستادا بەهۆی بوونی تاوانكاری و پێشێلكاریی زۆر لە ڕێگەی میدیای ئەلیكترۆنییەوە، نەتوانینی ڕێكخستنێكی نێودەوڵەتیی یاسایی بۆی، ڕەنگە بایەخی پابەندیی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی، پێش گرنگی و بایەخی یاسا-یش بكەوێت!

هەر سەبارەت بەم بابەتە، ئەگەر بۆ یاسای ڕۆژنامەگەری لە كوردستان، ژمارە **٣٥**ی ساڵی **٢٠٠٧** بگەڕێینەوە، دەبینین بەڵێننامەی **(میثاق**

**شرف**)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٥٤)ی هەموارکراو-ی کردووەتە پاشکۆ و سزای پێشێلکردنیشی داناوە. ئەمەش تێکەڵییەکی لە نێوان یاسا و ئێتیکدا دروستکردووە، چونکە وەك لە سەرەوە هێمامان بۆ کرد، سزاکانی ئێتیك و یاسا جیاوازن، هەروەها هەموو پیشەکان بە گوێرەی چەند پرەنسیپێکی ئێتیکی ڕێك دەخرێن، ئەم ڕێکخستنەیش بەشێك نییە لە ڕێکخستنی یاسایی و سیفەتی سەپاوەی بۆ ئەو کەسانەی لەو پیشەیەدا کاردەکەن نییە، بەڵام کاتێك سەندیکایەکی دیاریکراو پەیماننامەیەکی شەرەفی پیشەیی خۆی هەبوو، یان پابەندیی خۆی بۆ پەیماننامەیەك دەربڕیبوو، ئەندامانی سەندیکاکە، لە کاتی لادان لەو پرەنسیپانە ڕووبەڕووی سزایەکی سەندیکایی دەبنەوە، کە سەندیکاکەیان ئەنجامی دەدات، قورسی و سووکیی ئەو سزایانەیش بە پێی گەورەیی و بچووکی ئەو سەرپێچیە دەگۆڕێت، کە ئەندامی ئەو سەندیکایە لە میانی کارەکەیدا دەیکات. بۆیە ناکرێت پەیماننامەیەکی شەرەف بکرێتە پاشکۆی یاسایەك و پێشێلکردنیشی، بە سەرپێچیی یاسایی حسێب بکرێت و سزای هەبێت. ئەمەش یەکێکە لەو هەڵە زەقانەی یاسادانەری هەرێم لە دانانی ئەم یاسایەدا تێی کەوتووە.

## هۆکارەکانی پێشێلکردنی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی

بە گوێرەی ئەوەی، زۆربەی توێژەر و ڕۆژنامەنووسان لە جیهانی خۆرئاوادا وای دەبینن، ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی، ئامرازێکە بۆ سەپاندنی کۆتوبەندی نوێ لەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، ئەم بۆچوونەیش لەسەر بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەزموونی تایبەت لە جیهانی سێیەمدا، بونیادنراوە.

کەواتە، ئەگەر لێرەوە، هۆکارە سەرەکییەکانی پەیڕەونەکردن، یان لەبەرچاونەگرتن و پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی کاری ڕۆژنامەنووسی دەستنیشان بکەین، بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا (**هەرێمی**

**کوردستانیش وەك یەکێك لەوان)**، دەتوانین بە کورتی ئاماژە بۆ چەند خاڵێکی گرنگ بکەین:

**یەکەم:** ناپرۆفێشناڵیەتی و لاوازیی پیشەیی میدیایی و ڕۆژنامەنووسی و کارنەکردن بە ستاندارده جیهانییەکان، کە زۆرجار لە غیابی مەعریفییەوە، جۆرێك لە پاشاگەردانی دێتە کایەوە و بەهایەك بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی نامێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەی من لە بنچینەوە بڕوام بە سانسۆردانان لەسەر میدیا و کۆنترۆڵکردن و سنوردارکردنی نییە، بەڵام **پێویستە هۆشیارییەك لە پشت ئەنجامدانی هەموو کارێکەوە هەبێت،** ڕۆژنامەنووس خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی پیشەیی قوڵ بێت و پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی کەسی ڕۆژنامەنووس و ناڕۆژنامەنوس دیاریبکرێت، ڕۆژنامەنووسی تەنها حەز و ئارەزووی کەسیی نەبێت، بەڵکو پیشە و خوێندنیش بێت، تاوەکو بەها و جوانی بۆ کارەکە بگەڕێنرێتەوە.

**دووەم:** تێنەگەیشتنی تەواو لە مانا و پەیامی پیشەکە و سەیرکردنی تەنها لە ڕەهەندی ئابووری و داراییەوە و چاونوقاندن لە ئاست ڕەهەندی مرۆیی و بەرژەوەندیی گشتی و ڕەهەندە باڵاکانی پیشەکە. هەرچەندە لەگەڵ ئەوەدام، پیشە واتە هەوڵدان بۆ دابینکردنی سەرمایەی ماددی لە یەکێك لە بوارەکاندا، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت پیشەکە خاڵی بێت لە پێوەر و پرەنسیپی ئێتیکی و تەنها لایەنی قازانج و بەرژەوەندیی تایبەت لێك بدرێتەوە و کار لەسەر وروژاندن بکات و تەنها بیر لە سەبقی ڕۆژنامەنووسی و فرۆش بکرێتەوە.

**سێیەم:** بوونی ئاستەنگی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، یاسایی، پیشەیی، ئایینی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی) لە بەردەم دروستبوونی **(دەسەڵاتی چوارەم)**، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسی ببێتە چاودێر بەسەر سێ دەسەڵاتەکەی تر و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. لەبەر ئەوەی بە

دەسەڵاتبوونی ڕۆژنامەنووسی، مانای دروستبوونی هێزێکی کارا و کاریگەریی چاودێریکردن و ئاشکراکردن و پشکنین، ئەمەش بە میتۆدێکی وردی پیشەیی.

**چوارەم:** فەراهەمنەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی و دەستکەوتنی زانیاری بە مانا ڕاستەقینەکەیان، چونکە پەیوەندییەکی گەوهەری لە نێوان هەردوو چەمکی ئازادیی ڕادەربڕین و ئێتیکی ڕۆژنامەنووسیدا هەیە و نابێ ئەوەیشمان بیربچێت، گرنگیی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی، لە گرنگیی ئازادیی ڕادەربڕین-ەوە سەرچاوە دەگرێت، ئیتر لەسەر ئاستی تاك بێت، یان کۆ. هەروەك زۆرجار نەبوونی شەفافیەت و دەستەبەرنەبوونی مافی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری، میدیاکار دووچاری هەڵەی ئێتیکی دەکات.

**پێنجەم:** نەبوونی **ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسی**، چونکە ئەو ئەنجوومەنە: دەتوانێت نوێنەرایەتیی ڕۆژنامەنووسیی ئەو وڵاتە لە بەردەم دەسەڵاتەکانی، یان دەسەڵاتە بیانیەکاندا بکات. کار لەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و داکۆکیکردن لێی و گرەنتیی سەربەخۆیی لە دەوڵەت و کۆمەڵەکانی تر بکات، کەوا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەدەن. کار بۆ پاراستنی لێشاوی زانیارییەکان و گرەنتیی ئازادیی سەرچاوەکانی هەواڵ بکات، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسی ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگە بگێڕێت و ڕای گشتی دروست بکات. کار لەسەر ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕۆژنامەکان و گرەنتیی دووبارەنەبوونەی ئەو هەڵانە بکات. داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان بکات، دژی ڕێوشوێنە زۆرەملێکان، کە حکومەتەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان دەیگرنەبەر. سکاڵا لە جەماوەر و ڕۆژنامەکان وەربگرێت و کار لەسەر چارەسەرکردنیان بکات.

**شەشەم: گەڵاڵەنەبوونی پەیماننامەی شەرەفی پیشە**، بە جۆرێ، ڕێژەیەکی زۆری میدیاکار و ڕۆژنامەنووسان لەسەری کۆکبووبن و پێیەوە پابەندبن.

## ئەرکی دەسەڵات لەو نێوانەدا

لەو نێوانەیشدا، کاری دەسەڵاتەکانە بە گشتی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) لە ڕێگە جیاوازەکانەوە، هەوڵ بدەن دامەزراوە میدیاییەکان، مافەکانی هاووڵاتی پێشێل نەکەن، ئەمەش بەر لە هەرشتێك بە دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوبەرپرسیارانە و یەکتر تەواوکەر دەبێت لە نێوان میدیا و دەسەڵاتدا. واتە نە دەسەڵات بە چاوی نەیار و دوژمنکارانە تەماشای میدیا بکات، نە میدیا-یش وەك ئۆپۆزسیۆن مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتدا بکات.

دەسەڵات، ئیتر دەبێت لەوە تێبگات، پەیامی میدیا پەیامێکی گەورە و بەهێزە و یارمەتیدەری چەسپاندنی ڕیشەی دیموکراسییە لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا. دەتوانێت کۆمەکی پارلەمان و حکومەت و دادگاکان بکات لە چاودێریکردن و بەدواداچوونی کێشە و پرسەکاندا. بە هەمان شێوە میدیا-یش ئاگاداری ئەوە بێت دەسەڵاتیش بەشێکە لە کۆمەڵگە و ئامرازێکە بۆ خۆشگوزەرانیی تاکەکان و پێویستە هاوکاری بکرێت، نەك پەلامار بدرێت.

لە لایەکی ترەوە، پێویستە دەستوور **ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووس** لە ڕادەربڕین، نووسین، بەدەستهێنانی زانیاری، بڵاوکردنەوە دەقنووس بکات و جەختیان لەسەر بکاتەوە. یاساکان بە ئەندازەیەك تەندروست بن، لەگەڵ گیانی سەردەم و ژیانی دیموکراسیدا ناکۆك نەبن، پڕ نەکرێن لە زاراوە و چەمك و دەستەواژەی لاستیکی و تەمومژاوی و پێناسەنەکراو، تاوەکو

هەرکاتێ، هەر نووسین، یان مەتریالێکی میدیایی لەگەڵ خواستەکانیاندا نەهاتەوە، بە هەریەك لەو حاڵەتانەی دابنێن و تۆمەتباری بکەن. بەڵام تەنها هەرئەوەندە بەس نییە، بەڵکو لە پێناو هاتنەکایەی میدیایەکی **پرۆفێشناڵ و کاریگەر و چاودێر**، میدیایەکی **پیشەیی و بەرپرسیار**، دەبێت دەسەڵات، لە پێش میدیاکاران خۆیانەوە، داکۆکیکاری سەرسەختی ماف و ئازادییەکانی هاوولاتییان بن، چونکە میدیا پاڵپشتێکی بنەڕەتیی دروستبوونی ئەو دۆخەیە.

دەبێت **شەفافیەت** لە وڵات و کۆمەڵگەدا بەرقەراربێت و هەرسێ دەسەڵاتەکە بە یەکەوە کاری بۆ بکەن. پارلەمان دیققەتی زۆر لە دانان و گەڵاڵەکردنی یاساکاندا بەکاربهێنێت، حکومەت بە جیددی کار بۆ سەروەرکردنی یاسا بکات، دادگاکانیش، یاساکان وەکو خۆی جێبەجێ بکەن. بەو مانایەی دەقە یاساییەکان، تەنها لە خانەی تیۆردا نەمێننەوە و بچنە بواری پراکتیکییەوە، تەنها نەبنە دەقگەلێك لەناو کتێبەکاندا و بەس!.

پێویستە کار بە **پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان** بکرێت، ئەوەی **مۆنتسکیۆ** باسی لێوە دەکات و بە هۆکارێکی لەسەر پێ ڕۆیشتنی کاروبارەکانی دەسەڵاتەکان و ڕۆڵبینینی ڕاستەقینەیانی دەزانێت. دەبێت سەربەخۆیی هەریەك لە پارلەمان و حکومەت و دادگاکان بپارێزرێت و تێکەڵی یەکتر نەبن، چونکە سەربەخۆبوون و لێك جیابوونەوەی سێ دەسەڵاتەکە گرەنتییەکی هاتنەئارای **دەسەڵاتی چوارەم**-ە. وەك چۆن دەبێت واز لە پرۆسەی **بەحزبیکردنی دەسەڵاتەکان و کۆمەڵگە** بهێنرێت، چونکە دەبینین ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا، نەك تەنها حکومەت کاریگەری لەسەر پارلەمان و دادگاکاندا هەیە، بەڵکو حزب هەژموونی بەسەر حکومەتیشدا هەیە. هەروا دەبێت حزب چیتر دەست وەرنەداتە نێو کاروباری

زانکۆ و سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان. سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەسەر بنەمای تەوافوقی حزبی دانەمەزرێت، بەڵکو بە شێوەیەکی دیموکراسی ببێتە نوێنەری سەرجەمی ڕۆژنامەنووسان.

***لە تەوەری (ئێتیك لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا)، لە لاپەڕە ٥ی ژمارەکانی ٣٣٠٤ و ٣٣٠٥ و ٣٣٠٦ ی ڕۆژانی ٢٠ و ٢١ و ٢٠٠٩/١٠/٢٢ی ڕۆژنامەی (خەبات)دا بە سێ بەش بڵاوکراوەتەوە.**

# پرۆژەیەك بۆ گەڵاڵەكردنی
# پەیماننامەی شەرەفی
# ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی كوردستان

چەمکی ئێتیکی پیشە (أخلاقیات المهنه- Professional Ethics) واتای هەڵسوکەوتی خاوەن پیشە و ڕەفتارەکانی لە میانی پیادەکردنی پیشەکەیدا، دەگەیەنێت، بۆیە دەکرێ وا دابنێین، ڕێسای ڕەفتار ڕێساگەلێکە بۆ ڕێکخستنی پیادەکردنی کار لە چوارچێوەی ڕەسمیدا، کە کۆمەڵگە دەیگرێتە خۆی، لەبەر ئەوەی ئەندامەکانی، بە ڕێکخستنەکە و مەرجەکانی، پابەند دەبن.

وەك چۆن ئێتیکی میدیا و ڕۆژنامەنووسی-ش، کۆمەڵێك چوارچێوە و ڕێسا و یاسایە، کە دەبێت ڕۆژنامەنووس و کارکردوانی بواری میدیا، خۆویستانە و لەسەر بنەمای ویژدانیی خۆیان، لە کاتی ئەنجامدانی کارە پیشەییەکانیاندا لە بەرچاوی بگرن، بەبێ ئەوەی ناچارکرابن، یان فشارێکی دەرەکییان لەسەر بێت، یاخود لە کاتی ڕەچاونەکردنی، یان سەرپێچیکردن لێی، تووشی سزای یاسایی بن، بەڵام ئەمەش لە گرنگیی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووس بە ئێتیکی پیشەکەیەوە کەمناکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی پەیڕەویکردنی پیشەیی پابەندبوونە بەو سیستمی ئێتیکی و دەستوورییەی پیشەوە، کە هەمووان ڕاشکاوانە لە سەری ڕێککەوتوون.

بنەما ئێتیکییەکان بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسی، بریتین لە کۆمەڵێك بنەمای ڕێنوێنی و ئاراستەکاریی ڕۆژنامەنووسی، لە کاتێکدا یاسا ئەوە دیاری دەکات، لە ڕەوشێکی دیاریکراودا دەتوانیت چی بکەیت و ناتوانیت چی بکەیت، ئەمەشە بنەما ئێتیکییەکان لە بنەما یاساییەکان جیادەکاتەوە.

پرەنسیپەکانی ئێتیك، لەسەر بنچینەی کۆمەڵێك بەهای کەسی، پیشەیی، کۆمەڵایەتی و ئێتیکی پێشانت دەدەن پێویستە چی بکەیت، کە لە بیرکردنەوەیەکی دروستەوە سەرچاوە دەگرن، بڕیاردانی ئێتکییش واتە پاراستنی ئەو بەهایانە لە کاری ڕۆژانەدا.

ڕۆژنامەنووسی پیشەیەکی ئابڕومەندانەیە، بە هەموو پرسەکانی کۆمەڵگەوە بەندە و دەربڕی ڕاستەقینەی واقیعەکەیە، وەك چۆن بە پەنجەرەیەکی بەردەوام کراوە بەسەر ئەقڵ و ویژدانی خەڵك دەچوێنرێت، لەبەر ئەوە بۆ کارکردووانی ئەو پیشەیە پێویستبوو پشت بە کۆمەڵێك بەها و نەریت ببەستن، کە ڕێسایەکی بنچینەیی پێکدەهێنێت بۆ پارێزگاریکردن لە کۆمەڵێك پرەنسیپ، پێی دەوترێت (ئێتیکی پیشە) و دڵنیایی و پابەندبوونی پیشەیی بەرامبەر پرسە جیاوازەکان دروست دەکات بۆ پاراستنی شەرەفی وشە و شەرەفی پیشە لەگەڵیدا، هەروەها پابەندبوونی پیشەیی هاوکاریکراو بە ئێتیکی پەیڕەوکردن پێویستییەکی باشە بۆ پێکهێنانی واقیعی ڕۆژنامەنووسی خاوەن کەسیەتی و دۆزینەوەی هۆکاری پێشکەوتنی لە لایەك و بەرەوپێش بردنی دۆخی ئەو ئازادییەی دەرفەت لە بەردەم دەربڕینی بیروڕاکان لە ڕێگەی کایەی ڕۆژنامەنووسییەوە، دروست دەکات.

هەروەها پێوەر و پرەنسیپەکانی ئێتیکی کاری میدیاییش بە شێوەیەکی گشتی و لە ناو ڕۆژنامەنووسانی زۆربەی وڵاتاندا خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، ئەمە وێڕای هەندێ تایبەتمەندیەتیی کۆمەڵگە و ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتیی هەریەك لەو وڵاتانە، گرنگترین ئەو پێوەرانەش بریتین لە: بەرپرسیاریەتی، ڕاستگۆیی و وردی، سەربەخۆیی، ئازای و ئازادی، بێلایەنی و جیاکارینەکردن، دەستپاکی و بابەتیبوون، ڕەچاوکردنی تایبەتیبوونی ژیانی کەسەکان، دادوەری و خراپ بەکارنەهێنان، نهێنیپارێزی، خۆناساندن و دەمپاکی، ڕێزگرتنی بەهاکان، هاوکاری نەکردن...

لەو دەسپێکەوە و ئەگەر لە ڕوانگەی ئێتیکی کاری ڕۆژنامەنووسی، لە واقیعی میدیای کوردی بڕوانین، هەست بە سەرپێچی و لادانێکی زۆر لە پرەنسیپە ئێتیکییەکان دەکەین، دەبینین ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی گشتی کەمتر بنەما ئێیکییەکانی پیشەکەیان ڕەچاودەکەن، ئەمەش تا ڕادەیەك گرفتی دروستکردووە، گرفتگەلێك لە ڕووی لاوازیی ئەو بابەت و مەتریاڵەی پێشکەشی خوێنەر دەکرێت لە لایەك و لاوازبوونی متمانەی خوێنەر بەو میدیایانە لە لایەکی ترەوە، چونکە هەندێکجار میدیاکان لە سنورەکانی ڕۆژنامەنوسیی زەرد (الصحافة الصفراء -Yellow Journalism ) نزیك دەکەونەوە، ئەو جۆرە میدیایەش پێوەر و پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە ڕەچاوناکات و گوێی پێ نادات، چونکە ڕۆژنامەنووسان لەو تەرزەی ڕۆژنامەنوسیدا، ویژدان و بڕوای مرۆڤدۆستی و ئێتیکیی خۆیان دەکەنە قوربانیی سەبقێکی ڕۆژنامەنوسی، یان وروژاندنی شەقام و زیادکردنی تیراژی ڕۆژنامەکەیان و هەرچی زۆرتر پەیداکردنی بازاڕ بۆ ڕۆژنامەکەیان.

لەبەرچاو نەگرتنی ئەو ڕێسایانەش، بە بڕوای من پەیوەندیی بە چەند هۆکارێکی گەوهەرییەوە هەیە، یەکەمیان: بە دەسەڵاتنەبوونی میدیا لە کوردستان و نەبینی ڕۆڵی چاودێر بەسەر سێ دەسەڵاتەکەی ترەوە، ئەمەش بە کاریگەریی هۆکارگەلی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و... تاد. دووەم: پرۆفێشناڵنەبوون و لاوازیی کاری پیشەیی و کەم شارەزایی، چونکە تا ئێستا لای ئێمە ڕۆژنامەنووسی زیاتر حەز و ئارەزووە، نەك پیشە و خوێندن. سێیەم: نەبوونی پەیماننامەیەکی شەرەفی پیشە، کە کۆی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لە سەری کۆکبووبن و پابەندبن پێیەوە. هەروەك نەبوونی ئەنجوومەنێکی باڵای ڕۆژنامەنووسی، یان ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی کاری میدیا بکات و پەیماننامەی شەرەف گەڵاڵە بکات و بە مەبەستی زامنکردنی ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیدا،

دیسانەوە بۆشاییەکی تری ناوەندی میدیایە لە هەرێمەکەدا، بەڵام لەو حاڵەتەدا پێویستە ڕۆژنامەنووسان و ئەکادیمیان دەستەوەستان نەبن و لە ڕێگەی سەندیکا و کۆمیتە و گروپ و ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسییەکانەوە کۆدەنگییەك لەسەر پەیمانێکی شەرەف پێشان بدەن و بیکەنە دەستووری پەیڕەوکردنی پیشەیی خۆیان. (ئەگەرچی گۆڤاری "لڤین" خاوەنی پەیماننامەی شەرەفی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسانی خۆیەتی و ساڵی ڕابردووش "گروپی ڕاچەنین" بە هاوکاریی بەشی میدیای ئازاد لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ICSP و بەشداریی کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر پەیماننامەیەکیان گەڵاڵەکرد و داوایان کرد ڕۆژنامەنووسان ئیمزای ڕەزامەندبوونی لەسەر بکەن، بەڵام بە گوێرەی زانیاریی من، پێشوازییەکی ئەوتۆی لیّ نەکرا).

لەو سۆنگەیەوە، وەکو پرۆژەیەك بۆ گەڵاڵەکردنی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، لێرەدا چەند خاڵێك (بە سوودوەرگرتن **لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و پێوەرە گشتییەکانی ئێتیکی کاری ڕۆژنامەنووسی لە دنیادا و خاڵە بنەڕەتییەکانی: پەیماننامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی، کە یونسکۆ گەڵاڵەی کردووە، پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان، پەیماننامەی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی "سوێندی ڕۆژنامەنووس"، پەیماننامەی شەرەفی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسە پرۆفێشناڵەکان، بنەماکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسیی کۆمەڵەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا، پەیماننامەی شەرەفی یەکێتیی نەتەوەیی ڕۆژنامەنووسانی ئێزگە/ ئەمەریکا، پەیماننامەی ئێتیکی هەواڵی ئێزگەیی ڕێکخراوی دەرهێنەرانی هەواڵی ئێزگە و تەلەفزیۆن، ڕێساکانی کاری ئێتیکی ڕۆژنامەنووسیی بەڕێوەبەرانی نووسین لە ئاژانسی ئاسۆشیێتدپرێس، پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی چەند وڵاتێکی دەوروبەر)** پێشنیار دەکەم و دەخوازم ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر و ئەکادیمییان

گفتوگۆی جیددیی لە بارەوە بکەن، تاکو دواجار بکرێتە پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی ئەم هەرێمە.

ئەمە لەگەڵ ئەوەی پێم وایە، بوونی پەیمانی شەرەفی کار بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە تەنها نابێتە تاکە پێوەر بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ئەگەر ڕۆژنامەنووسان خۆیان لایەنی ویژدانی و ئێتیکی مرۆیی خۆیان ڕەچاونەکەن، چونکە لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە و بوونی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی، پتر مەسەلەیەکی ئێتیکی و بڕوابوونێکی ویژدانیی خودی ڕۆژنامەنووس خۆیەتی، وەك لە گەڵاڵەنامەیەکی پابەندی و سزادار.

١. ڕۆژنامەنووس لە میانی پەیڕەوکردنی کارەکەیدا ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی دەکات، ئەو بەرپرسیاریەتییەی، کە پەیامەکەی بەرامبەر کۆمەڵگە خستوویەتە ئەستۆ.

٢. ڕۆژنامەنووس لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاریدا ڕاستگۆ دەبێت و وردیی زۆر بەکاردەهێنێت، لە پێناو سەبقی ڕۆژنامەنووسی و وروژاندنی شەقام و زیادکردنی تیراژ و فرۆش و بازاڕپەیداکردن متمانەی خۆی بەرامبەر وەرگر لەدەست نادات.

٣. ڕۆژنامەنووس لە داڕشتنی هەواڵ و پێشکەشکردنی زانیاریدا، سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت.

٤. ڕۆژنامەنووس داکۆکی لە ئازادی دەکات و لە بەدەستهێنانی داتا و زانیاریدا ئازا دەبێت و ئەو ئازایەتییەش لە ڕادەربڕیندا، دواجار بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی ڕادەربڕین بەکاردێنێت.

٥. ڕۆژنامەنووس بۆ مەرامی دزێو و بەرژەوەندیی تایبەتی سوود لە ئازادیی ڕادەربڕین و مافی ڕەخنەگرتن وەرناگرێت.

٦. ڕۆژنامەنووس لە دارشتن و بڵاوکردنەوەدا بێلایەنیی پیشەیی دەپارێزێت و جیاکاری لە نێوان بابەت و ڕووداوەکاندا ناکات.

٧. ڕۆژنامەنووس سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری ئاشکرا ناکات و نهێنیپارێز دەبێت.

٨. ڕۆژنامەنووس بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری و وێنە و بەڵگەنامە ڕێگەی دروست و ڕەوا دەگرێتەبەر، تەنها لەو حاڵەتە ناوازانەدا نەبێت کە دەستخستنی ئەو مەتریاڵە میدیاییانە خزمەتی گەورە بە بەرژەوەندیی گشتی دەکەن.

٩. ڕۆژنامەنووس لە ڕوماڵکردنی ڕووداو و گواستنەوەی زانیارییەکاندا دەستپاك و سەرڕاست دەبێت و دڵنیایی و بابەتیبوون لەبەرچاو دەگرێت و زانیاریی گرنگ ناشارێتەوە و بەڵگەنامەکان ناشێوێنێت و بابەتی ڕۆژنامەنووسی دیکە ناکات بە هی خۆی و لە کات و شوێنی پێویستدا ئاماژە بە ناوی سەرچاوە دەکات.

١٠. ڕۆژنامەنووس هەوڵی جیددی دەدات بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی بە شێوەیەکی نادروست بڵاوکراونەتەوە و زیان بە بەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنن، هەروەك مافی ڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوە و وەڵامدانەوەش بۆ ئەو کەس و گروپ و لایەن و دەزگایانەش دەستەبەردەکات، کە پێیان وایە لە میانی بابەتێکەوە زیان بە ناو و ناوبانگیان گەیشتووە، یان زانیاریی ناو بابەتێك لە بارەیانەوە هەڵەی تێدابووە.

١١. ڕۆژنامەنووس تایبەتیبوونی ژیانی کەسەکان ڕەچاو دەکات.

١٢. ڕۆژنامەنووس دادوەرانە مامەڵە لەگەڵ مەتریاڵە ڕۆژنامەنووسییەکاندا دەکات و هەوڵنادات حەزی ئەنجامدان، یان دووبارەکردنەوەی تاوان و توندوتیژی و کاری دزێو لای وەرگر دروست و گەورە بکات .

١٣. ڕۆژنامەنووس پیشە و ناسنامەکەی لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتیدا بەکارناهێنێت و ساختەکاری ناکات، وەك چۆن هەموو بەرتیل، دیاری، بانگهێشتێك، کە نیگەتیڤانە کاربکاتە سەر کارەکەی، قبووڵناکات و لە ڕێگەی پیشەکەیەوە هاوکاریی دەزگایەکی سیخوڕی، یان لایەنێك ناکات دژی لایەنێکی دیکە، بە جۆرێك کاربکاتە سەر بەرژەوەندیی گشتی.

١٤. ڕۆژنامەنووس ڕێز لە ڕاستی و پرەنسیپی مافی زانین و مافی خەڵك لە گەیشتن بە زانیارییەکان و هەموو دید و ئاراستە جیاوازەکانی کارکردن و بیرکردنەوە دەگرێت و مافی ڕادەربڕینیشیان بە بێ جیاوازی بۆ فەراهەم دەکات.

١٥. ڕۆژنامەنووس مافەکانی مرۆڤ و بەها مرۆییەکان دەپارێزێت و هەوڵی قوڵکردنەوەی گیانی دیموکراسی، سەروەریی یاسا، لێبووردەیی، تەبایی، پێکەوەژیان، ڕزگاریی نیشتمانی و نەتەوەیی، پێشکەوتنی کوردەواری و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان دەدات.

١٦. ڕۆژنامەنووس هەرگیز بیر لە وەرگرتنی پۆستی هاوکارێکی ناکاتەوە، یان ئەو جێگەیە بە مەرجێکی کەمتر وەرناگرێت و ڕێگە بۆ دەرکردنی هاوپیشەکەی خۆش ناکات.

١٧. ڕۆژنامەنووس ڕەچاوی ئەو پرەنسیپە یاساییە دەکات، کە دەڵێت: "تۆمەتبار بێ تاوانە، تا ئەو کاتەی تۆمەتبارکردنی لە داگا دەسەلمێنرێ".

١٨. ڕۆژنامەنووس کار لەسەر بزواندنی هەست و سۆزی وەرگر ناکات و لە ڕووداو و بابەتە جیاوازەکاندا چەواشەیان ناکات.

***لە لاپەڕە ١٨ی ژمارە ٣٨٢ی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٧/١٢/٢٦ی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕێکلام
# لە نێوان ئێتیک و یاسای ڕاگەیاندندا

بۆ قسەکردن لەسەر (ڕیکلام) لە نێو هاوکێشەی ئێتیك و یاسای ڕاگەیاندندا، بە شێوەیەکی پوخت و ڕۆشن (کە ئەمە لە ڕووی زانستییەوە داوایەکی ئێجگار قورس و بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە) سەرەتا پێویستمان بەوە دەبێت کەمێك لەسەر هەر سێ چەمکەکە (ڕیکلام، ئێتیك، یاسا) هەڵوەستە بکەین و بە پشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان بە کورتی بیانناسێنین، دواتر لەو سۆنگەیەوە وەڵامێکی گونجاو بۆ پرسەکە بخەینەڕوو.

ڕیکلام (الإعلان- **Advetasing**): چالاکییەکی کەمیونیکەیشنە، فرۆشیار لە ئەنجامی کاریگەردانان لەسەر کڕیار لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێواز و ئامرازە نا شەخسییەکان پێی هەڵدەستێت، بە شێوەیەك ڕیکلامکار لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ماسکەمیونیکەیشنەوە گوزارشت لە کەسیەتیی خۆی دەکات. جۆرەکانی ڕیکلام: سیاسی، بازرگانی، هونەری، ئەدەبی...تاد.

ئێتیکی کاری میدیایی (أخلاقيات العمل الإعلامي- **Press Professional Ethics**): کۆمەڵێ چوارچێوە و ڕێسایە، کە دەبێت ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران خۆویستانە و لەسەر بنەمای ویژدانیی خۆیان، لە کاتی پیادەکردنی پیشەکەیاندا لەبەرچاوی بگرن، بە بێ ئەوەی ناچارکرابن، یان فشارێکی دەرەکییان لەسەر بێت، یاخود لە کاتی ڕەچاونەکردنی، یان سەرپێچیکردن لێی، تووشی سزای یاسایی بن.

یاسای ڕاگەیاندن (قانون الإعلام- **Law Media**): کۆمەڵێ چوارچێوەو ڕێسایە، دەسەڵاتی یاسادانان لە پێناو ڕێکخستنی پیشەی میدیا و دەستنیشانکردنی ئەرك و مافی میدیاکاران دایاندەنێت و بەسەر میدیاکارانیشی دەسەپێنێت پێیەوە پابەندبن، لە کاتی سەرپێچیکردنیش سزای ماددی دانراوە.

هەروەها ڕێکلامکار، ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتیی کاری ڕێکلام لە دامەزراوەیەکی میدیایی دیاریکراو دەکات، واتە ئەو خاڵی پەیوەندیی نێوان ئەو کۆمپانیا و دەزگایەیە، کە دەیەوێت ڕێکلام بۆ کالا، خواردن، یان شوێنەکەی بکات، لەگەڵ دەزگا میدیاییەکەدا، بۆیە پێویستە ڕەچاوی لایەنی ئێتیکی بکات و دەزگاکەی، لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بەکارنەهێنێت، دووچاری هەڵەی ئێتیکیی نەکات، هەروەها ڕێگە بە بلاوکردنەوەی ئەو ڕێکلامانەیش نەدات، کە لە ڕووەکانی یاسایی، تەندروستی، کۆمەلایەتی... زیانیان هەیە و ڕێگەپێدراو نین، بۆنموونە ڕێکلامکردن بۆ جگەرە و دەرمان و مادده هۆشبەرەکان و...تاد.

کەواتە لەو دەسپێکەی سەرەوەوە، دەگەینە ئەوەی، میدیا و کەمیونیکەیشن هۆکارێکی گرنگن بۆ گەیاندنی پەیامەکان لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، بەلام میدیا تەنها لەسەر گەیاندنی پەیام ناوەستێت، بەڵکو جەخت لەسەر کاریگەریی ئەو پەیامە و فیدباکی لەسەر وەرگریش دەکاتەوە. بۆیە لەو نێوانەدا ئێتیك و یاسا-یش دێنەگۆڕێ، ئەمەش لەو پێناوەی پەیامەکان بە دروستی و بێشێواندن بگەنە جێی مەبەست، چونکە نابێ هەرگیز ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویستەمان بیربچێت، ڕاگەیاندن لە گەوهەردا پیشەیەکە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی تاکەکاندا، نەك بۆ چەواشەکاری و خەڵەتاندن و دەستخستنی هەندێ بەرژەوەندیی کەسی. ڕاگەیاندن خاوەنی کۆمەڵێ ئەرکی گرنگە، لەوانە: هەواڵ و زانیاریگەیاندن، چاودێرکاری، دروستکردنی بۆچوون و ئاراستەکان، پەروەردە و فێرکردن، ڕۆشنبیری، کۆمەلایەتی، ڕێکلام و بەبازاڕکردن، گەشەپێدانی مرۆیی... تاد. بۆیە وەك چۆن خۆی پێویستە چاودێرێکی بابەتیی سێ دەسەلاتەکەی دیکە و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بێت، ناشبێت چاودێریکردنی خۆی ڕەت بکاتەوە، هەم چاودێریی ئێتیکی، هەم چاودێریی یاسایی، چونکە زۆرجار لە

غیابی ئەو چاودێریکردنانەی میدیاکار، میدیا لە ڕاستەڕێی خۆی لادەدرێت و دەکرێتە کێڵگەی هێنانەدیی کۆمەڵێ ئامانجی نائێتیکی، ناویژدانی و نامرۆیی. هەروا ئازادییەکانی ڕادەربڕین و بەدەستهێنانی زانیاری و بڵاوکردنەوە، کە پێویستیی حەتمیی کۆمەڵگەن و لە ڕێگەی میدیاوە پەیڕەودەکرێن، نابێت خراپ بەکاربهێنرێن و لە ڕێگەیانەوە ئازادیی تاکەکان پێشێل بکرێن، ئەمەش هاوسەنگکردنی دوو تای تەرازووەکە (ئەرك، ماف) پیشان دەدات، کە بۆ هەر بوار و پیشەیەك پێویستە.

وەك لە سەرەوە، بە کورتی ئاماژەمان پێ دا، ڕێکلام جگە لەوەی چالاکییەکی کەمیونیکەیشن- ئابوورییە، ئەرکێکی گرنگی میدیایشە، کەواتە لەو بازنەیە ناچێتە دەرەوە و ئەویش دەبێت لە ئاست داخوازییەکانی میدیایەکی تەندروست و پیشەگەر (پرۆفێشناڵ)دا بێت.

زۆرجار، گوزارشتی "چەکی دوو دەم" وەك چۆن بەرامبەر چەمکی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنرێت، هەندێجار بۆ چەمکی ڕێکلام-یش دەوترێت، ئەمەش لەوەوە هاتووە، ئەگەر ڕێکلامسازی و بڵاوکردنەوەی ڕێکلام لە ڕاستەڕێی خۆی دەربچێت، دەمی دووەمی چەکەکە دەکەوێتەکار، کە بێگومان زیانمەند دەبێت. کەواتە پێویستە هەم لە ڕووی ئێتیکی، هەم لە ڕووی یاساییەوە میدیاکار، بەتایبەت ئەوانەی لە بواری ڕێکلامدا کاردەکەن، بە وریایی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەن.

ئەگەرچی ڕێکلام ڕەهەندێکی ئابووریی هەیە و لە پانتایی نمایشە میدیاییەکەدا (چ بە نووسراو، بینراو، بیستراو، یان تێکەڵ) دەردەکەوێت و کۆمەڵێ ئامرازی یاریدەدەری دەخرێتە خزمەتەوە، بەڵام لە پێش ئەمەشەوە، لە ڕووی ئێتیکی و یاساییەوە چەند ڕەهەندێکی تریشی هەیە، کە نابێ ڕاگەیاندنەکە فەرامۆشییان بکات:

یەکەم: **ڕەهەندی ئێتیکی/** واتە ئەو پرەنسیپە ئێتیکییانەی پێویستە میدیاکار لە ئەنجامدانی هەر کارێکی پیشەییدا ڕەچاویان بکات و نادیدەیان نەگرێت، لەوانە: بەرپرسیاریەتی، وردی، ڕاستی، بابەتیبوون، بێلایەنی، ڕێزگرتنی ژیانی تایبەت... تاد.

دووەم: **ڕەهەندی مرۆیی/** کە هەندێ، بە درێژکراوەی ڕەهەندی یەکەمی دەزانن. ئەو بەها مرۆییانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ وەك سەرمایەیەکی گەورە و گرنگ تەماشادەکات و دەیکاتە سەنتەری کۆمەڵگە.

سێیەم: **ڕەهەندی پەروەردەیی/** مەبەست لە پێوەرە هاوچەرخەکانی پەروەردەی تەندروستە، کە هەمیشە جەخت لەسەر دروستکردنی کەسیەتییەکی کامڵ و دەروونددروست و خاوەن ڕەفتاری نۆرماڵ و ئایندەی گەش بۆ منداڵ و لاوان دەکاتەوە.

چوارەم: **ڕەهەندی کۆمەڵایەتی/** کە هەندێجار (ڕەهەندی کولتووری)یشی پێ دەوترێت، مەبەست لێی پاراستنی بەها کولتوورییەکانی کۆمەڵگەیە، ئەو بەهایانەی لانی کەم کۆعەقڵی کۆمەڵگە لەم قۆناغەدا لەسەر ی کۆکن و لادان لێیان زیانی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.

پێنجەم: **ڕەهەندی تەندروستی/** ئەو بنەما و ڕاستییانەن، کە زانستی پزیشکی و تەندروستی چ لە ڕووی جەستەیی و چ لە ڕووی دەروونییەوە دیاریان کردوون و جەختیان لەسەر کردووەتەوە.

سەرچاوە زانستییەکان ئەو ئاماژانە دەخەنەڕوو، لەسەر ئاستی دنیادا بە گشتی، لەمڕۆی میدیادا، لە گرنگترین ئەو کێشانەی کاریگەرییان لەسەر ڕێکلام هەیە، ئارەزووە بۆ بەکارهێنانی سیمبوڵ و ئیحاگەلی سێکسی و فراوان لە بەکارهێنانی ئافرەت لە ڕێکلامدا لە زۆربەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، کە بۆ وروژاندنی حەزەکان و هاندانی بینەران پەیڕەو

دەکرێن، لە کاتێکدا ئەمە ڕەفتارێکە لە ڕووی پێویستیی ڕاستەقینەوە، لۆژیکی نییە.

لە دیارترین کێشەکان، بریتییە لە پیشاندانی منداڵان بە شێوەی زیانمەندانە، کاتێ لە ڕێکلامە تەلەفزیۆنییەکاندا وشە و گوزارشتە بازاڕییەکان بەکاردێنن، بەتایبەت کاتێ ئەو گۆرانییانە دەڵێنەوە، کە ئاماژەی دوور لە بەها و پێوەری ئێتیکییان تێدایە.

هەروا دەبینین، هەندێجار ڕێکلام لایەنی پاراستنی بەکاربەر (حماية المستهلك) ڕەچاو ناکات، لە کاتێکدا پاراستنی بەکاربەر، بریتییە لەو ڕێوشوێنە پێویستانەی بۆ پاراستنی هەموو کەسێك دەگیرێنەبەر، کە هەوڵی بەدەستهێنانی کاڵا، یان خزمەتگوزاری دەدەن، بە ئامانجی تێرکردنی پێویستییە کەسی و خێزانییەکان. یان کۆمەڵێ بنەما و سیاسەتە، کە ئامانج لێی ڕێگرتنە لە زیانگەیاندن بە بەکاربەر، هەروا گرەنتیی گەیشتنیەتی بە مافەکانی.

چەمکی پاراستنی بەکاربەر لەسەر سێ تەوەر وەستاوە: چاودێریکردن، تەوەری تەشریعی، ڕۆشنبیرکردن و فێرکردن و ڕێنماییکردنی بەکاربەر.

واتە، پێویستە ڕێکلام دووربێت لە ڕۆحی پۆپۆلیستی، هاندانی توندوتیژی، وروژاندنی سێکسی، پڕوپاگەندە، بەکارهێنانی نادروستانەی منداڵ، بەکاڵاکردنی ژن، برەودان بە خواردنی ناتەندروست، بەکارهێنانی گوزارشتی بازاڕی... تاد.

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستا شتێك بە ناوی ڕێکلامسازیی دروست و شیاوەوە نییە، چونکە پرۆسەی دروستکردنی ڕێکلام، یان ڕێکلامسازی پرۆسەیەکی هونەری و زانستی و میدیایی گرنگە، لە هەمان کاتدا هەندێجار هەندێ ڕێکلامی هاوردەیش لە میدیای کوردیدا پەخش و بڵاودەکرێنەوە، کە لەگەڵ کولتووری کوردیدا گونجاونین. لە هەرێمی

کوردستاندا، هەڵە و کەموکوڕیی زۆر و پێشێلکاریی یاسایی و ئێتیکی لە بڵاوکردنەوەی ڕێکلامدا هەیە.

ڕێکلام لە ڕووی یاساییەوە بە یاسایەك ڕێکدەخرێت، ئەو یاسایەیش بە سەربەخۆ، یان لەگەڵ یاسای ڕاگەیاندندا ڕێکدەخرێت، بەڵام تا هەنووکە ئەمە لە هەرێمدا ئامادەگیی نییە.

هەروا لە ڕووی ئێتیکییشەوە، وێڕای پابەندیی ویژدانی، پێویستە لە پەیماننامەی شەرەف جەخت لەسەر (خۆبەدوورگرتنی میدیا لە ڕێکلامی نادروست) بکرێتەوە. جێی نیگەرانییە تاکو ئێستا ئەمەش لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە و میدیاکارانیش تا ئەندازەیەکی زۆر ئێتیکی ڕێکلامکردن (وەك زۆربەی ئێتیکەکانی تر و پرەنسیپیەکانی تری ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی) لەبەرچاوناگرن.

***ساڵی ٢٠١٠ لە سایتی دکتۆر هێمن مەجید (www.heminmejeed.kurdbloger.com)دا بڵاوکراوەتەوە. پاشان لە لاپەڕە ٤ی ژمارە ٣٢٧ی ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٢/٨/٢٧ی پاشکۆی (ڕەخنەی چاودێر)دا جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە.**

# پرۆژە دەستووری هەرێم،
# ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی سنورداردەکات

دوای چەند ساڵ فەرامۆشکردنی و لەگەڵ بوونی نارەزایی زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، پارلەمانی کوردستان، لە ماوەی "درێژکراوە"یدا، ڕۆژی ٢٤ی ٦ی ٢٠٠٩ بە زۆرینەی دەنگ پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد و بڕیاریش درا ڕۆژی ٢٥ی تەمموز لەگەڵ هەڵبژاردنی پارلەمانو سەرۆکی هەرێمدا، ڕیفراندۆمی لەسەر بکرێت.

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا، سەرنج نییە دەربارەی پەسەندکردنی بە پەلەی پرۆژە دەستورەکە لە وادەی "درێژکراوە" و نەبوونی هۆشیاریی جەماوەری هەرێم لەسەر پرۆژەکە و دەسەڵاتە زۆروزەوەندەکانی سەرۆکی هەرێمو کەموکوڕییەکانی تری ئەو پرۆژەیە، چونکە پێشتر لە چەند وتار و گفتوگۆی دیکەدا خراونەتە ڕوو، بەڵکو دەمەوێت لەم وتارەدا تیشك بخەمە سەر پرسێکی هەستیار، کە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ڕادەربڕین و فەراهەمکردنی مافی نووسینو بڵاوکردنەوەیە، کە بە خاڵێکی گرنگی ناو دەستوری هەموو وڵاتێك دادەنرێت، بەتایبەت وڵاتە دیموکراس و کراوەکان، جێگەی تایبەتیان بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان، بەتایبەت ئازادیی ڕۆژنامەنووسی داناوە، یان لە دەستوری هەندێ وڵاتدا بە بایەخێکی زۆرەوە ئەو ئازادییەو گرنگیی کایەی ڕۆژنامەنووسی دەقنووس کراوە. ئەوەتا دەستوری میسر بۆ ساڵی ١٩٧١- هەموارکراو، بە ڕوونی ددانی بە چاودێربوون و بەدەسەڵاتبوونی کایەی ڕۆژنامەنووسیدا ناوە، لە ماددەی ٢٠٦یدا: "ڕۆژنامەنووسی، دەسەڵاتێکی جەماوەرییە و کار بۆ پەیامی خۆی دەکات، بەو شێوەیەی لە دەستور و یاسادا دیاریکراوە".

ئەوەی هاوولاتییان بە گشتی و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیر و ئەکادیمیستانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت، چاوەڕێیان دەکرد، دەستوری هەرێمەکەیان بواری میدیا و ڕۆژنامەنووسی وەکو (دەسەلاتی چوارەم) و چاودێر بەسەر سێ دەسەلاتەکەی تر و کایە جیاوازەکانی کۆمەلگە بناسێنێت و ددانی پێدا بنێت، نەك بەوجۆرەی لە بڕگەی دەیەمی ماددەی ١٩ی ڕەشنووسەکەدا (کە تایبەتە بە "کەرامەت و ژیان و ئازادی") هاتووە: "هەموو کەس مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە و پێویستە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و هۆیەکانی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و فرەلایەنییان مسۆگەر بکرێ، بەلام ئەم مافە توانج و تەشەرە و دەستدرێژی بۆ سەر مافی خەلکی دیکە و سووکایەتی بە پیرۆزییە ئایینیەکان و هاندان بۆ توندوتیژی و برەوپێدانی ڕق و کینە لە نێو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان- عیراقدا ناگرێتەوە".

دەستەواژە و دەربڕینەکانی ناو بڕگەکە تا ئەندازەیەکی زۆر تەمومژاوی، لاستیکی و پێناسەنەکراون و لەبری فراوانکردنی پانتایی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی، بەرتەسکی دەکەنەوە، ئاستەنگی دەستوری و یاسایی دەخەنە بەردەم، تاکو مانای ئەو گوزارشتەی لە سەرەتای بڕگەکەدا هاتووە بە کۆمەلێك سانسۆر تێکبشکێنن.

کاتێك بەشی یەکەمی ئەو بڕگەیە: "هەموو کەس مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە و پێویستە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و هۆیەکانی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و فرەلایەنییان مسۆگەر بکرێ" دەخوێنینەوە، زۆر خۆشحاڵ دەبین و هەست دەکەین بەلێ دەستوری هەرێمەکەمان بوارێکی زۆری بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا فەراهەم کردووە، بەلام کاتێك چاومان دەکەوێتە سەر بەشی دووەمی بڕگەکە: "بەلام ئەم مافە توانج و تەشەرە و دەستدرێژی بۆ سەر مافی خەلکی دیکە و سووکایەتی بە پیرۆزییە ئایینییەکانو هاندان بۆ

توندوتیژی و بڕەوپێدانی ڕق و کینە لە نێو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان- عیراقدا ناگرێتەوە" نیگەرانی داماندەگرێت و دەزانین ئەم پرۆژە دەستورە چەندە بواری لە بەردەم ئەو ئازادییانەدا بچووککردووەتەوە. ئەوەیشی زیاتر ڕاستیی بۆچوونەکەمان دەسەلمێنێت، بوونی دەستەواژەکانی: "توانج و تەشەرە، دەستدرێژی بۆ سەر مافی خەڵکی دیکە، سووکایەتی بە پیرۆزییە ئایینییەکان، هاندان بۆ توندوتیژی، بڕەوپێدانی ڕق و کینە لە نێو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان- عیراقدا"یە لە نێو بڕگەکەدا.

هەروەها دەقنووسکردنی ئەو کۆتوبەندانە لە دەستوردا بە گرفتێکی گەورە ئەژمار دەکرێت، چونکە دەستور تەنیا یاسا گشتییەکان دیاری دەکات و ناچێتە ناو وردەکارییەکانەوە.

جگە لەوەی ئەم بڕگەیە یاساکانی: چاپەمەنیی حکومەتی عیراق، ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ و چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ و تەنانەت یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧مان بیردەخاتەوە، کە کۆمەڵێك سنور و کۆتوبەندیان لە بەردەم ڕۆژنامەنووس و ئازادیی ڕادەربڕینیدا داناوە و بە دەقنووسکردنی کۆمەڵێ دەستەواژەی نادیار و لاستیکی، دەستی دەسەڵات و سیستمی سیاسی بۆ بەرتەسککردنەوەی مەوداکانی ئازادیی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووس دەکاتەوە و بۆ سنوربەندکردنی بە یاسا، ئازادی دەکات!.

ماددەی شازدەیەمی یاسای چاپەمەنیی عیراق، ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیدا پێشان دەدات، چونکە کۆمەڵێ قەدەغەکراو ڕیزکراوە، کە خۆی لە ١٢ خاڵدا دەبینێتەوە و نابێت لە چاپکراوی خولەکیدا بڵاوبکرێنەوە، وێڕای ئەمەش، لە هەریەك لەو خاڵانەدا جۆرێ لە نادیاری و شاراوەیی هەیە و چەمکەکان شێوەیەکی لاستیکییان وەرگرتووە، بۆ نموونە مانای هەریەکە لە

دەستەواژەکانی: "زیانگەیاندن بە پەیوەندییەکانی عیراق و...، بە خراپە بەکارهێنانی چەمکەکانی شۆڕش و دەوڵەت و...، تانەدان لە ئایین، پێشێلکردنی پیرۆزیی ڕەفتار و ڕەوشتی کۆمەڵ، ناوزڕاندن و جنێودان،... تاد"ی ڕوون نەکردووەتەوە.

وەك چۆن لە یاسای چاپەمەنیی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستانیشدا ڕووبەڕووی پێناسەنەکردنی چەمکەکان دەبینەوە، وەکو ئەوەی لە ماددەی نۆیەمیدا ئەم دەستەواژانە هاتوون: "کاری تیرۆریستی، جنێو، تانوتلێدان، ناوزڕاندن، دەستدرێژی بۆ سەر حورمەتی ئایین و ئایینزاکان، دابونەریت، سیستمی گشتی".

لە بڕگەی یەکەمی ماددەی نۆیەمی یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧یشدا (سەرباری نارەزایی زۆری ڕۆژنامەنووسان و هەموارکردنیشی)، ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر لەوە ئاگادار دەکاتەوە، لە کاتی بڵاوکردنەوی چەند خاڵێکدا بە بڕێك پارە سزا دەدرێن، بەڵام زۆربەی خاڵەکان پێناسەنەکراو و تەمومژاوی و لاستیکین، بۆ نموونە دەستەواژەکانی: "چاندنی تۆی ڕق و کینە و لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵ، سووکایەتیکردن بە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، سووکایەتیکردن بە سیمبول و پیرۆزییەکانی هەر ئایین و ئایینزایەك و لەکەدارکردنیان...تاد".

ئەگەر لەمەوە بۆ ئەو دەقانەی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بگەڕێینەوە، کە تایبەتن بە ئازادیی ڕادەربڕین و کەمیونیکەیشن و میدیا و بڵاوکردنەوەوە، بۆمان دەردەکەوێت ددانپیانانێکی ئاشکرا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەو ئازادییانە هەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەو ئازادییانەیش ڕەها نین و پێویستە ملکەچی هەندێ سنوری دیاریکراو بن، بەڵام بە جۆرێ لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە و بە یاسا ڕێك بخرێت، یاساکەیش گیانی سەردەم و ژیانی دیموکراسییانە بەهەندوەربگرێت، نەك ئەمیش دیسانەوە

ڕووبەڕووی دەقگەلێکی پێناسەنەکراو و نادیار و لاستیکیمان بکاتەوە و دواجار بە زیانی ماف و ئازادییەکان کۆتایی پێ بێت. بۆ نموونە: ماددەی ١٩ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان (کە بە بڕیاری ٢٢٠٠ ئەلیف (د- ٢١) لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا متمانەی پێ دراوە و لە ٢٣ی ئازاری ١٩٧٦دا جێبەجێکراوە) هاتووە:

"١.هەموو مرۆڤێك مافی پەیڕەوکردنی هەر بیروڕایەکی هەیە بە بێ تەنگ پێ هەڵچنین.

٢.هەموو مرۆڤێك مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافەش ئازادیی توێژینەوە لە زانیاری و بیروڕا و بەدەستهێنان و گواستنەوەیان بۆ کەسانی تر دەگرێتەوە، بێ ڕەچاوکردنی سنور، چ بە شێوەی نووسراو، یان چاپکراو، یان لە چوارچێوەیەکی هونەریدا بێت، یان بە هەر شێوەیەکی تر هەڵبژێرێت.

٣.پەیڕەوکردنی ئەو مافانەی لە بڕگە ٢ی ئەم ماددەیەدا هەن، پابەندە بە ئەرك و بەرپرسیاریەتیی تایبەتەوە، لەبەر ئەوە دەکرێ ملکەچی هەندێ کۆتوبەندی دیاریکراو بێت، بەڵام تەنها بە دەقی یاسایی، کە پێویست بێت بۆ:

أ. ڕێزگرتنی ماف و ناوبانگی کەسانی دیکە.

ب. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، سیستمی گشتی، تەندروستیی گشتی، ئادابی گشتی".

ئەوەشمان بیرنەچێت، بوونی ئەم بڕگەیەی ناو پرۆژە دەستوری هەرێم، کە بڕیارە لە ٢٥ی تەمموزدا ڕیفراندۆمی لەسەربکرێت، لەکاتێکدایە کە لە دەقی ڕەشنووسەکەی تری دەستوردا، کە لە ٢٠٠٦/٨/٢٢دا ئامادەکراوە و چەند ساڵێکە لە سایتی پارلەماندا بڵاوکراوەتەوە، لە مادەی ٥٩ی بەشی سێیەم، کە تایبەتبوو بە (ئازادییەکان) هاتبوو: "هەموو کەسێك مافی لە ئازادیی ڕا

و ڕادەربڕین هەیە". لە ماددەی ٦٠ی هەمان بەشیشدا هاتبوو: "حکومەتی هەرێم ئازادیی بڵاوکردنەوە و چاپ و ڕۆژنامەنووسی و مافی کۆبوونەوە و خۆپێشاندان و مانگرتنی ئاشتییانە دەستەبەر دەکات، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت". لەبەر ئەوە گۆڕینی ئەو بڕگەیە بەجۆرەی ئێستا، کە سنوردارکردنی کاری میدیا و ڕۆژنامەنووسی دەگەیەنێت، گرفتی زۆر دەخاتە بەردەم ڕۆژنامەنووسان و پەیڕەوکردنی ئازادانەی پیشەکەیان، بۆیە بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەسەر ئەو پرۆژەیە بەمشێوەیە و پەسەندکردنی یەکجارەکی، زیانێکی گەورە بە ڕەوشی ئەم وڵات و کۆمەڵگەیە و ئایندەی تاکەکانی دەگات و پێویستیشە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر و هەموو ئەوانەی بە تەنگ ئازادیی فیکر و ڕادەربڕینەوەن، دەنگ بۆ پەسەندکردنی نەدەن.

***لە لاپەڕە ١٢ی ژمارە ١٧٩ی ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٩/٦/٣٠ی ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# واقیعی هەرێم و
# ئەنجوومەنی ڕاگەیاندن

لە ماوەی ڕابردوودا، ڕێکخراوی ئایرێکس-ی ئەمەریکی و بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین، کۆنفرانسێکیان بە دروشمی (هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنی باڵای ڕاگەیاندن لە کوردستان) سازکرد و ئەمەش لە ناوەندی میدیاییدا مشتومڕی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا.

بەر لە هەر شتێك باسکردنی پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی لەوجۆرە بابەتێکی تازە نییە، بەڵکو پێشتریش لە بۆنەی دیکە خراوەتە ڕوو، تەنانەت پرۆژە یاساکەی سێ مامۆستا بەڕێزەکەی زانکۆی سەلاحەددین هی پێنج ساڵ لەمەوبەرە.

بەر لە هەر شتێك دەبێ ئەوە بزانین، لە ئێستادا لە ناو ٢٠٠ دەوڵەتی دنیا، کە خاوەنی سیستمێکی پێشکەوتووی ماس کەمیونیکەیشن (**الإتصال الجماهيري**)ن، تەنها کەمتر لە ٦٠یان ئەنجوومەنی باڵای ڕاگەیاندنیان هەیە. دیارە ئەو ئەنجوومەنە، ئەنجوومەنێکی ناحکومیی ڕۆژنامەنووسییە، بە نوێنەرایەتیی ڕای گشتی، پەیڕەوی جۆرێك لە چاودێریی پیشەیی و ئێتیکی دەکات، هاوسەنگی لە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و مافی تاکەکان ڕادەگرێت، یان بە شێوەیەکی ورد، کار لەسەر سێ جومگەی سەرەکی دەکات: چەسپاندنی ئازادیی میدیا، پاراستنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن، هەوڵدان بۆ بە پرۆفێشنالکردنی میدیا. بەڵام هەموو ئەمانە تاکو لە واقیعدا پراکتیك نەکرێن، لە چوارچێوەی تیۆردا دەمێننەوە، بۆیە ئەمە دەکەوێتە سەر فەلسەفەی پشت دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە، چونکە ئەوە

سیستمی سیاسییە دیاریی دەکات، ئاخۆ وەها ئەنجوومەنێك لەو وڵاتەدا دەتوانێت ئەو ئەرك و ڕۆڵانە ببینێت، یان بە لای دیکەدا دەبردرێت؟!

ئەو فەلسەفانەی پشتگیریی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای ڕاگەیاندن دەکەن، بە جیاوازیی پێگەی سیستمە سیاسییەکەی ئەو وڵاتە لە دیموکراسیدا، جیاوازن. ئەگەر ئەو سیستمە دیموکراسی بوو، ئامانجی دامەزراندنی ئەنجوومەنی لەوجۆرەش بە شێوەیەکی بنچینەیی، کارکردن دەبێت بۆ پاراستنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و وەستانەوە بەرامبەر هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی ئامانجیان کۆتوبەندکردنی ئەو ئازادییەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو سیستمانە نادیموکراسی بوون، ئامانجی دامەزراندنی ئەوجۆرە ئەنجوومەنانە چەسپاندنی دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان دەبێت لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیدا، وەك چۆن دواجار دەبێتە کۆتوبەندێکی توند لەسەر ئازادییەکە.

هەروەها دەبینین لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا ئەو ئەنجوومەنانە لە شێوەی کۆمەڵە سەربەخۆکان دادەمەزرێنرێن، ئەندامەکانیان، نوێنەرانی ڕۆژنامەنووسان و بڵاوکار (الناشر)ەکان دەگرێتەوە، بەڵام هەندێکیان دەرگاکانی ئەندامیەتی بۆ جەماوەر دەکەنەوە، بۆ نموونە (ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسیی کۆبیك) لە کەنەدا، لە ڕۆژنامەنووسان، بڵاوکارەکان، جەماوەر، پێکهاتووە و ژمارەیان یەکسانن. بەوپێیە جیاوازییەکی تەواو سەبارەت بە ڕێکخستنی ئەنجوومەنەکانی ڕۆژنامەنووسی لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا بەدی دەکرێت، ئەو ڕێکخستنانە لەو دەوڵەتانەدا، لە سەرەوەڕا دەردەچن، بەو مانایەی دەسەڵات دایدەنێت و ڕێگەی پێکهێنانی ڕووندەکاتەوە و تایبەتمەندییەکانی دیاری دەکات. ئامانج لە هەموو ئەمانەیش کۆتوبەندکردنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و بەیاساکردنی پاشکۆیەتییەکەیەتی بۆ دەسەڵات. لە دیارترین نموونەیش بۆ ئەمە، بارودۆخی

دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسییە لە میسر. کە دوای ئەوەی ڕۆژنامەنووسی، بە گوێرەی یاسای ژمارە ١٥٦ی ساڵی ١٩٦٠ ملکەچی دەستبەسەراگرتن بوو و بۆ ماوەی چەند دەیەیەك بووە موڵکی تاکە ڕێکخستنێکی سیاسی و پێویستییەکەی لە "گۆڕینی سیستمی سیاسی لە سیستمی تاکحزبییەوە بۆ سیستمی فرەحزبی"یەوە گۆڕا بۆ پێویستیی "گەڕان بۆ سیستمێکی دیکە، کە بتوانێت ڕۆژنامەنووسی بکاتە موڵکی دەوڵەت"، پاشان بە پێی یاساکانی دواتریش هەر بە هەمان شێوە.

کەواتە، کاتێك هەوڵ بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی لەمجۆرە لە هەرێمی کوردستان دەدەین، پێویستە بە وردی بارودۆخە بابەتی و خودییەکەمان خوێندبێتەوە، زەمان و زەمینە و میکانیزمەکەمان هەڵسەنگاندبێت. دیارە من وەکو پرەنسیپ لەگەڵ ئەوەدام ئێمەیش ببینە خاوەنی ئەنجوومەنێکی باڵای میدیا (وەك چۆن دوو لە ڕاسپاردەکانی ماستەرنامەکەم بریتی بوون لە: دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی باڵای ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، گەڵاڵەکردنی پەیماننامەیەکی شەرەف بۆ ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، سەرباری ئەوەی ئاماژەشم بەوە داوە، بوونی ئەمانە بەس نین و بەتەنێ دەستەبەری ئازادیی میدیا و ئێتیکی پیشە ناکەن و بە فاکتەری تریشەوە پەیوەستن).

لە پێشهاتێکی لەوجۆرەدا، دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت، ئێمە لە دۆخێکداین، میدیاکەمان لە بەردەم کۆمەڵێ ئاستەنگی جیاوازدایە، تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا کار بە پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان نەکراوە و تێکەڵییەك لە کاری هەریەك لە دەسەڵاتی یەکەم و دووەم و سێیەم هەیە تا ئەندازەیەکی زۆر سەربەخۆ نین، ئەمەش ئاستەنگی لە بەردەم ڕۆڵبینینی میدیا وەك (دەسەڵاتی چوارەم) دروستکردووە.

هەروا ئێمە لە وڵاتێکداین یاسا وەك پێویست جێبەجێ ناکرێت، پێشێلکاریی زۆر بەرامبەر میدیا دەکرێ، ڕۆژنامەنووس تیرۆر دەکرێ، کەناڵ دەسوتێنرێ، کار بە یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ ناکرێت، ئیتر ئەو ئەنجوومەنە چۆن دەتوانێت ڕۆڵی ئیجابی ببینێت، بەتایبەت کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە: نۆ ئەندامەکەی ئەنجوومەنەکە لە لایەن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارلەمان و سەرۆکی حکومەتەوە دابنرێن!

راستە دەسەڵاتی ئەو ئەنجوومەنە ئیلزامی نابێت، بەڵام ئیلزامیش بێت (وەك جێبەجێنەکردنی یاساکان) ئەستەمە بتوانێت بەر بە قەیران و بێسەروبەریی و لێشاوی ناوزڕاندن و پێشێلکردنی ئێتیکیی میدیاکان (بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە) بگرێت و شەڕی ڕاگەیاندن بوەستێنێت (وەك چۆن سەندیکاش نەیتوانی!)، چونکە ئەمە فاکتەری تری هەیە و چارەسەری دیکەشی پێویستە.

بۆیە بە بڕوای من، وا ٢٠ ساڵی دوای ڕاپەڕینە بێ ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسین، ساڵێك یان چەند مانگێکی تریش بووەستین هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە لە ئێستادا بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی لەوجۆرە زەمان و زەمینە و میکانیزمی گونجاو نابینرێت.

***لە لاپەڕە ١٤ی ژمارە ٢٧٥ی ڕۆژی سێشەمە ٢٠١١/٥/١٧ی ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# با تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان نەبێتە کولتوور

دواجار، دوای دوو مانگ و شەش ڕۆژ لە هەڕەشەلێکردنی، سەعات نۆی شەوی ٢١\٢٢ی ٧ی ٢٠٠٨، لە بەردەم ماڵی خۆیان لە گەڕەکی ڕەشیداوای شاری کەرکوك، "سۆران مامە حەمە" لێپرساوی نووسینگەی کەرکوکی گۆڤاری (لڤین) تیرۆرکرا.

ئەمەی سەرەوە لە چوارچێوەی چەند فاکتێکدا هەواڵێکی سادەیە، بەڵام زەنگێکی ترسناکی لە پشتەوەیە، کە لە هەموو وشەیەکیدا لە ڕەوشێکی پڕ مەترسی ئاگادارمان دەکاتەوە.

بەهای زاڵ لەم هەواڵەدا تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسێکە، چونکە ڕۆژنامەنووسی خۆی پیشەی هیلاکبوون و سەریەشەیە، سەریەشە لە پێناو ئاسودەیی هاووڵاتییان، بۆیە گرتن و ئازاردان و کوشتنی ڕۆژنامەنووسان کپکردنی چاودێرە هۆشیارەکەی خەڵکە.

کوشتنی ڕۆژنامەنووس، لەناوبردنی جەستەی تەنها تاکێکی کۆمەڵگە نییە، بەقەد ئەوەی کوشتنی دەنگی کۆمەڵگە و میللەتێکە.

بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، ڕێژەی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی وەك گرنگترین ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لەناو هەر کۆمەڵگە و میللەتێکدا یەکێکە لە پێوەرە دیارەکانی هەڵسەنگاندنی دۆخی دیموکراسی و ڕادەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

لە هەر دەوڵەتێکیشدا، مافی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی بکەوێتە ژێر مەترسییەوە، دەسەڵاتداران دەبنە بەرپرسیاری یەکەمی ئەو پێشێلکارییە و دەخرێنە لیستی ڕەشەوە.

تیرۆرکردنی سۆرانی ڕۆژنامەنووس، تەمەن ٢٢ ساڵ، لە گەڕەکێکی کوردنشینی "هێمن" بەر لە هەر شتێك جێگەی پرسیاری میدیای کوردییە. لەبەر ئەوەی هەموو پەنجەکانی تۆمەت بۆ "بەرپرسانی کورد لەو شارەدا" درێژدەکرێت، هۆکارەکەیشی دەگەڕێنرێتەوە بۆ "نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە ڕەخنە ئامێزەکانی"، یان سەرباری ئەمە، بۆچوونێکی تر پێی وایە کوشتنی سۆران هەوڵێکە بۆ بێدەنگکردن و لەکارخستنی ڕۆژنامەنووس و میدیای ئازاد، یان ... تاد.

بەهەرحاڵ، تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسێکی کورد، کە پێشتر ڕاپۆرتێکی لەسەر سۆزانییەکان لە کەرکوك لە گۆڤاری (لڤین)دا بڵاوکردبووەوە و تێیدا لە زاری چەند سۆزانییەکەوە هەندێ کەس لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و بەرپرسان بە ڕێگەدان بە "کاری لەشفرۆشی و هاوکاریکردنییان" تۆمەتباردەکات. ڕاشیگەیاندبوو: ناوی ژمارەیەك عەقیدی پۆلیس و موقەدەم و ڕائید و ئەفسەری تری پۆلیس و ئاسایش و دەزگای دیکەی لایە، کە لەگەڵ سۆزانییەکاندا ڕادەبوێرن.

هەروەها سۆران چەندین بابەتی دیکەشی بڵاوکردووەتەوە، لەوانە: وتارێك کە ڕەخنەی توندە لە بەرپرسێکی باڵای هەرێم لە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)دا بڵاوی کردووەتەوە. کاتێکیش هەڕەشەی لێ دەکرێت و دواجار تیرۆردەکرێت، هەموو ئەمانەمان بیردەکەونەوە، بە دوای ژمارەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا دەچینەوە تاوەکو جارێکی تر ئەو بابەتانە بخوێنینەوە، بزانین ئاخۆ ئەو هێڵە سوورانە چین سۆران بەزاندوونی و بە خوێن و گیانی خۆی باجەکەیشی دەدات؟!.

ئەو کاتەی سۆران بە ژمارە تەلەفۆنێك هەڕەشەی لێ کرا (ژمارە تەلەفۆنەکە ئێستاش لە کاردایە) و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش لە بڕگەی (٢)ی ڕاپۆرتەکەیدا لە بارەی پێشێلکاریی بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە لە کۆتایی حوزەیراندا بڵاوکرایەوە، ئاماژەی پێ دا، بەڵام نازانین دەزگا ئەمنییەکان بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرد، یان نا؟ ئەگەر کردیان هیچ سەرەداوێکیان دۆزییەوە؟ ئەی بۆ دۆخەکە بە کوشتنی ڕۆژنامەنووسەکە کۆتایی هات؟ بۆ هەوڵ نەدرا گیان و ژیانی ئەو ڕۆژنامەنووسە بپارێزرێت؟! (وەك چۆن تاکو ئێستا ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی د. عەبدولستار تاهیر شەریف- ڕووناکبیر و مامۆستای زانکۆ، کە لە ٢٠٠٨/٣/٥ هەر لە کەرکوك تیرۆرکرا، ڕانەگەیەنراوە).

هەر ئەو پرسیار و گومانانەی سەرەوەشە وای کردووە ڕۆژنامەنووسان "بەرپرسیاریەتیی ڕاستەوخۆی کارەکە" بخەنە ئەستۆی سەرۆکایەتیی هەرێم و پارلەمان و حکومەت و بەکەمتەرخەم لەقەڵەمیان بدەن.

لە ئێستاشدا کە کار لە کارترازەوە و ڕۆژنامەنووسێکی گەنج بووەتە قوربانی، لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی بە پێویست دەزانرێت، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئاستێکی باڵا.

هەروەك پێویستە لە چوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەنووسی، یان ڕاگەیاندن، کە بڕیارە پارلەمانی کوردستان تاووتوێی بکاتەوە ئەو پرسە بە هەند وەربگرێت و گرەنتیی پاراستنی سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان بکات و سزای توند بۆ ئەو کەس و لایەنانە دابنێت، کە دەبنە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ژیانی ڕۆژنامەنووسان و لەمپەر دەخەنە بەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی.

کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی و فشاری ڕۆژنامەنووسانیش لە هەر پێشهاتێکی لەم جۆرەدا، هۆکارێکی دیکەیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و دۆزینەوەی تاوانباران.

تیرۆرکردنی سۆران هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی و سەرەتایەکی ترسناکە لە بەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان.

پێشتر زۆرمان وت: با گرتن و ئازاردان و هەڕەشە و نانبڕینی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا نەبێتە کولتوور، بەڵام وا هەڕەشەکان ڕۆژنامەنووسی تریشی گرتەوە و ڕەوشەکە گەیشتە ئەوەی ئەمجارە بڵێین: با تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان نەبێتە کولتوور.

***لە لاپەڕە ٤ی ژمارە ١٨٧ی ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٨/٧/٢٨ی ڕۆژنامەی (چاودێر)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕۆژنامەی ئازاد و فشاری مەدەنی
# لە نێوگەمەکانی حزبدا

له کۆمەڵگەی حزبیدا هەمیشە بە چاویلکەی حزبەوە لە هەموو شتێك دەڕوانرێت، بە چاوی ئایدیۆلۆژیاوە تەماشای کایە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دەکرێت، لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تەسکی گروپێکی سیاسییەوە سەیری پرسە جیاوازەکان دەکرێت و هەموو خوێندنەوەکانیش لەسەر هەمان بینین ڕۆدەنرێن.

ئیتر لە وەها کۆمەڵگەیەکدا، کایەی سیاسەت لە مانای ڕاستەقینەی خۆی دادەماڵرێت و بەسەر زۆر لە کایەکی دیکەدا زاڵدەبێت، لە یەکەمین ئاماژەشدا هەست دەکرێت دەسەڵاتەکان لە یەکتر جیانەکراونەتەوە، پارلەمان پتر دەزگایەك دەبێت بۆ ڕووکەش و ڕتووشکردنی هەندێ بڕیاری تایبەتی حزبی، ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ناگێڕێت و ئەندامانی لەبری ئەوەی نوێنەری خەڵك بن، نوێنەی حزبەکان دەبن.

داد نابێتە خاوەنی دەسەڵاتی تەواوەتیی خۆی و سەربەخۆییەکەی، کە پێویستە هەیبێت پێی نادرێت و دەست وەردەدرێتە نێو کارەکانییانەوە.

دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش، تەنها بە ناو لایەنی جێبەجێکار دەبێت، چونکە خۆی هەر حزبە لە بەرگی حکومەتدا.

ئەگەر باسی دەسەڵاتی چوارەم-یش بکەین، کە خۆی لە میدیادا دەبینێتەوە وەك چاودێر بەسەر سێ دەسەڵاتەکەی ترەوە، ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و مەوداکانی ئازادیی ڕادەربڕین تا دێ بەرتەسکتر دەکرێنەوە و لە ڕێگەی یاساوە ڕێ لە کارکردنی ئازادانەی ڕاگەیاندن دەگیرێت، بە ناوی

نزیککەوتنەوە لە تخوبەکانی دین و بەها پیرۆزەکان و ئاسایشی نەتەوەییەوە پانتایی ئیشکردنی سنوردار دەکرێت.

هەروەك دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری قۆرخدەکرێت، کاتێکیش ئەوانەی خەونی ڕۆژنامەی ئازاد و کرانەوە و شەفافیەت کۆی کردوونەوە و کار بۆ دەستنیشانکردنی ناشیرینییەکان و دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ هاووڵاتییان دەکەن، بە هۆی ئەو دیواربەندییەی ژوورەکانی بڕیاڕدانی چارەنووسساز و زانیاریی هەستیار و گرنگ، زانیاری و داتاکان لە ڕێگەی ترەوە بە دزەکراوی وەردەگرن و بڵاودەکەنەوە، سکاڵای یاساییان لەسەر بەرزدەکرێتەوە و حکوم دەدرێن و بۆ ماوەیەکیش ڕووبەڕی کارکردنیان لێ بەرتەسك دەکرێتەوە!

هەروەك لە کۆمەڵگەی حزبیدا زانکۆ و سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان و میدیای سەربەخۆ، کە دەزگاکانی پێکهێنەری کۆمەڵگەی مەدەنیین بوونیان نییە، یان کە هەشن بە ئاقاری ڕاستەقینەی خۆیاندا ناڕۆن، یاخود وەك لە سەرەوە هێمامان بۆ کرد، لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراوی گروپێکی سیاسیدا بەکاردێن.

ئێستاش لە واقیعی دوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستاندا، وێڕای بەرەوپێش چوون لە هەندێ بواردا، بەڵام هێشتا زۆر لە کایەکان مانای تەواوەتیی خۆیان وەرنەگرتووە و باش نەخەملیون، دیارە سەرباری هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، هۆکاری سیاسی و بەتایبەتتر فاکتەری ئایدیۆلۆژی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەو پێنەگەیشتنە هەیە.

لەم ژینگەیەی ئێمەدا لەناو ڕێژەیەکی کەم لە خوێنەری گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆر لە چاپکراوی ڕۆژانە و هەفتانە و... تادی بە ناوی جیاواز و ستافی جیاوازی نووسینەوە دەبینین، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە

بەشێکی بەرچاویان شوناسی ئەهلیبوون، یان ئازادبوونیان بۆ خۆیان هەڵگرتووە، بە بێ ئەوەی بزانن پرەنسیپەکانی ئەم فۆرمە ڕۆژنامەنووسییە چییە؟ بەرپرسیاریەتییەکانی چین؟ کە ئەمەش لە یەکەمین بینیندا هەندێ گومانت لا دروست دەکات، گومان لە بوونی دەمامکگەلێك بە ناو و ئەدرەسی ئازادبوونەوە! هەروا کاتێك بە چاوێکی بابەتییانەوە لە بابەت و مەتریاڵەکان دەڕوانیت و ورددەبیتەوە، بە ئاشکرا ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا دەمامکەکانی ئەو میدیا، یان ڕۆژنامەیە چین و سەرچاوەی دارایی لە لایەك و سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکانی کوێن! یان بە کامە کۆنترۆڵ دەجوڵێتەوە و کاردەکات. ئەمەش شێواندنی مانای میدیای ئازاد و ئەهلییە و زڕاندنی ناوبانگی کاری ڕۆژنامەنووسی و بنەما سەرەکییەکانی ئێتیکی پیشەکەیەتی.

"ماوەیەك بەر لە ئێستا (دەروازەیەکی تر)، کە ڕۆژنامەیەکی دوو هەفتەیی ئازاد بوو، لە لایەن کۆمەڵێ گەنجەوە لە ڕانیە دەردەچوو، لەسەر فشاری خەڵك و کۆمەڵێ حزب و ڕێکخراو، لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی ڕێپۆرتاژێك سەبارەت بە دیاردەی نێربازی، داخرا".

ئەمەی سەرەوە تەنها چەند ڕستەیەکی هەواڵییە و بەس، کە زانیارییەك دەدات و دەڵێ: ڕۆژنامەیەك لە قەزایەکی گەورەی کوردستان، کەوا "ئازاد" بووە و کاری لەسەر "دەنگی هاوولاتی و ئاشکراکردنی گەندەڵییەکان" کردووە، وەستێنراوە، بەڵام ئەوەی ئاماژەکانی پشت ئەو ڕستەیە ڕووندەکاتەوە ڕستێك هەقیقەتی دیارن، کە لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی بابەتییانەوە بەرهەمهاتوون، وەك چۆن هۆکاری دەرچوواندنی ڕۆژنامەکە پیشان دەدات، ئاوهاش لە هۆکاری داخستنی دەدوێت.

واتە، بەندە هەروەك پێی وانییە مەرامی پشت دەرچوواندنی ئەو ڕۆژنامەیە "دەرخستنی کەموکوڕییەکان" بێت، ئاوا نایبینێت داختنیشی لەسەر "لادان بێت لە بەها پیرۆزەکانی کوردەواری".

بە تەماشاکردنێکی حەوت ژمارەکەی (دەروازەیەکی تر)، هەر لە ژمارەی نۆیەرەیەوە، درك بەو ڕاستییە دەکەی چ سیاسەتێك لە پشت وروژاندنی بابەتەکانی و گەورەکردن و زەقکردنەوەیاندا هەیە، چۆن کار لەسەر پرسێك کراوە و پرسێکی دیکە فەرامۆشکراوە، چۆن کێشەیەك زیاد لە قەوارە و بەهای خۆی لە ڕووی ڕۆژنامەنووسییەوە، بارزکراوە و کراوەتە هەواڵی سەرەکی؟... ئەمانە و چەندین چۆن و بۆ-ی تر، کە گومان دەخەنە سەر پرۆژەیەکی لەوجۆرە، ئەمە لە کاتێکدا ناکرێ هەندێ ڕووی جوانی ڕۆژنامەکە دەرنەخەین لە دەرخستنی هەندێ بەهرە و توانای قەڵەمی نوێ و گەنجی ناوچەکە، (کەوا خۆشم چەند جار وەکو هاوڕێیەتی و هاوشاری بە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەشم ڕاگەیاندووە و دەستخۆشی و ماندوونەبوونم لێ کردوون)، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نەبووە سەرنجم لەسەر ڕۆژنامەکە و هێڵی کارکردن و سیاسەتە گشتییەکەی نەبووبێت.

بەهەرحاڵ، لە ماوەی ئەو حەوت ژمارەیەدا، پەنجەی بۆ هەندێ بابەت ڕاکێشاوە و دیدار و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژی لەسەر سازکردوون و وتاری لەسەر نووسیون، کەوا ئەوەی لە ئێتیکی میدیادا پێی دەوترێ (بێلایەنی پیشەیی) لە هەندێکیاندا بە وردی ڕەچاونەکراوە، چونکە (بێلایەنی و لایەنگیری) دو چەمکی فرەڕەهەند و هەستیارن و دەکرێ لە زۆر حاڵەتی جیاوازدا دەربکەون، بۆ نموونە: گرنگیدان بە پرسێك و پەراوێزخستنی پرسێکی دیکە، بڵاوکردنەوەی داتا و زانیارییەك لە لاپەڕەیەکی دیار و بڵاوکردنەوەی داتا و زانیاریی دیکە لە لاپەڕەیەکی ناوەوە، یاخود بڵاوکردنەوەی دوو هەواڵ لە یەك

لاپەڕەدا، بەڵام یەکێکیان بە بایەخی زۆرەوە لە گۆشەی سەرەوەی لاپەڕەکە بە وێنەوە...

دیارە ناڵێم با ڕۆژنامە بایەخ بە بابەتێك نەدات و یەکێکی دیکە زەق بکاتەوە، ئەمە بەر لە هەر شتێك مافی میدیاییە، بەڵام لە سنوری ئێتیکی کاری ڕۆژنامەنووسیدا. پرسیارەکە لێرەوەیە: بۆچی تۆ شوناسی ڕۆژنامەیەکی ئازادت هەڵگرتووە، کەچی نزیکی ئەو بابەتانە ناکەویتەوە، کە پەیوەنددارن بە حزبێك، گروپێك، یان کۆمەڵ و ئایدیایەکی دیاریکراوەوە، لە هەمان کاتیشدا بەردەوام بابەت و مەتریاڵی جۆراوجۆری میدیاییت لەسەر لایەنێکی تر هەیە؟ ئەمە ئەو گومانەیە، کە لەسەر ئامانجی سەرەکیی دەرچوواندنی ئەو ڕۆژنامەیە هەیە، کە لە ئامانجی "ئاشکراکردنی گەندەڵی و کەموکوڕییەکان"ەوە دەبێتە "ئامانجێکی تەسکی حزبی و سیاسی"، هەروەك لە داخستنیشیدا بۆچوونی تایبەتم هەیە و پێم وانییە ئەو ڕیپۆرتاژەی، کە لە حەوتەمین ژمارەیدا لەسەر دیاردەی نێربازی (ئەگەر ناوهێنانی بە دیاردە لێرەدا دروست بێت) بووبێتە هۆکاری داخستنی ڕۆژنامەکە، ئەگەر لایەنێك، یان هێزێکی سیاسی لە پشت دروستکردنی ئەو فشارە جەماوەری و کۆمەڵایەتییە نەبووبێت، کە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە ئیدانەی ڕۆژنامەکە و ستافەکەی کرد، باشترین نموونەش بۆ ئەمە گوتاری میدیای ئەو حزبەیە، کە لەوکاتەدا بە چ شێوەیەك هانی خەڵکی دا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژنامەکە، لە کاتێکدا ڕۆژنامەکە تەنها بە شێوەیەکی گشتی باسی "دیاردەکە" دەکات و ڕای چەند کەسێکی بە بێ ناوهێنانیان کردووە، کە ئەمەش تەنها هی ڕانیە و ناوچەکە نەبوون، بەڵکو هی ناوچەکانی دیکەشی تێدابووە، هەروەك دەزانین ئەمە یەکەمجار نییە ئەم بابەتە دەوروژێنرێت، زۆر لە میدیاکانی تر بەر لەم ڕێکەوتە کاریان لەسەر ئەوجۆرە بابەتانە کردووە،

بەڵام بۆچی بە تەنها ئەمە ئەو هەرایەی لەسەر دروست دەبێت؟! ئەمە جێگەی گومانە..

هەروا لە کاتی دروستبوونی ئەو هەرایەدا، ئەو لایەنەی لە پشت دەرچوواندنی ڕۆژنامەکە بوو و ڕەزامەندیی مینحەی لە یەکەمین ژمارەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ وەرگرتبوو (لە کاتێکدا بە بڕیاری وەزارەت خۆی تاکو دەرچوونی دوانزە ژمارە لە هەر بڵاوکراوەیەك مینحەی پێ نادرێت!!)، خێرا ئەو دوو کادرە باڵایەی خۆی، کە دوو پۆستی باڵای تەحریر و کارگێڕییان هەبوو لە ڕۆژنامەکە کشاندەوە، ئەمەش بەو پاساوەی کاتێك چوونەتە نێو ستافی ئەو ڕۆژنامەیە، پرسیان بە ئۆرگانەکەی خۆیان نەکردووە! سەیرە.. ئەی بۆچی دوای حەوت ژمارە زانیتان پرسیان نەکردووە؟!

هەروەها سەرنجم لەسەر شێوازی داخستنەکەش هەیە، کە "بە ڕەزامەندیی ستافەکە" بوو و خۆیان نامەیەکی ئاگادارییان بە چەند لایەنێك دا و داخستنی ڕۆژنامەکەیان ڕاگەیاند، کە ئەمەش شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنە و گومانی ئەوە دروست دەکات، کە تۆ ڕۆژنامەیەکی ئازاد بیت، یەکێك لە پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەی ئازاد و ئەهلی بریتییە لە (سازشنەکردن)، ئیتر کە تۆ پێت وایە ئەرکێکی میدیاییت بەجێ گەیاندووە، بۆچی ئاوا زوو خۆت بەدەستەوە دا؟ بۆ بەرگری ناکەی؟ ئەی کەواتە تۆ چ ڕۆژنامەنووسێکیت لە وەها هەڵوێستێکدا خۆت ڕووبەڕووی کاردانەوە ناکەیەوە؟ (بەندە هەمان ئەو شەوەی کە ستافی دەروازەیەکی تر خەریکی کۆبوونەوە بوون بۆ ڕاگەیاندنی داخستنی ڕۆژنامەکەیان، بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ هاوڕێی بەڕێزم هەندرێنی سەرنووسەر کرد، ڕای منی وەرگرت، بەڵام من لەگەڵ وەستاندندا نەبووم و بەڵێنی هەموو هاوکارییەکیشم پێ دا، وتم تەنانەت ئامادەم ئیمزاشتان بۆ بکەم).

دواجار لەم ئاستانەدا ئەوەی ڕونبووەوە ئەوەبوو، کە ڕۆژنامەی ئازاد و فشاری مەدەنی لە واقیعی ئێمەدا، تا ئێستاش بە ڕادەیەکی زۆر جگە لە گەمەی حزب و هێزە سیاسییەکان چیتر نییە، ئەمەش لێدانێکی کوشندەیە لە هەوڵ و هەنگاوەکان بەرەو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و کراوە و تەندروست.

نابێ ئەوەمان بیربچێت، لەم گەمەیەشدا کە حزب پاڵەوانی بوو، تاکە زیان لێ کەوتوو خەڵکی ڕانیە و ناوچەکە و ناو و ناوبانگی دەروازەی ڕاپەڕین بوو، کە دیسانەوە بێ ڕەزامەندیی خۆی، خستیانەوە نێو تەمتومانی دواکەوتوییەوە.

***لە لاپەڕە ١٢ی ژمارە ٥٤ی ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٧/١/٣٠ی ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# میدیای بینراو
# و
# ئێتیکی پیشه

بەرنامەی **ZooM in**ی سەتەلایتی کوردستان تیڤی، لە زنجیرەی بەرنامەیەکیدا، لەناو پارکێکی شاری هەولێردا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گەنجێکی شووشەخۆردا ساز دا.

ئەو گەنجە وەکو خۆی بە پێشکەشکاری بەرنامەکەی وت، ئارەزوویەکی زۆری بۆ شووشەخواردن هەیە، هەرچەند دەشزانێت هیچ سوودێکی نییە.

کامێرای **ZooM in**یش لە کاتی خواردنی شووشەکاندا زوومی زیاتری دەکردە سەر و زیاتر دەیهێنایە پێشەوە، گەنجەکە بە باوەڕ بەخۆبوونێکی زۆرەوە ئاویشی بەسەر شووشەکەدا دەخواردەوە و دەیوت "با خەڵك بزانن شووشەکان بە تەواوی دەخۆم و قوتی دەدەم و دوایی فڕێیان نادەم".

پێشاندانی دیمەنی ئەو گەنجە لە ساتی کرماندن و خواردنی پیاڵە و گڵۆپی شیری و... تاد دیمەنێك بوو تا سەر ئێسقان نامۆ بە چاوەکانی بینەر، ئازاردەر، مایەی بێزاری، ترسناك..

هەموو ئەو کەسانەی لەو ساتەدا لە شوێنێك بینەری بەرنامەکە بووین، تەواو بێتاقەت بووین، تا دواجار ناچاربووین پەنا بۆ کۆنترۆڵەکە بەرین و کەناڵەکە بگۆڕین، ئەمە جگە لەوەی دەترساین منداڵەکان تەماشای بکەن و دواتر لاسایی بکەنەوە.

ئەم دیمەنە، ئەو هەواڵەی بیرخستمەوە، کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لە وڵاتێکی ئەورووپایدا منداڵێك بە کاریگەریی سەیرکردنی ئەو فیلمەی هونەرمەندی گەورەی جیهانی (چارلی چاپلن)، کە تیایدا چاپلن قەیتانی پێڵاوەکانی دەخوات، منداڵەکە ئەمە دووبارە دەکاتەوە و دەکەوێتە بارێکی تەندروستیی خراپەوە.

به پێی تیۆره هاوچەرخەکانی میدیا و سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا له دنیادا، بۆچوونی جیاواز لەسەر کاریگەریی ماسمیدیا و بەتایبەتی تەلەفزیۆن لەسەر دروستکردنی توندوتیژی لای منداڵ و لاوان هەیه، ئەمه باسێکی قوڵ و درێژه، بەڵام شتێکی دیکه هەیه پێی دەوترێت "ئێتیکی میدیا"، که سەرچاوه زانستییەکان جەختیان لەسەر ئەوه کردووەتەوه، کۆمەڵێك چوارچێوه و ڕێسایه، دەبێت ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران خۆویستانه و لەسەر بنەمای ویژدانیی خۆیان، له کاتی ئەنجامدانی کاره پیشەییەکانیاندا له بەرچاوی بگرن، به بێ ئەوەی ناچارکرابن، یان فشارێکی دەرەکییان لەسەر بێت، یاخود له کاتی ڕەچاونەکردنی، یان سەرپێچیکردن لێی، تووشی سزای یاسایی بن. پێوەر و پرەنسیپەکانیشی به شێوەیەکی گشتی و لەناو میدیاکارانی زۆربەی وڵاتاندا خۆی له چەند خاڵێکدا دەبینێتەوه، ئەمه وێڕای هەندێ تایبەتمەندیەتیی کۆمەڵگه و ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتیی هەریەك لەو وڵاتانه، گرنگترین ئەو پێوەرانەیش بریتین له: بەرپرسیاریەتی، ڕاستگۆیی و وردی، سەربەخۆیی، ئازایی و ئازادی، بێلایەنی و جیاکارینەکردن، دەستپاکی و بابەتیبوون، ڕەچاوکردنی تایبەتیبوونی ژیانی کەسەکان، دادوەری و خراپ بەکارنەهێنان، نهێنیپارێزی، خۆناساندن و دەمپاکی، ڕێزگرتنی بەهاکان، هاوکاری نەکردن..

کەواته بەو پێوەره زانستییەی میدیا پێشاندانی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن گەنجێك، که به خۆشحاڵییەکی زۆرەوه "وەکو خەیار شووشه دەکرمێنێت"، دەبێ چەنده پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیای تێدا ڕەچاو نەکرابێت؟! چۆن منداڵ و لاوان هان بدات پەنا بۆ ئەو ڕەفتاره دوور له تەندروستییه بەرن؟ هەستی چەندین وەرگری وەك ئێمەی ڕووشاندبێت؟

سەرباری ئەوەی هەر لەو زنجیرەیەی بەرنامەکەدا دیمەنی بەخاکسپاردنی گەنجێکی تری زوومکرد، که به مەبەستی زیکر و بەهۆی لەخۆدانی

ئامێرێکی تیژەوە گیانی سپاردبوو، ئاخۆ بەرپرسی تەلەفزیۆن و ستافی بەرنامەکەیش ناترسن دیمەنی گەنجە شووشەخۆرەکەیش ئاکامی لەوجۆرەی لیٚ بکەویٚتەوە؟ یان ببیٚتە هۆی خولقانی دەیان کارەساتی تر؟ چونکە بیرمان نەچیٚت بە هەڵە بەکارهیٚنانی دامەزراوەکانی میدیا، کاردانەوەی نیٚگەتیڤ دروست دەکات و هەڵەی پیشەیی میدیاکاریٚکیش ئەگەر لە هەڵەی پزیشك و ئەندازیار و پاریٚزەر و مامۆستایەك زیاتر نەبیٚت، کەمتر نییە، چونکە زۆرجار میدیا گروپ، یان کۆمەڵگە، یان نەوەیەك چەواشە دەکات و زیانی گەورە دەگەیەنیٚت.

ئیٚمە لیٚرەدا تەنها باسمان لە دیوە ئیٚتیکییەکەی ئەو بڕگەیەی بەرنامەکە کرد، بەڵام ئەگەر لە ڕووی یاسایيشەوە لیٚی بڕوانین، دەکریٚ بچیٚتە خانەی "هاندان بۆ توندوتیژی" و داواکاری گشتیش دەتوانیٚت سکاڵا لەسەر کەناڵەکە تۆماربکات.

هەروەها وەنەبیٚت ئەو بەرنامەیە تەنها لەو بڕگەیەدا لە پرەنسیپەکانی ئیٚتیکی میدیا لایدابیٚت، بەڵکو لە زۆر ئەڵقەی تریدا ئەو بوارەی ڕەچاونەکردووە، بۆ نموونە: خەڵکانیٚك بە بیٚ خواستی خۆیان پیٚشاندەدات، ئەمەش دوورە لە ئیٚتیکی پیشەوە، چونکە ئەگەر ئەو کەسە تۆمەتباریش بیٚت، ناتوانیت بیخەیتە سەر شاشە و دەبیٚ ئەو بنەمایە لە بەرچاو بگریت، کە دەڵیٚت "تۆمەتبار بیٚتاوانە، تا ئەوکاتەی تاوانەکەی لە دادگادا بەسەردا ساغدەبیٚتەوە".

باسکردنی ئەم بەرنامەیەش مانای ئەوە نییە کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندنی کوردی لەو لایەنەوە پرۆفیٚشناڵن، نەخیٚر، بەڵام دەکریٚ لە کاتی دیکەدا ئاماژە بەوانیش بکەین.

لە شویٚن و بۆنەی تریشدا وتومانە، میدیای کوردی وێڕای کەموکوڕییەکانی دیکەی، لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی ئیٚتیکی پیشە و

نەبوونی پەیماننامەیەکی شەرەف، کە زۆربەی ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانی کوردستان پێیەوە پابەندبن، یەکێکی ترە لە خەوشەکان، بەڵام لە غیابی ئەمەش، هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن لەناو خۆیدا دەکرێ کارنامە و دەستووری پیشەیی خۆی هەبێت و بە هۆیەوە خۆی لە لادانی ئێتیکی پیشەیی بپارێزێت و لە حاڵەتی لەمجۆرەدا، بەرنامە، یان مەتریاڵە میدیاییەکە ڕابگرێت.

***لە گۆشەی (هەناسە)، لە دوالاپەڕەی ژمارە ٤٦٨ی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٨/١٠/٢٦ی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕۆژنامەنووسیی زەرد و
# میدیای کوردی

ڕۆژنامەنووسیی زەرد (الصحافة الصفرا و-Yellow Journalism ) زاراوەیەکە بۆ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بەکاردێت، کە تایبەتمەندیەتییان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی وروژێنەر وەرگرتووە، کەوا بە هۆی بەهایان لای مرۆڤ ئەو هەواڵانە حەزەکانی مرۆڤ دەدوێنن.

واتە ئەوجۆرە میدیایانە، تەنها بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئابڕوبەری، سێکسی، تاوانکاری و ژیانی تایبەتی، ناوبانگی زۆر پەیدادەکەن.

مێژووی ئەم ناونانەیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٣، کاتێك (جۆزیف پۆلیتزەر) ڕۆژنامەی (New York World)ی بڵاوکردەوە، کە تایبەتمەندیەتیی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئابڕوبردن و نهێنیی ژیانی تایبەتی و تاوان و سێکس وەرگرتبوو، ڕەنگی لە چاپکردنی ژمارەی ڕۆژی یەکشەممەدا بەکاردەهێنا، ڕەنگی زەردیشی تایبەت کردبوو بەوجۆرە هەواڵانە، لە هەمان سەردەمدا (ویلیام ڕاندۆڵف هیرستا) ڕۆژنامەی (New York Journal)ی بڵاوکردەوە و لەگەڵ ڕۆژنامەکەی پۆلیتزەردا لەسەر زیادکردنی تیراژ کەوتە ململانێ، ئینجا پۆلیتزەر لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا کەسایەتییەکی کارتۆنیی دروستکرد، پێیان دەوت: منداڵی زەرد The Yellow kid، دوای ئەمەش کاریکاتێریستێك هەردوو کەسایەتییە هاوشێوەکەی پێ سپێردرا. ئینجا ڕۆژنامەی دیکەش بۆ ڕەواجپەیداکردنیان پەیڕەوی ئەوەیان کرد و برەویان بە ڕۆژنامەنووسیی زەرد دا.

ئەم جۆرە لە کاری ڕۆژنامەنووسی و میدیایی، کەمتر گوێ بە پرەنسیپەکانی ئێتیك دەدات، ئەو پرەنسیپانەی لە بنەڕەتدا بۆ ڕاگرتنی باڵانسی نێوان ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ئازادیی تاك، پاراستنی بەها

مرۆییەکان، ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی و ڕاستی و وردی و بابەتیبوون و بێلایەنی و جیاکارینەکردن و دادوەری و خراپ بەکارنەهێنان و نهێنیپاریزی و پاراستنی تایبەتیبوونی ژیانی کەسەکان هاتوونەتە کایەوە، بۆیە زیاتر کار لەسەر بابەتی وروژێنەر و زیادکردنی تیراژ و فرۆشی و زەقکردنەوەی هەندێ هەواڵ و زانیاری و وێنە دەکات، کە دوورن لەو پرەنسیپە ئێتیکییانەی دەرهاویشتەی جاڕنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانن و لە پەیماننامەکانی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی وڵاتانیشدا هاتوون.

لە سۆنگەی ئەوەی بواری ڕۆژنامەنووسی لەناو کورددا وەکو مێژوو سەدەیەك زیاتری تێپەڕاندووە، بەڵام وەکو خەملێنی تەواوەتی و بینینی ئەرکەکان وەکو خۆی، هێشتا ماویەتی، هەروا بە هۆی کاریگەریی داگیرکراویی کوردستان و ژێردەستەیی کورد و ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان و دروستبوونی ئەو پەراوێزەی ئازادی و هاتنەکایەی ژمارەیەکی زۆری کەناڵی ڕاگەیاندن بە ئاراستەی جیاوازیی کارکردنەوە، سیستمی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا بە گشتی بووەتە تێکەڵەیەك لە نێوان تیۆری دەسەڵات، ئازاد (لیبراڵ)، بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی، واتە دۆخێکی جێگیری نییە و لە قۆناغێکی گواستنەوەدایە، ئەمەش وای کردووە هەندێ سیمای سەرەتایی ڕۆژنامەنووسیی زەرد لە میدیا و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەربکەوێت.

وەك چۆن ڕۆژانە دەبیستین و دەبینین و دەخوێنینەوە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە سنورەکانی ئەو جۆرەی ڕۆژنامەنووسی نزیك دەکەونەوە، بە نموونە هەندێجار دەچنە ناو ژیانی تایبەتی کەسەکانەوە، هانی تاوان و لادانی کۆمەڵایەتی و سێکسی دەدەن، ناوی خەڵك دەزڕێنن، بە بێ ئەوەی دادگا تاوانی کەسێکی سەلماندبێت یەکسەر ناوی تۆمەتبارەکە بڵاودەکەنەوە، وێنەی نەشیاو لەگەڵ بنەماکانی ئێتیك بڵاودەکەنەوە... تاد،

کە هەموویان سەرەتایەکی ترسناکی هاتنە کایەی ڕۆژنامەنووسیی زەرد پێشان دەدەن.

دەرکەوتنی ئەو سیمایانەی ڕۆژنامەنووسیی زەرد و لەبەرچاو نەگرتنی پرەنسیپەکانی ئێتیك لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، یان پێشێلکردنی ماف و ناوبانگی ئەوانی تر لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، بە بڕوای من پەیوەندیی بە چەند هۆیەکی گەوهەرییەوە هەیە، کە لە بابەتێکی تریشدا ئاماژەم پێ داوە:

یەکەم: بەدەسەڵاتنەبوونی میدیا لە کوردستان و نەبینی ڕۆڵی چاودێر بەسەر سێ دەسەڵاتەکەی ترەوە، ئەمەش بە کاریگەریی هۆی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و... تاد.

دووەم: پرۆفێشناڵنەبوون و لاوازیی کاری پیشەیی و کەم شارەزایی، چونکە تا ئێستا لای ئێمە ڕۆژنامەنووسی زیاتر حەز و ئارەزووە، نەك پیشە و خوێندن.

سێیەم: نەبوونی پەیماننامەیەکی شەرەفی پیشە، کە ڕێژەیەکی زۆری ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لە سەری کۆکبووبن و پابەندبن پێیەوە. هەروەك نەبوونی ئەنجوومەنێکی باڵای ڕۆژنامەنووسی، یان ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی کاری میدیا بکات و پەیماننامەی شەرەف گەڵاڵە بکات و بە مەبەستی زامنکردنی ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیدا، دیسانەوە بۆشاییەکی تری ناوەندی میدیایە لە هەرێمەکەدا.

***لە گۆشەی (گوزارشت)، لە لاپەڕە ٣٧ی ژمارە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ی گۆڤاری (زنار)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# کەمپینی هەڵبژاردنەکان و
# ئێتیکی میدیاکان

ئەنجامدانی کەمپین یەکێکە لە هۆکارە دروست و ڕێگەپێدراوەکان لە پێناو خۆناساندن و گەیاندنی پەیام و بەرنامەی هەر کەس و لایەنێك لە وادەی دیاریکراوی بانگەشەی هەڵبژاردندا، بۆیە دامەزراوەکانی میدیا و کەمیونیکەیشن ڕۆڵی بەرچاو لەم پرۆسەیەدا دەبینن، ئەمەش لە سۆنگەی کاریگەریی ئەو دامەزراوە گرنگانە بەسەر پرۆسەی دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە.

وەك چۆن فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ کارابوون و بەدەسەڵاتبوونی میدیا پێشمەرجێکی بنەڕەتیی دەستەبەربون و پاراستنی ژیانی دیموکراسییە، بەوجۆرەش ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ئازادیی تاك و کۆمەڵگە، گەرەنتیی هاتنەکایەی میدیایەکی ئازاد و بەرپرسیارە.

میدیا لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا، بە ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە، دەتوانێت ببێتە ئەو ئاوێنە بێگەردەی دەکرێ ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆمان و دەوروبەر و وڵات و کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی تێدا ببینین، نەك بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەرە گرنگانە، کە ئاوێنەکە تەڵخ دەکات و سیماکان دەشێوێنێت.

هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر بە دیوێکدا ئەزموونێکی دیکەی هێزە سیاسییەکان و قۆناغێکی نوێی ژیانی دیموکراسیی وڵاتەکە بێت، لە ڕوویەکی ترەوە تاقیکردنەوەیەکیشە بۆ میدیای کوردی. تاقیکردنەوە لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەسەر ئەم پێشهاتە تازەیە و ڕووماڵکردنی پرۆفێشنالانەی پرۆسەکە و پاراستنی بنەماکانی میدیایەکی بەرپرسیار.

میدیای کوردی بە ئاراستە جیاوازەکانییەوە، کە هەریەکە خاوەنی سیاسەتی تایبەتی میدیایی خۆیەتی، دەتوانێت بە شێوەیەکی ئێتیکی مامەڵە لەگەڵ فاکت و داتاکاندا بکات، هاوسەنگی لە نێوان دەنگ و رەنگە جیاوازەکاندا دروست بکات و جیاکاری نەکات. بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە پەیامەکانی ئاراستە بکات، دیققەت لە نووسین و بڵاوکردنەوەی دەستەواژە و دەربڕینەکاندا بکات. دەست وەرنەداتە نێو ژیانی تایبەتی کەسەکان، گەر لە هەر پلە و پایەیەکدا بن. ناوی هیچ کەس و شوێن و لایەنێك نەزڕێنێت. بێلایەنیی پیشەیی خۆی بپارێزێت و نەبێتە سەنگەر لە بەرژەوەندیی هیچ هێز و لایەنێك لە دژی هێز و لایەنی تر. بەڵام هەمو ئەمانە رێ لەوەناگرن میدیاکان ئەرکی گرنگی خۆیان ڕابپەڕێنن، لە پێش هەمووشیانەوە (ئەرکی چاودێرکاری)، بۆ ئەوەی چاودێرێکی بابەتیی ئەو پرۆسە دیموکراسییە بن.

***لە گۆشەی (مانشێت)، لە دوالاپەڕەی ژمارە ۲۳۰ی ڕۆژی دووشەممە ۲۰۰۹/٦/۱٥ی ڕۆژنامەی (چاودێر)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# زمانی ڕاگەیاندنی بیستراوی کوردی

بابەتی زمانی ڕاگەیاندن، خۆی باسێکە لە کایەی میدیا و ئەکادیمیای میدیایی جێگەی گفتوگۆ و مشتومڕی بەردەوامە.

سەرباری ئەوەی لە هەریەك لە زمانەکاندا ڕەنگە تێڕوانینی تایبەت بۆ ئەم بابەتە هەبێت و لە گۆشەنیگای تایبەتی ڕێسا و دەستووریی زمانەوانییەوە تەماشا بکرێت.

بەڵام ئەوەی زۆربەی لێکۆڵیارانی بوارەکە و لە زۆربەی زمانانی دنیادا لەسەری کۆکن و گەیشتوونەتە کۆدەنگییەك ئەوەیە، کە زمانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی پێویستە زمانێکی سادە و بێ گرێوگۆڵ بێت و وەرگر لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی ڕۆشنبیری و تێگەیشتن و لە هەموو تەمەن و لە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لێی حاڵی ببێت.

لە بارەی زمانی ڕاگەیاندن، لە سۆنگەی سروشتیی میدیا خۆیەوە، کە دەبێ لە جەماوەر و ئێش و ئازارەکانی جەماوەر و ڕای شەقام نزیك بێت، سەرەتا ڕایەك هەبوو پێی وابوو پێویستە زمانی میدیا زمانی شەقام بێت، بەڵام شارەزایانی بواری زمانی ڕاگەیاندن دوای توێژینەوە و بەدواداچوونە وردەکانیان گەیشتنە ئەو بڕوایەی ناکرێ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەو زمانەی هاووڵاتییان لەسەر شەقامەکان پێی دەدوێن و زمانی ناو ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا نەبێت؟ لە هەمان کاتدا، ئەو ڕایەش جێی خۆی نەگرت، کە پێی وابوو پێویستە زمانی دەزگاکانی میدیا زمانی ڕۆشنبیری و ئاستی باڵای نووسین بێت.

بۆیە، لەو نێوانەدا پسپۆرانی بوارەکە بۆ زمانی میدیا بیریان لە هەڵبژاردنی زمانێك کردەوە لە نێوان زمانی شەقام و زمانی ڕۆشنبیریدا. بەڵام

هەر لەو چوارچێوەیەدا، زمانی ڕاگەیاندن لە کەناڵی نووسراوەوە بۆ کەناڵی بینراو و لەوێشەوە بۆ بیستراو دەگۆڕێت.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ لەسەری بوەستین و گوزارشتی لێ بکەین، زمانی ڕاگەیاندنی بیستراوی کوردییە، واتا زمانی ڕادیۆکانمان.

لێرەدا، بەر لەوەی باس لە زمان لەو هۆکارەی میدیا بکەین، پێویستە گەر بە کورتیش بێت لە تایبەتمەندییەکانی بابەت و مەتریاڵ و پرۆگرامی ڕادیۆ بدوێین، کەوا لە سادەترین ئاماژەدا دەتوانرێت بووترێت، بە هۆی ئەوەی وەرگر لە بەرامبەر پەیامی میدیای بیستراودا تەنها دەتوانێت سوود لە هەستی بیستنی ببینێت، هەروا پەیام لەو جۆرەی ڕاگەیاندندا بروسکەئاسا ڕەتدەبێ و وەکو ڕاگەیاندنی نووسراو نییە، وەرگرەکەی، کە خوێنەرە بتوانێت بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەری و لەسەر هەموو برگە و ڕستە و بابەتێك هەڵوەستە بکات.

لەمەوە و بە لەبەرچاوگرتنی زمانی ڕاگەیاندنی بیستراو، ئەگەر بۆ چەند ساتێکی کەم میلی ڕادیۆکەمان بخەینە سەر ڕادیۆیەکی کوردی، چەندین وشە و دەستەواژەی ئەوتۆ دەبیستین، کە زۆرجار ڕەنگە لە ماناکەیان تێنەگەین، یان کاتێکی زۆرمان بۆ تێگەیشتنی بوێت. سەیرەکە لەوەدایە، زۆرجار ئەمە لە خوێندنەوەی هەواڵەکانیشدا هەر وایە.

ئاخۆ سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و هەواڵسازی ئەو ڕادیۆیانە پرسیویانە گوێگری ئاسایی لە وشەگەلی: سیڤیل، فەرمی، دسپلین، میکانیزم... تاد دەگەن؟!

***لە گۆشەی (گوزارشت)، لاپەڕە ٣٧ی ژمارە ١٠ی ئەیلولی ٢٠٠٧ی گۆڤاری (زنار)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی و
# "پێم وایە"!

لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە زۆربەی بوارەکاندا هێشتا لە سەرەتادایین، تاکو بە ئێستا دەگات زۆربەی لایەنەکان بە شێوەی پێویستی خۆیان لای ئێمە نەخەملێیون، هەروەك پرۆسەی بەزانستیبوون و ئەکادیمیبوونی زۆر لە بوارەکان لە کۆمەڵگەی ئێمە دواکەوتووە، بەڵام جێی خۆشحاڵییە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەگەرچی بە شێوەی جۆرێك لە تێکچڕژاوی و فەوزایش بووبێت، بەڵام لێرە و لەوێ لە زۆر لایەن و بواری جیاجیا هەوڵی سەرەتایی هاتووەتە گۆڕێ و دواییش وردە وردە بەرە و خەملێن ڕۆیشتووە.

بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی لە پاش ڕاپەڕینەوە بە جۆرێکی پەرشوبڵاو کار بۆ پێشکەوتنی کراوە، پاشانیش فراوانبوونی ئاسۆیی میدیای کوردی هەر لە زیادبوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی هەمەجۆر تاکو هاتنە کایەی ڕۆژنامەی ئەهلی و ئینجا دامەزراندنی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی کوردی و ڕادیۆی ناحزبی و لەمانەیش گرنگتر کردنەوەی دوو بەشی تایبەت بە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی لە دوو پەیمانگەی تەکنیکی و بەشێکی تایبەت بە ڕاگەیاندن لە زانکۆ، مەودای ئەم بوارەی لە کوردستاندا فراوانتر کرد.

بەڵام پرسیارەکە لێرەوەیە: ئاخۆ بۆ بەرەوپێش چوونمان لەو لایەنەوە هەر ئەوەندە بەسە، یاخود ڕۆژنامەنووسیی کوردی پێویستی بە مومارەسەی زیاتر و قوڵبوونەوەی زانستیتر هەیە، تاکو چەمکەکان تێکەڵ نەکرێن و پەیامەکان بە تەندروستییەوە بگەنە وەرگر؟! یان میدیای کوردی لەوە زیاتر، پێویستی بە گەشەسەندنی ستوونی هەیە؟!

به دڵنیاییەوە تێگەیشتن لە پەیامی ڕاستەقینەی میدیا لە پێشەوەی ئەو مەرجانەوەیە، کە دەبێ ڕۆژنامەنووس بۆ خۆی دابنێت، یان لەبەرچاوگرتنی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی و لایەنگیری نەکردن و پاراستنی نهێنیی پیشەیی و...تاد ئەو پرسیارانەن، کە دەبێ بەر لە هەر شتێك ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی خۆی بکاتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە، گوێمان لە هەندێك ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی دەبێت، کە ڕیپۆرتەرەکە دوور لە پرەنسیپی گشتی ڕۆژنامەنووسی و ئەو ژانرە گرنگەی دەکەوێتە شیکردنەوەی دۆخەکە و بیری دەچێتەوە ئیشی ئەو تەنها گواستنەوەی ناوەڕۆکی ڕووداوەکەیە، بە داڕشتنێکی گونجاو و بێ لایەنگیری کردن، بەڵکو خۆی لێ دەبێتە پسپۆڕ و موحەلیل و کۆمەڵێك "پێم وایە و بە بڕوای من"! بە دوای یەکدا ڕیزدەکات.

هەر چەند لەوەیش سەیرتر ئەوەیە ئەو جۆرە بەناو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنووسییانە بەردەوام دووبارە دەبنەوە و ئەو کەناڵەیش، یان سەرپەرشتیارانی لێی بێدەنگن!

ئەمەی سەرەوە ڕەنگە تەنها گرفتێکی بچووکی ئەو بوارەمان بێت، بەڵام پێویستی بە پێداچونەوەی ورد هەیە.

***لە لاپەڕە ١٠ (میدیا)ی ژمارە ٣٩٩٦ی ڕۆژی هەینی ٢٠٠٦/٦/١٦ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕۆژنامەنووسی ئەکادیمی و
# ڕۆژنامەنووسی ئارەزوومەند

هەمیشە ئەوە دووپاتدەکرێتەوە، (ڕۆژنامەنووسی) زانست و هونەر و پیشەیە، ئەمەش هەر لەخۆوە نەهاتووە، پاش خوێندنەوە و توێژینەوەی جیددی لە بارەی بوارەکەوە، پسپۆڕان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کایەی میدیا، بە هۆی کاریگەرە بەرچاوەکەیەوە لەناو کۆمەڵگە و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، دەچێتە خانەی هەریەك هەریەك لە زانست، هونەر و پیشەوە.

زانستە، بەو مانایەی وەك هەر زانستێکی دیکەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی خاوەن بنچینە و تیۆر و پرەنسیپی تایبەتی خۆیەتی و لە زانکۆ و پەیمانگە و ئەکادیمیا باڵاکاندا دیراسە دەکرێت و دەخوێنرێت.

هونەرە، چونکە تێکەڵەیەکی جوانە لە هونەرە جوانەکان و ئیستاتیکا و سەلیقەی بەرزی هونەری، ئەمەش هەم لە داڕشتن، هەم لە نووسین، هەمیش لە تایپۆگرافیا و دیزاین و دابەشکردنی جوگرافی مەتریاڵەکان لە ڕۆژنامەدا، ڕەنگدەداتەوە.

پیشەیشە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێ کەس لە پۆست و کارکردنی جیاواز تێیدا ماندوودەبن و بەرهەمەکەیشیان دیارە و ژیانیشیان لەسەر ئەوەیە، وەك چۆن دەمێکە وتوشیانە "ڕۆژنامەنووسی، پیشەی هیلاکبوونە".

لەو سەرەتایەوە، دەگەینە ئەوەی، کەواتە ڕۆژنامەنووس لە بەئەنجامگەیاندنی کارەکەیدا، هەروەك لە ئەرکەکانی میدیادا بە وردی دەستنیشان کراوە و هەواڵ و زانیاریگەیاندن، چاودێریکردن، پەروەردە، تەرفیهی، ڕێکلام... تاد دەگرێتەوە، پێویستی بە شارەزایی و سەلیقەیەکی

پیشەیی دەبێت، بەڵام پرسیارەکە لێرەوەیە: ئاخۆ چۆن ئەو فێربوون و سەلیقەیەی دەست دەکەوێت؟

هەرچەندە ئەوانەی وڵاتانی ئەمەریکا و ئەورووپایشیان دیوە، جەخت دەکەنەوە، کە لەوێش جۆرێ لە شەڕی سارد لە نێوان ئەو دوو جۆرە ڕۆژنامەنووسانە هەیە، بەڵام لە باسی ئەکادیمیبوون و نائەکادیمیبوون و زەرووەرتی خوێندنی میدیا لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا، (بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، کە چەند بەشێك لە زانکۆ و پەیمانگە بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی کرانەوە) دوو ئاراستەی تێڕوانینی جیاواز دەبینرێت: یەکێکیان ئەو ڕۆژنامەنووسانەن، کە ئارەزوومەندانە پیشەکە دەکەن و پێیان وایە، دەرچووانی ئەو بەشانە تەنها کەسانی تیۆرین و بە پراکتیکی شتێکی ئەوتۆ نازانن و ئەزموونیان نییە، ئەویتریش ئەو ڕۆژنامەنووسانەن، کە بڕوانامەیان لە بوارەکەدا هەیە و وای دەبینن ئیتر دەبێ گۆڕەپانەکە بۆ ئەوان چۆڵ بکرێ و هەر خۆیان ڕۆژنامەنووسیی پرۆفێشناڵن.

بۆیە ئەوەی لە نێوان ئەو دوو گۆشەنیگایەوە هەیە، بۆچوونێکی دیکەیە، (خۆیشم وێڕای ئەوەی لە بوارەکەدا کاردەکەم و بڕوانامەیشم هەیە، پشتیوانیی دەکەم) پێی وایە، ڕاستە خوێندنی ئەکادیمی بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسی زۆر گرنگ و پێویستە و لە زۆر ڕووەوە بەتایبەت لە ڕووی تیۆرەکانی کەمیونیکەیشن و میدیا و ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکان و یاسا و ئێتیکی کاری ڕۆژنامەنووسیدا شارەزایی زۆرت پێ دەبەخشن، کە ڕەنگە کەسێکی تر، کە نەیخوێندبێت نەیزانێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەزموون و توانا و سەلیقەی ڕۆژنامەنووسانی ئارەزوومەند ڕەت بکرێتەوە و زەربی سفر بکرێت، نا بە پێچەوانەوە، ڕۆژنامەنووسە ئەکادیمییەکەیش پێویستیی بە ئەزموونوەرگرتن و کارکردنی بەردەوام و هەوڵی لێبڕاوانە هەیە، وەك چۆن ڕۆژنامەنووسی ئارەزوومەندیش دەتوانێت کەڵك لە تیۆریبوونی

میدیا وەربگرێت و لە پێناو نەکەوتنە ناو هەڵەی دارِشتن، پیشەیی، یاسایی، ئێتیکی و ...تاد زیاتر بخوێنێتەوە.

بەم جۆرە دەتوانرێت هەموو بە یەکەوە ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەرەو بەئەکادیمیبوون بەرین.

***لە گۆشەی (گوزارشت)، لاپەڕە ٣٥ی ژمارە١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨ی گۆڤاری (زنار)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ئایا میدیای کوردی داهێنەری هەیە؟

پێشتر و له بۆنەی دیکەدا جەختمان لەوە کردووەتەوە، میدیای کوردی لەمڕۆدا بە قۆناغی گواستنەوەدا تێپەڕدەبێت و لە دۆخێکی ناجێگیردایە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە دەستەوەستان بین تاوەکو هەر بە سروشتی خۆی ڕەوشەکە تێبپەڕێت و ببینە خاوەنی میدیایەکی تەندروست و بەرپرسیار، بەڵکو دەبێت بەردەوام لە هەوڵی خستنەڕووی لایەنە لاوازەکانیدا بین.

مەسەلەی بەخشینەوەی ناو و پسپۆڕی و شارەزایی و لێزانی، کە بەردەوام لە میدیاکانەوە بەرچاو و گوێمان دەکەون، جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە.

زۆرجار هەست دەکەین، ئەو میدیایانە لە پێدانی هەندێ نازناوی مەعنەوی، وەك پسپۆڕ لە بواری.....، شارەزا لە کاروباری.....، ڕۆشنبیر، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، ...تاد، سەرکەوتوونین و لە خۆیانەوە، یان بە خواستی کەسی بەرامبەر، ئەو شوناسە دەخەنە دوای ناو ژێر و وێنەکەیەوە، بەڵام ئەوەی ماوەیەکە لە یەك دوو لە کەناڵی تەلەفزیۆنەوە دەیبینین لەوە سەیرترە، ئەویش بەکارهێنانی دەستەواژەی "داهێنەر"ە!

سەرەتا، دەمەوێ ڕێزم بۆ هەموو هەوڵ و توانایەك دووپات بکەمەوە، ڕایشی بگەیەنم، ئەم نووسینەم تانە نییە لە هیچ کەسیەتییەك، بەڵام بە هەقی خۆیشمی دەزانم، ئەگەر بە "ڕەشبین"یشم تێبگەن، بپرسم: ئایا کورد لە چ بوارێکدا داهێنەری هەیە، تاوەکو لە میدیادا داهێنەری هەبێت؟!

ماوەی نزیکەی ساڵێکە پێشکەشکاری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، کاتێ ئامادەکاری بەرنامەکەی دەناسێنێت، دەڵێت "داهێنەر لە بواری میدیادا". لەکاتێکدا هەمان پێشکەشکار، لە باسی بەرنامەکەدا، لە ئەڵقەی تردا وتی "خۆی بیرۆکەی ئەم بەرنامەیە لە تەلەفزیۆنی دیکەوە وەرگیراوە، بەڵام

پرۆژەکە هی ........یە". ئێ کەواتە داهێنەری چی؟ داهێنانەکە لە کوێدایە؟!

بمبوورن ئەگەر بڵێم، ئەم جۆرە ناونانانە هەوڵن بۆ بەپاڵەوانکردن و گەورەکردنی هەندێ کەس، دەنا بە خوا میدیای کوردی، تا هەنووکە میدیاکاری پرۆفێشناڵی زۆر کەمە، چجای داهێنەر!

***لە گۆشەی (مانشێت)، لە دوالاپەڕەی ژمارە ٢٥٧ی ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٠/١/١١ی ڕۆژنامەی (چاودێر)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# میدیای ئەلیکترۆنی

پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و سەرهەڵدانی ئینتەرنێت، گۆڕانی بەرچاوی بەسەر بواری کەمیونیکەیشن و میدیادا هێنا. هەندێ لە پسپۆڕانی بوارەکە ئەو گۆڕانە بە کەمتر نازانن لە دۆزینەوەی ئامێری چاپ، کە "ڕۆژنامە"ی بە مانای تەواوەتی هێنایە کایە، چونکە پێیان وایە ئینتەرنێتیش میدیای ئەلیکترۆنی-ی لێ کەوتەوە.

میدیای ئەلیکترۆنی، ئەو لقەی ڕاگەیاندنە، کە لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بابەت و مەتریاڵە ڕۆژنامەنووسییەکان دەگەیەنێتە وەرگر. بەڵام دەتوانین قوڵتر لەم پێناسەیەی سەرەوە و وردتر لەو ناساندنە لەم چەمکە بڕوانین، چونکە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی جیاواز لە ڕۆژنامەی کاغەزی، یان تەقلیدی تەنها لە سنوری سوودبینین لە هەستێکی مرۆڤەوە قەتیس نەکرا، بەڵکو بە هۆی خزمەتگوزارییە زۆرەکانییەوە، وەرگر دەتوانێت لە پێناو بێبەشنەبوون لە بابەتەکانی، هەستەکانی تریشی بخاتە کار، وەك چۆن دەبینین لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە پرۆفێشناڵ و پێشکەوتووەکاندا وێڕای فایلی نووسراو، فایلی دەنگی و جوڵەییش هەیە.

ئەگەر پێشتر ڕاگەیاندن لەو سنورەی خۆیدا، کە بەراورد بە سنوری ئێستای زۆر بەرتەسك و بچووك بوو، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گیروگرفت بوویێتەوە، بەتایبەت لە ڕووی ئازادیی کارکردن، پابەندبوونی یاسایی و ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشەدا، ئەوا میدیای ئەلیکترۆنی زۆر لەو گیروگرفتانە زیاتر یەخەی دەگرن.

بەر لە هەر شتێك ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی گرفتی یاسایی هەیە. تا ئێستا یاسایەکی ڕۆژنامەنووسیی گشتیگر و جیهانی بۆ ئەم میدیایە دانەڕێژراوە،

به شێوەیەك بتوانێت كاری پیشەیی ڕێك بخات و سنورەكانی دیاری بكات، چونكە سەرچاوەیەكی گرنگی هەر دەقێكی ئایینی، تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگەیە، ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنییش سنورێكی جیهانیی هەیە و نەبەستراوەتەوە بە كۆمەڵگەیەكی تایبەتەوە، ناشكرێت چەند یاسایەكی جیاوازی چەند وڵاتێك بۆ ئەم میدیایە بەكاربهێنرێت، لەو حاڵەتەشدا ئایا یاسای ئەو وڵاتەی سێرڤەری ڕۆژنامە ئەلیكترۆنییەكەی لێیە، یان یاسای وڵاتی سكاڵاكار، یاخود یاسای وڵاتی شكاتلێكراو لە بوونی حاڵەتێكدا بەكاردەهێنرێت؟!.

ئەمەی سەرەوە سەبارەت بە ڕێكخستنێك، كە كاری دەوڵەتە بیكات، ئەوەی دەرباری ڕێكخستنە پیشەییەكەی ترە، كە كاری خودی ڕۆژنامەنووسە، مەسەلەی ئێتیكیی پیشەیە، كە زیاتر بڕوابوونێكی ویژدانییە و ڕێككەوتنێكە لە نێوان هاوپیشەكاندا لەسەر كۆمەڵێك بنەمای ئێتیكی و لە پێناو نەشێواندنی ئەركی ڕاستەقینەی ڕاگەیاندن.

بەرپرسیارێتی و وردی و ڕاستگۆیی و بێلایەنی و تەشهیرنەكردن و بەكارنەهێنانی پیشەكە بۆ كاری شەخسی و ... تاد گرنگترین پرەنسیپەكانی ئێتیكیی پیشەی ڕۆژنامەنووسین، بەڵام ئاخۆ تا چەندە لە میدیای ئەلیكترۆنیی كوردیدا ڕەچاوكراون؟!

خۆی میدیای نووسراومان لەو ڕووەوە كەموكوڕیی زۆری هەیە، بەڵام میدیا ئەلیكترۆنییەكانمان زۆرتر!

***لە گۆشەی (گوزارشت)، ژمارە ٢٠ی تەموزی ٢٠٠٨ی گۆڤاری (زنار)دا بڵاوكراوەتەوە.**

# ئازادیی ڕادەربڕین و
# گەشەپێدانی سیاسی

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بدەین، هەریەك لەو بابەتانەی وەكو باسێك لەو دانیشتنە دیالۆگەی **كۆمەڵەی گەشەپێدانی خەڵك PDA** بە مەبەستی خستنەڕووی بۆچوونی جیاواز و گفتوگۆ لەسەركردن و دواجار گەڵاڵەكردنی كۆمەڵێك ڕاسپاردە و پێشنیازی تەندروست **"لە پێناو كاراتركردنی ڕۆڵی پارتە سیاسییەكان لە گەشەپێدان و نوێبوونەوەی سیاسیدا"** خرانەڕوو، خۆیان بە تەنها هەڵدەگرن لە لایەن پسپۆڕ و ئەكادیمیستانەوە بە جیددی تاوتوێ بكرێن و چەندین دانیشتنە دیالۆگیان بۆ سازبكرێت، چونكە هەر یەك لەو پرسانە لە واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی كوردستاندا هەڵگری كۆمەڵێك گرفتی ناساندن و تێڕوانینی جیاواز و خوێندنەوەی دیكەن، بەدەر لەو بینینانەی ڕۆژانە و بە شێوەیەكی ئاسایی لە ئاراستە جیاوازەكانی میدیای كوردی بەر دیدەمان دەكەون، بۆیە زەرورەتی خوێندنەوەیەكی بابەتییانەی دوور لە لایەنگیری و دژایەتی دێنێتە پێشەوە.

بە شێوەیەكی گشتی و لە ئاستی تیۆریشدا، پەیوەندیی نێوان ئازادیی ڕادەربڕین و گەشەپێدانی سیاسی لە هەر واقیعێكی سیاسیدا پەیوەندییەكی ڕاستەوانەیە، پەیوەندییەكە بە هێڵێكی تەریب و ئاراستەیەكی دیاریكراو، چونكە تاوەكو پانتایی ئازادیی ڕادەربڕین فراوان بێت، گەشەپێدانی سیاسیش پێشدەكەوێت. ئازادیی ڕادەربڕین وەك مافێكی سروشتیی مرۆڤ و بەو چەمكەی جاڕنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتی و دەستوور و یاسا لۆكاڵییەكانیش دەقنووسییان كردووە و ددانیان پێدا ناوە، لەوانەش بەندی ١٩ی (**جاڕنامەی جیهانیی مافەكانی مرۆڤ**)ە، كە دەڵێت: **"هەموو كەسێك مافی ئازادیی ڕا و دەربڕینی هەیە، ئەم مافەیش ئازادیی پیادەكردنی بێ**

**دەست وەردانی بۆچوون و هەواڵ و بیروەرگرتن و بڵاوکردنەوەیان بە هەر ئامرازێك دەگرێتەوە، بە بێ پابەندبوون بە سنوری جوگرافیاییەوە."**، کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسەیەی سەرەوە (کە زۆرینەی وڵاتانی دنیا بە عیراقیشەوە، بەڵێنی پابەندیی خۆیان بۆ بەندەکانی جاڕنامەکە داوە) ڕاستیی ئەو بۆچوونەی سەرەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، هەروەك دەردەکەوێت بە گەشەپێدانی سیاسیش (دیارە بە مانا جیاوازەکانییەوە لە ڕووی: بەشداریی سیاسی، پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، ئازادیی ڕێکخراوبوونی سیاسی، کارایی گروپەکانی فشار، کارایی کایەی زانکۆ و ئەکادیمیاکان، ڕۆڵی نوخبەی ڕۆشنبیری، کاریگەریی میدیا و ... تاد)، ڕووبەری ئازادیی ڕادەربڕین فراواندەبێت و ئیتر بە یەکەوە دەکەونە بازنەی پەیوەندییەکی یەکترتەواوکەرەوە.

ئەگەر باسەکە لەسەر واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان چڕبکەینەوە، دەتوانین وردتر خاڵ بخەینە سەر پیتەکان، بەو حوکمەی بەندە ماستەرنامەکەم لە بارەی (**ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٩٣ - ٢٠٠٧**) بووە و لە کۆتاییشدا گەیشتوومەتە چەند ئەنجامێکی گرنگ، لێرەدا بە پێویستی دەزانم یەکەمین ئەنجامی توێژینەوەکە بخەمەڕوو: **"بوونی ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بوونێکی ڕێژەییە، چونکە دەزگاکانی حزب، ئاسایش، حکومەت دەست دەخەنە نێو کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە، هەروەها دەوڵەتانی دراوسێ، دابونەریت، لایەنی ئابووری، ئایین و ئایینزاکان، ناپرۆفێشناڵی، ڕەوتە ئیسلامییەکان، کاریگەرییان لەسەر بەرتەسککردنەوەی ڕووبەری ئەو ئازادییە هەیە، هەرواش ڕۆژنامەنووسان لەو هەرێمەدا لە کاتی گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان، دەترسن لە لایەن دەزگای پەیوەندیدار، حزب، حکومەتەوە ڕووبەڕووی**

**مەترسی ببنەوە و کاردانەوەی دەزگا پەیوەنددارەکانیش بەرامبەر ئەو بابەتە ڕۆژنامەنووسییانەی لەسەریان بڵاودەکرێنەوە، سلبییە، سەرباری ئەوەی هەندێکجار ڕۆژنامەنووسانیش سنوری ئەو ئازادییە دەبەزێنن."**، دیارە ئەمە وەك ئازادیی ڕادەربڕین لە کایەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەڵام دەکرێ بۆ ڕەوشی ئازادیی ڕادەربڕین بە گشتیش لە هەرێمی کوردستاندا تاڕادەیەك بکرێتە پێوەر. لەو حاڵەتەشدا دەکەوینە بەردەم واقیعێکەوە، کە گەشەپێدانی سیاسیی لەم هەرێمەدا لە ئاستێکی لاوازدایە، جۆرێك لە مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات و بەرتەسککردنەوەی پانتایی ئازادیی ڕێکخراوبوونی سیاسی دەبینرێت، بەشداریی سیاسی لە بازنەیەکی بچووکدا دەخولێتەوە، دەسەڵاتەکان (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) تێکەڵی و ناسەربەخۆیی زۆریان پێوەدیارە و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان نابینن، بەتایبەت دەسەڵاتی یاسادانان، کە خۆی لە پارلەماندا دەبینێتەوە، لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن -حکومەت-ەوە ئاراستە دەکرێت، وەك چۆن بەردەوام حکومەتیش بەوە تۆمەتباردەکرێت، کە هەمان ناوەرۆکی حزبە و لە لایەن حزبەوە ئاراستەدەکرێت و لایەنی جێبەجێکاری بڕیاری کۆبوونەوە داخراوەکانی مەکتەبی سیاسیی حزبەکانە!، هەروەها دەسەڵاتی دادوەریش تا ئەندازەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستاندا سەربەخۆ نییە و نەیتوانیوە خۆی لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی حزب و بەرپرسە باڵاکانی دەربازبکات، داواکاریی گشتیش تا هەنوکە لایەنێکی لاوازی دەسەڵاتی دادوەرییە لە هەرێمدا و لەناو واقیعی پڕ گێرمە و کێشە و گەندەڵیدا ناچالاك و بێدەنگە!.

لەگەڵ ئەمانەشدا، لەم هەرێمەدا شتێك بەناوی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نابینرێت، زەمینە بۆ دروستبوونی ئەو پێویستییە گرنگەی ژیانی دیموکراسی سازنەکراوە، جگە لە دوو حزبە سەرەکییەکە چەند حزبێکی دیکە هەن، کە یان ئەوانیش لە حکومەت بەشدارن، یان هەر دروستکراوی حزبەکانی ترن و

نفوزی جەماوەری و کاریگەریی ئەوتۆیان نییە، ئەوەیشی بە ناوی (**یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣**)، هەیە زیاتر وەك کۆمەڵێك دەقی نووسراو ماوەتەوە و وەکو پێویست کاری پێ ناکرێت، چونکە ڕێگەی کارکردن بە هەندێ حزب، کە لەگەڵ ئایدیا و بەرژەوەندیی دوو حزبەکە ناگونجێن، نادرێت.

دەتوانین لەمەشەوە لە کاریگەریی پارتە سیاسییەکان لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین بدوێین (سەرباری ڕەچاوکردنی ئەو بۆچوونەی پێی وایە: **"حزب بە مانا زانستییەکەی لە کوردستاندا نییە"**)، دەشکرێت ئەم تەوەرە بە تەوەری پێش خۆی و دوای خۆیشی ببەستینەوە، چونکە وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێی دا، حزب لە کۆمەڵگەی کوردیی هەرێمی کوردستاندا کۆنترۆڵی زۆربەی کایە جیاوازەکانی کردووە و هەژموونی بەسەریاندا هەیە، کاتێکیش ڕۆڵی پۆزەتیڤانە لە فراوانکردنی پانتاییەکانی ئازادیی ڕادەربڕیندا نابینێت، کار بە پرەنسیپە مەدەنی و یاساییەکان ناکات و زۆربەی پرسەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتییان و پیادەکردنی مافە سروشتییەکانیان بە ئینتیماوە دەبەستێتەوە.

لەو کورتە شیکارییانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی تەگەرەکانی بەردەم ئازادیی ڕادەربڕین و کاریگەریی لەسەر گەشەپێدانی سیاسی لە کوردستاندا خۆیان لە کۆمەڵێك خاڵدا دەبیننەوە، هەر لە ئاستەنگی سیاسییەوە بۆ ئاستەنگە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و کولتووری و پەروەردەیی و یاساییەکان، هەریەك لەمانەش بۆ خۆی باسێکی تایبەت هەڵدەگرێت. بەڵام بە گشتی، سەبارەت بە هەرسێ تەوەرەکە (پەیوەندیی نێوان ئازادیی ڕادەربڕین و گەشەپێدانی سیاسی، کاریگەریی پارتە سیاسییەکان لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین، تەگەرەکانی بەردەم ئازادیی ڕادەربڕین و کاریگەریی لەسەر گەشەپێدانی سیاسی) چەند پێشنیارێك دەخەمەڕوو لە

پێناو ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان لە فراوانکردنی سنووری ئازادیی ڕادەربڕیندا:

١- کارکردن بە پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستان و سەربەخۆبوون و کارابوونی دەسەڵاتەکان و تێکەڵنەبوونی کارەکانیان.

٢- دەستکێشانەوەی حزب لە کاروباری هەریەك لە دەسەڵاتەکان.

٣- ڕێگەخۆشکردن بۆ پیادەکردنی مافی جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و بواردان بە هاتنەکایەی ئۆپۆزسیۆن و لەمپەرنەخستنە بەردەم بەشداریی سیاسی و پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات.

٤- پێشاندانی وێنای ڕاستەقینەی حزب وەك ئامرازێك لە پێناو ئامانجێکدا، نەك وەك ئامانج.

٥- بواردان بە کرانەوەی زیاتری میدیای حزبی بە ڕووی ئازادیی ڕادەربڕین و جیاوازییدا.

٦- بواردان بە وزەی نوێ و گەنج لە ڕیزی حزبەکاندا و کاندیدکردنیان بۆ ئەندامی پارلەمان و پۆستی گرنگی تر، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی تەمەنی خۆپاڵاوتن بۆ پارلەمان.

٧- دوورکەوتنەوە لە پیرۆزکردن و بەکارێزماکردنی شەخس و پێشاندانی بە نەوەی نوێ لە ڕێگەی پرۆسەی خوێندن و فێرکردنەوە.

٨- پێداچوونەوەی ورد بە سیستمی پەروەردە و خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تاکو زانکۆ، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێك کار بە ڕەچاوکردنی ئارەزوو و توانای خوێندکار بکات لە وەرگرتنی لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا، نەك سیستمی وەرگرتنی ناوەندی (قبوولێ مەرکەزی).

٩- بەهاوچەرخکردنی فەلسەفەی خوێندن، بە جۆرێك لەگەڵ گیانی سەردەم و پێشکەوتنە خێراکاندا بگونجێت و تێیدا بوار بە کرانەوەی ئەندێشەی خوێندکار بدرێت بە ڕووی دەربڕینی ئازادانەی ڕاکانیدا.

١٠- پابەندبوون بە بنەما و یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکان.

١١- کارکردن بۆ هەموارکردن، یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی پانتایی ئازادیی ڕادەربڕین بەرتەسکدەکەنەوە و پێشنیارکردن و پاڵپشتکردنی دەرچوواندنی یاسای هاوچەرخ.

١٢- ڕووبەڕووبوونەوەی بیرە تەسك و توندوتیژەکان، کە دەبنە تەگەرە لە بەردەم فراوانبوونی مەوداکانی ئازادیی ڕادەربڕیندا.

١٣- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئازادیی ڕادەربڕین و سەرجەم مافە سروشتییەکانی دیکە لە ناو ئەندامانی حزبدا.

١٤- هاندان و پشتگیریکردنی کردنەوەی خولە زانستییەکانی تایبەت بە میدیا و ڕۆژنامەنووسی.

... تاد.

***ئەم پێشنیارانە بۆ دانیشتنە دیالۆگێکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خەڵك PDA، کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا سازکرابوو، ئامادەکراوە.**

# فۆتۆ جۆرنالیزم

وتەیەکی باو و بەناوبانگی چینی هەیە دەڵێت: "وێنەیەك بەقەدەر دە هەزار وشە گوزارشت دەکات". ئەمەی سەرەوە ڕستەیەکی سادە و دەربڕینێکی ئاساییە سەبارەت بە وێنە و کاریگەریی وێنە لەسەر "وەرگر"، بەڵام ئەم چەند وشەیە لەو بۆتە و سیاقەی خۆیدا خاوەنی مانای قوڵی خۆیەتی.

ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی کەمیونیکەیشن (پەیوەندیکردن)دا بگێڕین، دەبینین قۆناغەکانی بریتین لە: قۆناغی یەکەم: هێماو ئاماژە، قۆناغی دووەم: زمان، قۆناغی سێیەم: نووسین، قۆناغی چوارەم: چاپ، قۆناغی پێنجەم: کەمیونیکەیشنی جەماوەری، قۆناغی شەشەم: کەمیونیکەیشنی کارلێککاری (**الاتصال التفاعلي**)...

کەواتە وێنە (کە لە قۆناغی هێما و ئاماژەدا سەرەتاکانی دەرکەوتووە) یەکێکە لە لایەنەکانی کەمیونیکەیشنی مرۆڤ لە سەرەتای کۆمەڵگەی مرۆییەوە. مرۆڤ لەو قۆناغەدا لە ڕێگەی وێنەوە گوزارشتی لە هەستەکانی خۆی دەکرد، دوای ئەو قۆناغەش، کە قۆناغی زمان نووسین و ...تاد هاتە ئارا، وێنە گرنگی و بایەخی خۆی لەدەست نەدا و بە پێچەوانەوە لە هەموو سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا زیاتر خۆی سەپاند.

پێگەی وێنە لە ڕاگەیاندندا گەورەتر و فروانتر دەبینرێت، چونکە لە هەموو جۆرەکانیدا (نووسراو، بینراو، بیستراو) و لەمەش وردتر لە هەموو ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکانیشدا ڕۆڵی دیاری هەیە، جگە لەوەی زۆرجار وێنەی ڕۆژنامەنووسی بە تەنیا ڕۆڵی ژانرێکی سەربەخۆ یان زیاتر دەگێڕێت، یاخود

هەندێ فۆتۆ بە کارلێکی یەکێك لە ژانرەکان دەبێتە ژانرێکی نوێ، وەکو: هەواڵی وێنەیی (فۆتۆ هەواڵ)، ڕیپۆرتاژی وێنەیی...

فۆتۆ جۆرنالیزم (فۆتۆی ڕۆژنامەنووسی) پێکهێنەرێکی بنەڕەتیی کایەی میدیا و ڕۆژنامەنووسییە، گەیەنەرێکی بێ ڕتووش و ڕاستگۆیانە و بێلایەنانە و بابەتیانەی واقیعێکە (ئەگەر بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ بە بێ ڕەچاوکردنی لایەنی ئێتیکی دەستکاری نەکرێت!)، لایەنێکی بەرچاوی پانتایی و کاتی ئەو کەناڵەی ڕاگایاندنە، زمانێکی جیهانییە و لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی دونیا بە جیاوازیی زمان و کولتوورە جیاجیاکانەوە، تەنها بە بوونی هەستی بینین هەموو وەرگرێك دەتوانێت لە زمانی وێنە بگات.

بەڵام لە کاری میدیادا، وەکو سەرجەمی ژانر و لایەنەکانی دیکە، فۆتۆ-ش یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، یاسا و ڕێساگەلێك لە پێناو هەرچی باشتر گەیاندنی پەیامی نێرەر و دروستکردنی کاریگەری لەسەری. بەر لە هەموو شتێك دەبێ هەموو ڕۆژنامەنووس و کارکەرێکی بواری میدیا بەتایبەت فۆتۆگرافەری ڕۆژنامەنووسی (کامێرامان- فۆتۆ جۆرنالیست)، فۆتۆی ڕۆژنامەنووس لە فۆتۆی ئاسایی جیابکاتەوە و درك بەو ڕاستییە بکات، کە تایبەتمەندیی سەرەکیی فۆتۆی ڕۆژنامەنووس (زیندوویەتی)یە.

پێویستە وێنەی ڕۆژنامەنووسی وێنەیەکی زیندووبێ، زیندوو بەو واتایەی دەربڕی ڕاستەقینەی بابەتەکە بێت، مانابەخش و گوزارشتکاربێت، لەگەڵ ژانرەکەدا بگونجێت، کوالێتییەکەی جوان بێت، سەرنجڕاکێش بێت، ڕەهەندی وێنەگرتنەکە ڕێك و تەواوبێت و پچڕاندنی هێما و ئاماژەی تێدا نەبێت، هەروا نابێت فۆتۆی ڕۆژنامەنووسی وێنەی دروستکراو بێت و لە پێناو بوونی وێنەدا بە زۆر کرابێتە بابەت، یان بەرنامەکەوە.

له گۆڤارێکی کوردیی ئەم هەرێمەدا لەگەڵ ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسیدا، کە لە بارەی دیاردەی بەرتیلوەرگرتن و بوونی لە فەرمانگە حکومیەکاندا، وێنەیەك هاتبوو، تێیدا دوو دەست دیاربوون، یەکێکیان پارەی لەوی تر وەردەگرت، بەڵام قووتوی تێپی سەرمێزەکە لەسەری نووسرابوو "بەشی ڕاپۆرت"، لەمەوە دەرکەوت ئەمە وێنەی فەرمانگەیەکی حکومی نییە، بەڵکو وێنەی ژووری بەشی ڕاپۆرتی گۆڤارەکە خۆیەتی! ئەمەش بێسەلیقەیی فۆتۆگرافەر، لێپرسراوی لاپەڕە و ستافی گۆڤارەکە دەردەخات. ڕاستە دەستکەوتنی فۆتۆیەك لەو حاڵەتەدا بۆ ئەم مەبەستە ئاسان نییە، بەڵام دەشکرا کەمێك سەلیقەی تیا بەکارهێنرابا، ئەو نووسینەی سەر قووتوەکە دەرنەکەوتبایە.

له تەلەفزیۆنێکی ئاسمانیی کوردیشدا، ڕاپۆرتێکم بینی لە بارەی خراپی بەرهەمی شوتی لە یەکێك لە ناوچەکانی کوردستان و توشبوونی شوتی بە نەخۆشی، بەڵام لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە پەیامنێرەکەی پێشاندا لەگەڵ چەند جوتیارێك زۆر بە تاسوقەوە شوتییان دەخوارد. ئەم شوتی خواردنەی کاکی پەیامنێر و کۆمەڵە جوتیارەش باشیی بەرهەمەکە پێشاندەدات، نەك خراپی!.

***لە گۆشەی (گوزارشت)، ژمارە٢١ی ئابی ٢٠٠٨ی گۆڤاری (زنار)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕۆژنامە و پشوو

وەك هەمیشە دەوترێتەوە، ڕۆژنامە دەبێت هاودەم و هاوڕێی هەموو ڕۆژەکانی هاووڵاتییان بێت و میوانێکی بەردەوامی ماڵەکانیان بێت. هەردەم لە پێشهاتە نوێیەکان ئاگاداریان بکاتەوە و نوێترین هەواڵیان پێ بگەیەنێ و زانیاریی وردیان بداتێ. زیاتر لەوەش زۆر ئەرکی دیکەی وەکو چاودێریکردنی بەردەوام، پەروەردە و فێرکردن، تەرفیهی، ڕێکلام و...تادیشی لەسەر شانە.

ئەو لقە گەورەی میدیا، کە بە (نووسراو) ناسێنراوە، لە وڵاتی پێشکەوتوودا تەواو ئەرکی خۆی دەبینێ و لەگەڵ ڕەوتی ژیانی خەڵك و کۆمەڵگەدا دەڕوات، ڕۆژانە دەبێتە هاودەمی ساتەکانی هاووڵاتییان و بە کۆمەڵێك هەواڵ و زانیاری و بابەتی بە سوودەوە دەچێتە بەردەمی، تەنانەت لە هەندێ شوێندا ڕۆژانە لە دوو کاتی جیاوازدا دەردەچێت، هەم بەیانیان، هەم ئێواران، بەمەش خوێنەرانی بە داتا و زانیارییەکانی لە چرکەساتە نوێکاندا ئاشنا دەکات.

لە وڵاتی جیهانی سێهەمیشدا، کوردستانیش وەك یەکێك لەوانە تا ئێستا ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕاگەیاندنی نووسراو بەتایبەتی نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغە و نەبووەتە ئەو میوانە ڕۆحسووکە بەردەوامەی ماڵەکانی هاووڵاتییان، نەبووەتە یەکەمین کەناڵی گەیەنەری پەیامەکانی وەرگر و داتا و زانیارییە تازەکان. هاودەمی ساتە جیاوازەکانی هاووڵاتییان نییە، بۆ ئەمەش ڕەنگە کۆمەڵێك هۆکاری خودی و بابەتی هەبن، بەڵام لەم گۆشەیەدا خۆمان لە باسکردنی ئەو بابەتانە دەبوێرین. ئەوەی مەبەستمانە نا ئامادەیی زۆر لە ڕۆژنامەکانمانە لە ڕۆژانی پشووی هاووڵاتییاندا.

ڕاستە ڕۆژنامەنووسیش وەکو هەموو هاووڵاتییان پێویستی بە پشوودان و گەشت و سەیران و بەشداریکردنە لە بۆنەکاندا، بەڵام سروشتی پیشەکەی ڕێگەی پێ نادات لە ڕۆژانی پشوودا، کە هاووڵاتییان کاتێکی پتریان بۆ خوێندنەوەو بەدواداچوون لەبەر دەستدایە، ڕۆژنامەکەی دەرنەکات!

وەك دەوترێت، ڕۆژنامەنووسی پیشەی ماندووبوونە لە پێناو خۆشبەختیی کۆمەڵگەدا. کەواتە پێویستە ڕۆژنامەکان لە ڕۆژانی پشوودا دەربچن و بچنە هەموو شوێنێکەوە، لەو کاتەشدا هاوکارە ڕۆژنامەنووسەکان دەتوانن لەناو خۆیاندا یارمەتیی یەکتری بدەن لە کارەکانیاندا و مۆڵەت بە یەکتری بدەن، واتە ئاڵوگۆڕ بە کاتی دەوامەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت، هەم کارەکەیان جێبەجێ بکەن، هەم کەمێکیش پشوو بدەن.

لە واقیعی ڕۆژنامەنووسیی ئێمەدا، نەك لە بۆنە گشتی و نیشتمانییەکاندا، بەڵکو لە تاکە ڕۆژی پشووی ڕەسمی لە هەفتەیەکدا، هەندێ لە ڕۆژنامەکان دەرناچن و ناچنە بەردەم خوێنەر، کەواتە بەم جۆرە چۆن دەتوانن هاودەمە ئازیزەی خەڵك و خوێنەران بن؟!

***لە گۆشەی (گوزارشت)، لە لاپەڕە ٣٦ی ژمارە ١٦ی ئاداری ٢٠٠٨ی گۆڤاری (زنار)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕاگەیاندنی تایبەتمەند

دنیای ئەمڕۆ، وێڕای پێشکەوتنە خێراکانی لە بواری زانست و تەکنەلۆژیادا، بە جیهانی هەنگاونان بەرەو پسپۆڕی و تایبەتمەندبوون ناسراوە، بەو واتایەی پەرشوبڵاوییەکان لە هەموو لایەنە جیاوازەکاندا چڕدەبنەوە و لەبری دیاریکردنی کۆمەڵێك خاڵ و بازنە، لە تەنها بازنەیەکدا کۆدەبنەوە و لە تەنها خاڵێکدا بەرەو قوڵبوونەوە دەچن.

ئەگەر جاران مرۆڤ ئارەزووی لە فرە بواری کردبێت، ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە دەخوازێت لە تەنها بوارێکدا قاڵ ببێتەوە و هەوڵی بەدەستهێنانی داتا و زانیاریی پێویست لە بارەیەوە بدات.

بواری میدیا و ڕۆژنامەنووسیش وەکو بواری زیندووی ژیانی کۆمەڵگە بەتایبەتمەندبوون و پسپۆڕی دەتوانێت زیاتر ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و ببێتە ئەو (کەناڵ)ەی تێیدا (نێرەر) باشتر (پەیام)ەکانی خۆی ئاراستەی (وەرگر) بکات و چاوەڕێی (کاریگەری)ی زۆریشی لێ بکات.

بەڵێ، ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، کەناڵێکی تایبەتە بە بوارێکی تایبەت، یان چینوتوێژێکی تایبەتی کۆمەڵگە، پەیامەکانیشی فۆرمێکی تایبەتی پسپۆڕییان لە ناوەرۆك و زماندا هەیە و تەنها وەرگری تایبەتیش دەتوانێت لێیان سوودمەند بێت.

هەندێ لە شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن بڕوایان وایە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆژنامە بە شێوەی هاوچەرخ لە ڕۆژنامەی تایبەتمەندەوە بووە، بۆ ئەمەش نموونەی ئەو بڵاوکراوانەی ئیمپراتۆر و پادشا و قەیسەرەکان دەهێننەوە، کە تایبەت بوون بە هەواڵی کۆشکەکانیان و هەواڵی بازرگانی و

ئاگاداری و بڕیارەکانیان و کەمتر توخنی پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەکانیان دەکەوتن و ناوەرۆکێکی تایبەتیان هەبوو.

لەو دەسپێکەوە، ئەگەر لە ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بدوێین لە واقیعی خۆماندا، ڕەنگە کەمێك نیگەرانی دامان بگرێت، ئەمەش بە هۆی کەمتر ئاوڕدانەوە لەو لایەنە گرنگە و بەهەند وەرنەگرتنی، یاخود بە هۆی کاریگەرییە جیاوازەکانی سیاسی و ئابووری و ڕاگەیاندن بە گشتییەوە، نەتوانراوە ئەم بوارەش بە تەواوی بخەملێت و مانای تەواوی خۆی وەربگرێت.

سەرباری ئەوەی ئەم مۆدێلەی کاری ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا مێژوویەکی ئەوەندە درێژی نییە، ئەوەی کە هەیشە نەیتوانیوە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت، بۆ نموونە لە ڕادیۆیەکدا لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەرنامەیەکی تایبەت بە بوارێك هەیە، کەچی تاڕادەیەکی زۆر پڕکردنەوەی کاتە، نەك قوڵبوونەوە بۆ ناو بوارەکە و دۆزینەوەی ئاسۆی نویێ!.

بڵاوکراوە، یان ڕۆژنامەیەك تایبەت بە یەکێك لە چینوتوێژە جیاوازەکانە، بەڵام کەمترین ڕووبەری بۆ چین، یان توێژەکەی خۆیەتی و زیاتر لە بەرگی ڕۆژنامەیەکی گشتیدا دەردەکەوێت!. ئەمە جگە لەوەی زۆر لە ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن سەنتەر و گروپ و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تایبەتی خۆیانەوە دەردەکرێن، ئەوەندەی بۆ کاری ڕێکخراوبوون و ڕاکێشانی ئەندامە (کە ئەمەش مافی ڕەوای خۆیانە)، بەقەد ئەوە بۆ تایبەتمەندکردنی ڕۆژنامەکە نییە!.

یەکێکی تر لە گرفتەکانی بەردەم تایبەتمەندبوون لە ڕاگەیاندنی کوردیدا بۆ نەبوونی پسپۆڕیی تەواو، یان ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند دەگەڕێتەوە، ئەمەش کاری ڕۆژنامەنووسان خۆیان و بەشەکانی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم قورستر دەکات بۆ پێگەیاندنی خوێندکارانیان لە پێناو هەنگاونان بەرەو تایبەتمەندبوون و دوورکەوتنەوە لە فرە بواری، چونکە

کارکردنی شەخسیی ڕۆژنامەنووسیش لەناو ڕۆژنامەیەکدا ڕۆڵی خۆی لە تایبەتمەندبوون دەبینێت، ئایا تا چەندە ئەو ڕۆژنامەنووسە لە تەنها بوارێکدا ڕاپۆرت، ڕێپۆرتاژ، چاوپێکەوتن...تاد ئەنجام دەدات؟!.

ئێستا سەرەتایەك لە ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لە واقیعی ئێمەدا دەرکەوتووە، لەوانە: لاپەڕە، یان پاشکۆ، یان بلاوکراوەی تایبەتی وەرزشی، تەندروستی، ئابووری، کەمئەندامان، هەمەڕەنگ، هونەر، ئەدەب، خوێندکاران، لاوان، ژنان، منداڵان...تاد. هەروا هەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنیش بە ئامانجی تایبەتمەندبوون هاتوونەتە کایەوە، وەك: پەروەردەیی، سپۆرت، ڤین. ئەمانەش بە شێوەیەکی گشتی هەنگاوێکی بەجێن لە ڕێگەی بەرەو تایبەتمەندکردنی ڕاگەیاندنی کوردی.

***لە گۆشەی (گوزارشت)، لاپەڕە ٣٧ی ژمارە ١٧ی نیسانی ٢٠٠٨ی گۆڤاری (زنار)دا بلاوکراوەتەوە.**

# ترس لە ڕەخنە..
# ترس لە ڕاستی وتن

## "که ترسایت مەیڵێ، که وتت مەترسه"

ڕەنگه ئەو دەستەواژەیەی سەرەوە یەکێك بێ لەو وته جوانانەی، زۆر به ڕوونی و سادەیی له هاوکێشەی نێوان ترس و وتندا خاڵێکی گەورەی خستبێته سەر پیتەکان. ئاخر ترس لەودیو مەغزا سایکۆلۆژییەکەیەوە، دیوەکەی تری جورئەته، که بەشێکی هەڵوێستی مرۆڤەکان پێکدێنێت.

دەمێکه وتراوە، هەموو کەسێ بوێر نییه و جورئەتیش نابێته هاوەڵی هەموو کەس! کەسانێك هەمیشه لەودیو دەرگا و له پاشملەدا خاوەنی قسەی زل و بێ کردارن، بەڵام له زەمینی واقیع و له ساتەوەختی وتنی ڕاستی و له بەردەم مایکرۆفۆن و لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا تەنانەت جورئەتی ڕووبەڕووبوونەوەیشیان نییه!

گەورەیی نییه بۆ مرۆڤ له بەردەمتدا خۆی بکاته فریشته و جەسارەت نەکات وردە ڕەخنەیەکیشت ڕووبەڕووبکاتەوە، بەڵام دوور له چاو و زمانی تۆ سنورە ئێتیکییەکان ببەزێنێ و ئەوەی به دەمی نەهاتبێت بیڵێت، ئەو تۆمەتەی چاوەڕێی نەکەیت بۆت هەڵبەستێت، بەڵکو مرۆڤ ئەوکاته مەزنه هەمیشه ڕووبەڕوو چی هەیه بیڵێت و نەترسێت، چونکه که ترسایت، نەیڵێت باشترە.

ئەمه له لایەك، له لایەکی ترەوە، بۆچی دەبێت هەمیشه به پاساوی بێ بنەما ڕێ له ڕەخنەی تەندروست بگرین، قبووڵی ئەوە نەکەین یەکێك بێت و خۆمان، ئەدامان، ئاراسته و بۆچوونمان، ئەو سیستمەی بڕوامان پێیەتی، بخاته ژێر ڕەخنەوە؟! دەزانن برادەرینه هیچمان له سەروو ڕەخنەوە نین؟

هیچمان موقەدەس نین؟ هیچمان بێهەڵە و پێرفێکت نین؟ ئیّ کەواتە، کە ڕەخنەیەکمان ئاراستە دەکرێت، مادام خۆمان جورئەتی ئەوەمان نییە، با بە بیانوی بنەماوە بێنرخی نەکەین، یان لای خۆی نەڵێین "منیش هاوڕاتم، بەڵام لەبەر مەوقیعەکەم ناتوانم ئەوە بڵێم"، کەچی لەملاولا بڵێین "مادام ئەو برادەرە موچەی لەو شوێنە هەیە، نەدەبوا ڕەخنەی لیّ بگرێت"!

ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوە، سەرباری ئەوەی دژبەیەکیی زۆری تێدایە و دووفاقیەتیی خاوەنەکەی دەگەیەنێت (دووفاقیەتی وەك ئەو سروشتە دیارەی کەسیەتیی تاکی عیراقی، کە کۆمەڵناسی گەورە د.عەلی وەردی زۆر جوان باسیّ لێوە کردووە)، هەروا ئەوە ئێتیکی کۆمەڵایەتییە پێمان دەڵێت "ئەوەی پاشملە لای تۆ باسی ئەوی تری کرد، هەر پاشملەیش لای ئەوی تر باسی تۆ دەکات". بەڵام ئەوەی کەمیّ دڵخۆشم دەکات، هەڵوێستی جوامێرانەی هەندیّ کەسی ترە، دواجاریش مرۆڤ لە دەرەوەی هەڵوێستەکانی چیتر نییە!

هەر چیرۆکی ئەو دوو ڕستەیە، لە نوکتەیەکی بێتام دەچێت، چونکە ئەو برادەرە بەڕێزە پێی وایە، ئەوەی ڕەخنەی لیّ گرتیت و ئاوێنەئاسا خەوش و کەموکوڕییەکانی پیشانی خۆت دایەوە، تاکو زەحمەت بکێشیت و خۆت چاك بکەیت، ئەوە دوژمن و نەیارتە! لە کاتێکدا تەواو پێچەوانەکەی ڕاستە.

چونکە خۆم هەم ڕۆژنامەنووسم و هەمیش مامۆستای زانکۆم لە بواری میدیادا، بۆیە باوەڕی پتەوم بە هێزی میدیا و ڕۆژنامەنووسی هەیە و هەرکاتیّ خەوش و کەموکوڕییەك ببینم و ڕەخنەکردنی بە پێویست بزانم، لە چوارچێوەی ئێتیك و یاسای ڕاگەیاندندا، بیّ هیچ ترس و سڵکردنەوەیەك، لە هیچ دەزگا و کەس و لایەنێك، بە دەنگ و ناو و قەڵەمی خۆم دەنووسم و ڕەخنە دەگرم.

بۆ گلەیی لە هەندیّ لە سیاسییەکانمان بکەین کاتیّ ڕەخنەیان لیّ دەگرین و خەوشەکانیان ئاشکرادەکەین، دەکەونە تۆمەتبەخشینەوە، لەبری

خۆچاککردن، یان هەر هیچ نەبێت وەڵامی لۆژیکی، پەنا دەبەنە بەر شێوازی نامەدەنی؟ بە نیگەرانییەکی قووڵەوە، هەندێ لە کەسانی نێو ناوەندە ئەکادیمییەکان، ئەگەر لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیشدا هەڵەکانیان بۆ ڕاست بکەیتەوە، خراپتر لە سیاسییەکان بیردەکەنەوە و ڕەفتار دەکەن.

***لە گۆشەی (مانشێت)، لە دوالاپەڕەی ژمارە ٢٨٨ی ڕۆژی دووشەممەی ٢٠١٠/٨/٢٣ی ڕۆژنامەی (چاودێر)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕۆژنامە و
# نەریتی خوێندنەوە لای ئێمە

"ڕۆژنامەی کرۆنەسەیتونگ **Kronezeitung**، کە تیراژەکەی دەگاتە زیاتر لە دوو ملیۆن، بە ئاماری نوێ لە سەدا حەفتاودووی ئەو دوو ملیۆنە دەفرۆشرێ، کە بە ڕێژەی دانیشتووان لە جیهاندا یەکێکە لە پڕفرۆشترین ڕۆژنامە، واتە هیچ ڕۆژنامەیەك لە دنیادا هێندەی ئەو ڕۆژنامەیە خوێنەری نییە."

ئەمەی سەرەوە وەڵامی ئەکادیمیستێکی بواری میدیا و کەمیونیکەیشن بوو، کە لە وڵاتی نەمسا سەرقاڵی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵایە، لە دیدارێکی ڕۆژنامەنووسیدا بۆ ڕۆژنامەی (چاودێر) و لە وەڵامی پرسیارێکمدا سەبارەت بە تیراژی پڕفرۆشترین ڕۆژنامەی ئەو وڵاتە، ئاوای وت.

هێنانەوەی ئەم قسەیەی سەرەوە لەم گۆشەیەدا بە ڕێکەوت نییە، هەروەك زانیارییەکی تازەش نییە دەربارەی میدیا لە ئەورووپا و ئەمەریکا و دنیای پێشکەوتوو، ئەوەندەی زەنگێکی ئاگادارکەرەوە و پێشاندانی واقیعێکی جوانە، تاکو هەر هیچ نەبێت لە باری بەراوردکاریدا واقیعی تاڵ و کوشندەی باری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی خۆمانمان بەرچاو بکەوێتەوە، واقیعێك پێمان دەڵێت لە ڕێژەی دانیشتووانی پتر لە چوار ملیۆن کەسی هەرێمی کوردستان، بەرزترین تیراژی ڕۆژنامە (وەکو لەسەر ڕۆژنامەکە دەنووسرێت) تەنها بیست هەزار و شتێکە!

ئەمە وامان لێ دەکات لێرەدا هەڵوەستەیەك بکەین و بە دوای هۆکاری نزمیی تیراژی ڕۆژنامەکانمان (لێرەدا ڕۆژنامە وەکو مانای میدیای نووسراو بە شێوەیەکی گشتی بەکاردێنم) بگەڕێین، یان بە مانایەکی دیکە پرسیار لە کەمیی ڕێژەی خوێنەری ڕۆژنامەکانمان بکەین، یاخود وێڵی دوای وەڵامی ئەو پرسیارە بین، کە دەڵێت: بۆچی لای ئێمە (خوێندنەوە) نەبووەتە نەریت؟! بە تایبەت ئەمە لە کاتێکدا لە زۆربەی بۆنەکاندا لە بەرامبەر نزمیی ڕێژەی تیراژی ڕۆژنامەکانمان بە نەریتنەبوونی خوێندنەوە دەکرێتە هۆکاری سەرەکی.

کەوایە، ئێمە لێرەوە بە دوای هۆکارەکانی ئەودیو ئەو واقیعەدا دەگەڕێین، کە کاریگەریی بەسەر ئەوەوە هەیە خوێندنەوەی ڕۆژنامەی لای ئێمە نەکردووەتە نەریت.

بەر لە هەر شت دەبێ ئاگامان لە ڕاستییەکی مێژوویی بێت، کە لە مۆدێلی ڕۆژنامەنووسیی بەعسەوە بە مۆدێلی ڕۆژنامەنووسیی دوای ڕاپەڕینمان دەگەیەنێت.

کاتێکیش باس دێتە سەر بەعس و تەماشاکردنی بەعس بۆ ڕۆژنامەنووسان و کاری ڕۆژنامەنووسی، ناکرێ خۆمان لەو ڕاستییە ببوێرین، کە ئەو ڕژێم و فەلسەفەیە هەمیشە لە سەر دوو هێڵی سەرەکی کاری کردووە، یان ڕۆژنامەنووسان و هەڵسوڕاوانی ئەو بوارەی کردووەتە نۆکەر و زوڕناژەن و ئەڵقەلەگوێی خۆی، یان ئەوەتا ئازاری داون و کوشتوونی و دەمکوتی کردوون.

ئیتر گواستنەوە لەو مۆدێل و قۆناغەوە بۆ مۆدێل و قۆناغێکی نوێتر، بە دڵنیاییەوە کاریگەریی لەسەر کایەکە لە ناوەوە و دەرەوەی خۆی جێدەهێڵێت، لە پێش هەمووشیانەوە هیچ نەبێت وەکو زەمەنیش زۆری دەوێت، تاکو چاوی خوێنەر بە مەتریاڵ و کەرەستەی نوێی ڕۆژنامەنووسی ئاشنا دەکەیت.

هەروەك دەكرێ زۆر خاڵی تر بووبێتنە هۆی ئەوەی تا ئێستا وەكو پێویست و بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانی هەرێم، خوێنەرمان زۆر كەم بێت و خوێندنەوەی ڕۆژنامە نەبووبێتە نەریت لامان، لەوانەش: نەبوونی شەفافیەت و كراوەنەبوونی دەرگای سەرچاوەكانی هەواڵ و زانیاری، لەیەك جیانەكرانەوەی سێ دەسەڵاتەكە و نەبوونی میدیا بە دەسەڵاتی چوارەم و چاودێر بەسەر دەسەڵاتەكانەوە، یاسای داخراو و ناتەندروستیی كاری ڕۆژنامەنووسی، ڕەچاونەكردنی ئێتیك، لاوازیی هۆشیاریی مەعریفی و گشتی و درككردن بە ڕۆڵی میدیا، خراپیی دابەشكردن و شوێنی فرۆشتن و گەیشتنی بە دەست خوێنەر، ناپرۆفیشناڵیەتی لە كار و لەبەرچاونەگرتنی تایبەتمەندیەتی، یان نەبوونی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، دروستنەبوونی متمانەی خوێنەر بە هەواڵ و زانیاریی نێو ڕۆژنامەكان و...تاد.

***لە گۆشەی (گوزارشت)، لە لاپەڕە ٣٤ی ژمارە ٩ی ئابی ٢٠٠٨ی گۆڤاری (زنار)دا بڵاوكراوەتەوە.**

# پەیامنێر و
# کاری پەیامنێری

بەو پێیەی میدیا، پەیوەندیی بە هەموو لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە هەیە و هەوڵدەدات ڕووناکی بخاتە سەر دیوە تاریکەکان و هەموو سیماکان بخاتەڕوو، بۆیە کارکردن تێیدا فرەڕەهەند دەبێت.

کاری پەیامنێری یەکێکە لە لایەنە دیار و پێویستەکانی پیشەی ڕۆژنامەنووسی و بە کۆڵەکەیەکی پتەوی ئەرکی هەواڵ و زانیاریگەیاندن دادەنرێت. بەشێکی گەورەی پێکهاتەی ڕۆژنامەنووسییە و سەرچاوەیەکی گرنگی بابەت و مەتریاڵە زیندووەکانیەتی.

کەواتە، پەیامنێر-یش ئەو ڕۆژنامەنووسە مەیدانییەیە، هەستیارترین و گرنگترین بەشی کاری میدیایی پێکدێنێت و وریا و بە ئاگا و هۆشیار، چاودێرێکی بەردەوامی ڕووداو و پێشهاتەکانە، کارەکتەرێکی ڕۆشنبیری بوارەکەی خۆیەتی، جگە لە کارەکەی خۆی، تاڕادەیەك لە بارەی بوارەکانی دیکەش زانیاریی هەیە، ئاگاداری بەند و بڕگە یاساییەکان بە گشتی و یاساکانی پەیوەست بە میدیا و ڕۆژنامەنووسی لە لایەك و پرەنسیپەکانی ئێتیکی کاری میدیاییە.

پرسیارەکە لێرەوەیە: بە گوێرەی ئەو پێناسانەی سەرەوە بۆ چەمکی کاری پەیامنێری و پەیامنێر، لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا شتێکمان بەو ناوانەوە هەیە ؟!

ئەمە گەوهەری ئەو بابەتەیە، کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە پێناو کارابوون و بەجێگەیاندنی تەواوەتی ئەرکی هەواڵ و زانیاریگەیاندندا پێویستە بیوروژێنێت و لەگەڵ خۆیدا گفتوگۆی بکات، چونکە گرفت و کەموکوڕی لەو لایەنەدا، گرفت و کەموکوڕیی گەورە بۆ تەواوی کایەکە دروستدەکات و

دووچاری بێمتمانەیی لای خوێنەر و نەبوونە چاودێر و نەڕۆیشتن لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و کێشەگەلی یاسایی و ئێتیکی دەکات.

کاتێ پەیامنێر لە شوێنی ڕووداوەکە و لە ساتەوەختی خۆیدا ئامادەنەبێت و گەرماوگەرم واقیعەکە بە ئەمانەتەوە و وەکو خۆی نەگوازێتەوە و وەڵامی هەموو پرسیارەکانی هەواڵ نەداتەوە و وێنەی نەگرێت و لە وەرگرتنی لێدووان و ڕا جیاوازە پەیوەندارەکاندا ڕەچاوی بابەتیبوون نەکات، بە دڵنیاییەوە ناتوانێت ببێتە ئەو کۆڵەکە گرنگەی دامەزراوە میدیاییەکەی، نەك بە پێچەوانەوە، وەك هەندێجار دەبینین، یان دەبیستین پەیامنێرەکە هەر لە شوێنی خۆیەوە، بە بێ چوونی بۆ شوێنی ڕووداوەکە، زانیارییەکان لە کەسی دیکە دەبیستێت و "لەسەر سیقە!" بۆ دەزگاکەی خۆی دەنێرێت، یان تەنها بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە لایەنە پەیوەندارەکانەوە دەکات و دەیکاتە هەواڵ.

لەگەڵ ئەوەی هەندێجار پەیامنێرەکان هەوڵ نادەن خۆیان بابەتەکانیان بە جوانی و ڕۆژنامەنووسییانە دابڕێژنەوە، بەڵکو تەنها زانیارییەکان بە دارِشتنێکی ناپرۆفێشناڵ و کوردییەکی زبر بۆ کەناڵەکەیان دەنێرن. هەروا بەکارهێنانی ناسنامەی کارەکەی بۆ کار و بەرژەوەندیی تایبەتی و ...تاد، کە هەریەکێك لەمانە کاریگەرییان بۆ سەر ناو و ناوبانگی خۆیان و دامەزراوە میدیاییەکەیان هەیە و بە ڕادەیەکی زۆر دایدەبەزێنێت.

***لە گۆشەی (گوزارشت) لە لاپەڕە ٣٦ی ژمارە ١٥ی شوباتی ٢٠٠٨ی گۆڤاری (زنار)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# دەربارەی
# گۆشەی تایبەتمەند

وەك ئەوەی بە گوێرەی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی وا کەوتووەتەوە و بەو ئاقارەدا ڕۆیشتووە و دواجاریش لە زانستی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیدا تیۆریزەکراوە، (گۆشە) یەکێکە لە ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکان، شوێنێکی تایبەتی ڕۆژنامە، یان گۆڤارەکە دەگرێت و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان ڕاکانی خۆیانی تێدا دەخەنەڕوو.

ئەمەی سەرەوە سەبارەت بە گۆشە گشتییەکان، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئاماژەیەکی کورتی پێ بدەین (گۆشەی تایبەتمەند)ە، تایبەتمەند لە ڕووی بابەتەوە، چونکە زۆرجار نووسەرێك گۆشەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بابەتەکانی هەمەڕەنگن و لە دەوری تەنها تەوەرێکدا ناخولێنەوە.

گۆشەی تایبەتمەند لە ڕۆژنامەنووسیی هاوچەرخ لە دنیادا، بە ژانرێکی زیندوو و جێبایەخی خوێنەر ئەژماردەکرێت.

خوێنەر ئاوێتەی گۆشەکە دەبێت و بەردەوام بە دوای ژمارەی نوێی بڵاوکراوەکەدا دەگەڕێت، ئەمەش ئەوکاتەی گۆشەکە لە بوارە تایبەتەکەی خۆیدا تینویەتیی خوێنەر بشکێنێت و وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی بێت، هەوڵ بدات بەردەوام لایەنە جیاواز و دیوە شاراوەکان پێشانی خوێنەر بدات.

ئەم جۆرە گۆشەیە، دەوڵەمەندە بە (داتا و زانیاریی زانستییانە، شیکردنەوەی پسپۆڕانە، ئەنجامگیریی بێلایەنانە). ئەمانە، هەرسێکیان بە یەکەوە دەبنە سێکوچکەی وەستانی گۆشەیەکی جیددی و خوێنراوە.

کاتێکیش گۆشەیەکی ڕۆژنامەنووسی خاڵی بێت لەم سێ بەشە گرنگەی پێکهێنەری گۆشەیەکی سەرکەوتوو، هەروا گۆشەنووس خاوەنی گۆشەنیگای

تایبەتی خۆی نەبێت لە بارەی بابەت و پرسەکان، ناکرێت بخرێتە خانەی گۆشەی تایبەتمەند-ەوە.

ئەوەی بە ڕۆژنامەنووسیی کوردیشەوە پەیوەستە، بەداخەوە تا ئەندازەیەکی کەم ئامادەگیی ئەم ژانرە بەو شێواز و ستایلە ئەکادیمییە دەبینرێت.

زۆربەی جار، گۆشەکان نووسینی سادەن، ئەویش تەنها بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و دانانی ناو و وێنە، یان دووبارەکردنەوەیەکی بێزارکەرانەی کۆمەڵێك بۆچوونی ترن، بێ هیچ ئیزافەیەکی دیکە و ڕایەکی شەخسی، یان تەنها دارِشتنێکی لاوازن و زانیاری و داتای پێویستییان تێدا نییە، یاخود کە داتاشیان تێدایە، لێکدانەوەی جیددییان بۆ نەکراوە، لەوەش سەیرتر بێ کۆتاییەکی سەرنجڕاکێش و ئەنجامگیریی وردن.

گۆشەی تایبەتمەند، پێویستە لە لایەن خەڵکی پسپۆڕ و تایبەتمەندەوە و بە بەرپرسیارانە بنووسرێت، چونکە خوێنەری تایبەتی هەیە، خوێنەری تایبەتیش بە نووسین و مەتریاڵی سادە ڕازینابێت.

منیش، لە سۆنگەی ئەو بڕوایانەم، بە حوکمی ئەوەی ئەم گۆشەیە (گوزارشت) وەکو گۆشەیەکی تایبەتمەند دەنووسم، بە هیوام ئەگەر وەکو هەوڵێکی سەرەتاییش بێت، ئەو ئامانجانەم پێکابێت.

***لە گۆشەی (گوزارشت)، لە لاپەڕە٣٧ی ژمارە ٢٢ی ئەیلولی ٢٠٠٨ی گۆڤاری (زنار)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# مافی زانین
# بۆ میدیاکاران

ئازادیی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری، بە یەکێك لە ئازادییە بنەڕەتییەکان و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ ئەژمار دەکرێت. وەك چۆن هەموو جاڕنامە و ڕێککەوتنە جیهانییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنی و سیاسییەکان دەقنووسیان کردووە و جێیان کردووەتەوە.

سەرباری ئەمەش، ئازادیی بەدەستهێنانی زانیاری، بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت و سیمایەکی دیاری بەرجەستەکردنییەتی.

لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا، مەودای ئازادیی دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری لە بەردەم ڕۆژنامەنووس و هاووڵاتییاندا بەرتەسککرایەوە، مانای غیابی دیموکراسی، یان کامڵنەبوونی پرۆسەی دیموکراسی دەگەیەنێت، بۆیە لە وڵاتانی دیموکراسدا بە ئاشکرا ددان بەو مافەدا نراوە و لە دەستووردا هاتووە و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، یان بە بەند و بڕگەی تایبەت لە یاسای میدیای ڕۆژنامەنووسیدا دەقنووسکراوە.

ڕەوشی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا و هاتنە ئارای ئۆپۆزسیۆن و کارابوونی پارلەمانی داهاتووی هەرێمەکە (هەروەك چاودێرانی سیاسی چاوەڕێی دەکەن)، گەڵاڵەکردنی یاسایەکی لەوجۆرەش دەخوازێت، کە شەفافبوون بەسەر دەسەڵاتەکاندا بسەپێنێت و مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ میدیاکاران فەراهەم بکات.

بە بڕوای من، داڕشتن و پەسەندکردنی یاسایەکی تایبەت بە مافی دەستکەوتنی زانیاری، دەبێت لە ئەولەویاتی کارەکانی پارلەمانی داهاتووی هەرێم بێت، چونکە تاوەکو زانیارییەکان لە میدیا بشاردرێنەوە و دەرگاکانی

سەرچاوەکانی زانیاری لە بەردەم ڕۆژنامەنووساندا داخراوبن، ناتوانین باس لە کۆمەڵگە و سیستمێکی دیموکراس بکەین، ئەمە جگە لەوەی، نەبوونی شەفافیەت، کاری پارلەمانتاری بەجێهێنانی ئەرکی چاودێرکاریی ئەو دەزگایەش ئیفلیج دەکات، بۆیە پێویستە پارلەمانتارانی ئەم خولەی هەرێم ئەم پرسە بەهەند وەربگرن و کاری جیددیی لەسەر بکەن.

***لە گۆشەی (مانشێت)، لە دوالاپەڕەی ژمارە ٢٣٩ی ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٩/٨/١٧ی ڕۆژنامەی (چاودێر)دا بڵاوکراوەتەوە.**

## رونكردنەوەیەكی پێویست

وێڕای سوپاسی زۆرم بۆ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، بەتایبەت برادەرانی پرۆژەی كتێب، پێمباشە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم، كە خۆم لەگەڵ بەشێكی شێوازی رێنوسی توێژینەوەو وتارەكانی دوتوێی ئەم كتێبە نیم بەمشێوەیەی ئێستای (بەتایبەت لەبابەتی دو واو، حەوتی ژێر - ر-ی سەرەتا، وشەی لێكدراو و...)، بەڵام دیارە هاوڕێیانم رێنوسی بابەتەكانییان لەگەڵ رێنوسی پەسەندكراوی خۆیاندا یەكخستوە، منیش رێزم لەستایلەكەی ئەوان گرتو قبوڵمكرد، بۆیە ئەم رونكردنەوەیەم بەپێویست زانی.

**هێرش**

## سوپاس و پێزانین

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەریەك لەم دۆست و هاوڕێیانە بکەم، کە بە جۆرێ لە جۆرەکان لە کۆکردنەوەی توێژینەوە و وتارەکانم و پاشان دووبارە چاپکردنەوەیان لە دووتوێی ئەم کتێبەدا هاوکارم بوون، بەڕێزان: ڕزگار فایەق، هۆگر حەمەساڵح، م. عەباس جومعە، م. نەجات ڕوستی، دانا فایەق، کامەران سوبحان، م. کارزان محەمەد، جیهاد جەلال، شوان محەمەد، سەردار محەمەد.

نموونەیان زۆر بێت

**هێرش**

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر:

- ڕۆژنامەی ئەهلی لە باشوری کوردستان- توێژینەوە- ٢٠٠٦
- میدیا و دەسەڵات- کۆدیدار- ٢٠٠٨
- ئازادیی ڕادەبڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا- ماستەرنامە- ٢٠٠٩
- دانپیانانی کوژراوێك- کۆچیرۆك- ٢٠١٢

## ئامادەی چاپن:

- ئەرکی چاودێرکاری لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا- تێزی دکتۆرا
- میدیا و ئێتیکی پیشە- نووسین و ئامادەکردن
- میتۆدی توێژینەوەی میدیایی- ئامادەکردن
- دیالۆگی ڕۆژنامەنووسی- ئامادەکردن